# دیوانی شیعر :

# بەرهەمی تەمەن بەرگی یەکەم

## ماموٚستا
## بەکرکانی هەمزەیی

ساڵـــــــــی ٢٠٠٦ ز - ٢٧٠٦ ك

**شـــــــــــــــــیعر**

**ناوی کتێب : بەرهەمی تەمەن بەرگی یەکەم**

**بابەت : هۆنراوە**

**نووسەر : بەکر ئەحمەد محەمەد**

**کۆمپیوتەر :**

**هەڵەچن :**

**چاپخانە :چاپەمەنی دیلان – سلێمانی**

**ســــــاڵی چاپ : ٢٠٠٦**

**تــــیــــراژ : ٥٠٠ وێنە**

**ژمارەی سپاردن :٧٠٣ ی ساڵی ٢٠٠٦ ی**

**چـــاپی دووەم**

**بـــەرگی یـــەکـــەم**

**نرخ ( ٦٠٠٠ )دینار**

**ژمارەی تەلەفون : ٠٧٧٠١٤٣٠٧٥٦ ........ ٠٧٥٠١٤٣٠٧٥٦**

# پێڕێست


| ز | ناوی هۆنراوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بەرگ | ١ |
| ٢ | ناسنامە | ٢ |
| ٣ | پێشکەش | ٩ |
| ٤ | پێشەکی | ١٠ |
| ٥ | ژیانی نوسەر | ١٤ |
| ٦ | بەهەمووکو رد | ١٦ |
| ٧ | بڕوا | ٢٠ |
| ٨ | ژیان قومار | ٢٣ |
| ٩ | کوردستانم | ٢٦ |
| ١٠ | بۆ ئافرەتان | ٣٤ |
| ١١ | نەورۆزی ١٩٨٨ | ٣٧ |
| ١٢ | من | ٤٢ |
| ١٣ | شەهید | ٣٨ |
| ١٤ | ئەسپی خەیاڵ | ٤٤ |
| ١٥ | بۆ خاڵۆزای ئەنفال کراوم | ٤٨ |
| ١٥ | بۆکاکەی فەلاح | ٥٧ |
| ١٧ | داگیر کەر | ٦١ |
| ١٨ | بۆ ئەنفالەکان و خەوی منالێك | ٦٥ |
| ١٩ | داری ئازادی | ٧١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | تەنها ئاواتم | ٧٤ |
| ٢١ | بۆ باوکم | ٧٧ |
| ٢٢ | من دەست لەملانی مەرگم | ٨٠ |
| ٢٣ | ئەگەر یاسا | ٨٥ |
| ٢٤ | خامە لەکوێوە | ٨٦ |
| ٢٤ | بۆ شەش لاو | ٩٢ |
| ٢٥ | دڵم پڕە | ٩٧ |
| ٢٦ | خەریکی چیم | ٩٩ |
| ٢٧ | بۆچی ئەڕۆن | ١٠١ |
| ٢٨ | بۆ کەرکوك | ١٠٣ |
| ٢٩ | چوار گوڵ | ١٠٧ |
| ٣٠ | دەنگ | ١١٠ |
| ٣١ | بەبۆنەی شەهید کردنی هەڵە بجەوە | ١١٣ |
| ٣٢ | ئەستێرەکان | ١٢٥ |
| ٣٣ | بۆشەهید سەعید سێتەلاّنی | ١٢٧ |
| ٣٤ | پرسیار | ١٣٦ |
| ٣٥ | زۆر لەمێژوە | ١٣٧ |
| ٣٦ | لایلایەی دایك | ١٤١ |
| ٣٧ | بۆسەرۆکی شارەوانی | ١٤٣ |
| ٣٨ | رووڕەشەکان | ١٤٥ |
| ٣٩ | بۆ سەدام عۆجەیی | ١٥٠ |
| ٤٠ | لێم تێبگەن | ١٥٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | بۆبرای کوردم لەقامیشلو | ١٥٨ |
| ٤٢ | وولآتی دەریایی نەوت | ١٦١ |
| ٤٣ | چاوی ئومێد | ١٦٦ |
| ٤٤ | وویستم چیدی نەنوسم | ١٧١ |
| ٤٥ | ماوەیەك لەتەمەن | ١٧٥ |
| ٤٦ | ناخی زۆردار | ١٧٩ |
| ٤٧ | هەولّدان | ١٨٣ |
| ٤٨ | دیسان نەورۆز | ١٨٤ |
| ٤٩ | بۆڕا پەڕینی ١٩٩١ | ١٨٥ |
| ٥٠ | بۆمستە شارەکان | ١٩١ |
| ٥١ | یادێ | ١٩٣ |
| ٥٢ | چی بنووسم | ١٩٥ |
| ٥٣ | دەیان سالّە | ١٩٧ |
| ٥٤ | خەم | ١٩٩ |
| ٥٥ | کوردێ | ٢٠٠ |
| ٥٦ | بۆچی ئەبێ | ٢٠٣ |
| ٥٧ | نەوت | ٢٠٥ |
| ٥٨ | کاسەلێس | ٢٠٩ |
| ٥٩ | چۆن نەگریەم | ٢١٢ |
| ٦٠ | یاخوا کوێربێ | ٢١٥ |
| ٦١ | مستەشارەکان | ٢١٧ |
| ٦٣ | سالّی ١٩٨٥ | ٢١٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٤ | پێشمەرگە | ٢٢١ |
| ٦٥ | برای کوردم | ٢٢٣ |
| ٦٧ | لەزیندانا | ٢٢٦ |
| ٦٨ | بۆهەندێ راوچی | ٢٢٨ |
| ٦٩ | شیوەنی دایکێك | ٢٣٢ |
| ٧٠ | نەورۆزی ١٩٩١ | ٢٣٤ |
| ٧١ | مانای نیشتمان | ٢٣٦ |
| ٧٢ | شەیداو خامە | ٢٣٨ |
| ٧٣ | جارێکیان بینیم بەچاوان | ٢٣٩ |
| ٧٤ | شەشە خشتەکی | ٢٤١ |
| ٧٥ | هەزاران | ٢٤٣ |
| ٧٦ | بۆشەهیدان | ٢٤٥ |
| ٧٧ | ئینتخاباتە | ٢٤٧ |
| ٧٨ | نیشتمان | ٢٥١ |
| ٧٩ | مەتەڵ | ٢٥٤ |
| ٨٠ | مەتەڵ | ٢٥٥ |
| ٨١ | مەتەڵ | ٢٥٦ |
| ٨٢ | بێبەڵێنی | ٢٥٧ |
| ٨٣ | وەسێتنامە | ٢٦٠ |
| ٨٤ | کوڕان و کچان | ٢٦٤ |
| ٨٥ | کەو | ٢٦٦ |
| ٨٦ | پارە | ٢٦٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٧ | خۆزگە | ٢٦٩ |
| ٨٨ | وەکالەت | ٢٧١ |
| ٨٩ | شیعر | ٢٧٣ |
| ٩٠ | هەژاریم | ٢٧٨ |
| ٩٢ | عەرەق و قومار | ٢٨٠ |
| ٩٣ | هەژارێکم | ٢٨٢ |
| ٩٤ | خەیالّ | ٢٨٤ |
| ٩٥ | بۆ سالّ ١٩٩٨ | ٢٨٨ |
| ٩٦ | یادی مەیی | ٢٨٩ |
| ٩٨ | پەندێ | ٣٩١ |
| ٩٩ | سەروەت | ٢٩٤ |
| ١٠٠ | ئەو | ٢٩٥ |
| ١٠١ | ئاخ سەرگەردانم | ٢٩٦ |
| ١٠٢ | ئەبینم | ٢٩٨ |
| ١٠٣ | دەستی قەدەر | ٣٠٠ |
| ١٠٤ | بیرهۆش | ٣٠١ |
| ١٠٥ | یاران | ٣٠٣ |
| ١٠٦ | سەیرە | ٣٠٥ |
| ١٠٧ | تاکەشیعرەکان | ٣٠٦ |
| ١٠٨ | مەلاو ئەفەنی | ٣٠٨ |
| ١٠٩ | یاڕەسولە اللە | ٣١٣ |
| ١١٠ | بۆ باوکم | ٣١٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١١ | بۆ شێخ عوسمان | ٣١٦ |
| ١١٢ | بۆکۆچی شێخ عوسمان | ٣١٨ |
| ١١٣ | بۆ زاخۆ | ٣٢٠ |
| ١١٤ | زمان | ٣٢١ |
| ١١٥ | وێنەکەت | ٣٢٢ |
| ١١٦ | دڵت | ٣٢٣ |
| ١١٧ | شەشە خشتەکی | ٣٢٥ |
| ١١٨ | دڵبەر | ٣٢٧ |
| ١١٩ | کەوی ناو قەفەز | ٣٢٨ |
| ١٢٠ | ئەبێ کێبێ | ٣٣٢ |
| ١٢١ | لەئەشقا | ٣٣٤ |
| ١٢٢ | پەروەردگارم | ٣٣٥ |
| ١٢٤ | بۆبرادەرێ | ٣٣٦ |
| ١٢٥ | شەوێ | ٣٣٨ |
| ١٢٦ | هۆنراەی بێنوختە | ٣٣٩ |
| ١٢٧ | هۆنراوەی یەك نوختە | ٣٤١ |
| ١٢٨ | هۆنراوەی دوونوختە | ٣٤٣ |
| ١٢٩ | هۆنراوەی سێ نوختە | ٣٤٥ |
| ١٣٠ | دەست لەجێی هین | ٣٤٧ |
| | کۆتاووتە بۆ چاپی دووەمی ئەم بەرهەمە | ٣٤٨ |
| | | |

# پێشکەشە بە :

١- بــەگیانی پــاکی ســەرجەم ئــەو کــەســانەی لــەرێگــەی ئــازادیــدا ، بــۆ نیشتمانەکەم شەهید بوون .

٢- بــەرۆحی پــاك وبــێ گــەردی بــاوکم کــە تــاکو لــە ژیانیــدا بــوو هاندەرم بووە ، بۆبەردەوام بوون لەنوسین

٣- بــەو نووســەرانەی کەنووســینەکانیان لــە پێناو میللــەتی کورد دایە، ئازاری میللەتەکەم بەهەموو دنیا دەگەیەنن

# پێشەکیی

مرۆڤی کورد لەنیشتمان و خاکی کوردستان دا کە وولاتێکی سرووشت جوان و دڵ ڕفێنە، چاوی بە دونیا هەڵهێناوە ، کاریگەری زۆری بووە لەسەر پێك هاتەودروست بوونی شاعیر و کارێکی بنچینەیی کردۆتە سەربیر و مێشك و خوێندنەوەی ڕاستی یەکان و دەربڕینی هەستی ناسك . سرووشت و جوانییەکان کۆڵەکەی دەربڕینی نیاز و خواستی شاعیر و مرۆڤن سروشت سەرچاوەی بیرێکی پاکە، هاوڕێ یە، گیانە،بۆ لەشەمادیەکەی مرۆڤی شاعیر خاوەنی کۆمەڵێك هەست و لێکدانەوەیە ، وتەکانی هەڵوێست دەربڕینێکەلەجیهانی ئارەزوو و هیواکانیا،ژیان دەگوزەرێنێ و بەردەوام لەبەربەرەکانی تاقیکردنەوەدایە. لەگەڵ ئەو ئاسۆیەی لەبەردەمیدابۆداهاتووی خۆی و دەوروپشتی ئەکێشی هەرلەو پێناوەشدا ئەنوسێ و ئەژی و ئازار ئەچێژێ .شیعر بەرهەمی مرۆڤێکی بەهرەداری بە ئەندێشەیە،کەبەهەست و جۆری ئازارەکانی تاقیکردنەوەکانی خۆی وەکو مرۆڤێکی ئەندامی ناو کۆمەڵگایەك لە دوتوێی چەند وشە و ڕستەیەکی پڕواتاو خەیاڵێکی فراوان تۆمارد ەکات،شیعر پەیوەندیەکی قوڵی هەیە بەهەست و ناخی کۆمەڵەوە .ئەدیب ئەو واقیعە دەنەخشێنی

کەتێیدا دەژی .شاعیری کورد وەك هەمووشاعیرێکی گەلانی چەوساوە چاوی بەکارەسات و ڕووداوە تاڵە سیاسیەکان پشکوتووە، لە پارچە زەوییەکی بەش کراو کەگۆرانی شیعری بۆ هەموومرۆڤایەتی چڕیووە لەگەڵ ئەوەشدا هەستی خوێندنەوەی، بۆ هەمووگەلێکی بەش خوراو ڕووبەڕووی .هەموو چەشنێك لە چەشنەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بووەتەوە ،شاعیر لە بەرژەوەندی کەسێتی خۆی پەڕاندۆتەوە بۆ بەرژەوەندی ڕاستەقینەی نیشتمانەکەی ، بەرگری کردن لەچارەنووس و دواڕۆژی گەلەکەی .شیعر وەك هونەرێك لای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جێگایەکی تایبەتی خۆی هەبووە ،شاعیرەکانیش وەك ڕێنیشاندەر و دووربینێك جەماوەریان جولاندوە و ووشیار کردۆتەوە .ئەو وەختەی شاعیر لەناو ئازار و ژان و کێشە و گرفتەکانی گەل دا بتوێتەوە ئەوکاتە دەبێتە پارچەیەك لەخەم و خەفەت و چەرمەسەری و چەوساوە یی، زۆر لێکراوەکانی گەلەکەی، ئالەم حاڵەتەدا شیعریش هۆیەکە بۆبنیات نان و پتەو کردنی باوەڕی مرۆڤ و گەشە پێدان و بزواندنی هەستی پاکی نەتەوایەتی شاعیرو نووسەری ئەم پەراوەی بەردەستت کەهونەری هۆنراوەبێژی لەئامێزە هەموو فاکتەرەکانی هونەر دۆستی و

**هونـــــەری هــــۆنراوە بێـــژی بـزوێنـــــەری بــــوون بـەهـاوخـــەمی گــرفـــت و نـاســــۆر و ئـــازارە کـانـــی گـــەل و نـیشتـــمان کەهـــــەوێنی هۆنراوەکانیــــەتی ، ســــۆز و خەیالّــــە، ڕەنگدانـــــەوەی کاریگــــەری یــــەکانن بــــە دەربــڕیـــــنی هەســــتێکی دەروونـــی لەخۆشـــترین ئـــاوازدا وێنەیــــەکی دەنـــگ داربـــن . دەبینیــــت جـــۆرە کــــانی شیعـــر هـــۆنــــراوە و هـــەڵبـــەستەکانی پێــك هێنـــاوە وەك شـــیعری ﴿نەتــــەوەیی ، نیشــتمانی ، ئــــاینی ، ســـتایش ( مــــەدح ) ، دڵـــــــداری، لاوانــــەوە ، وەســــف ( دلێـــــری )، شــــانازی ( پیـــا هەڵــــدان )﴾ شــــیعری پەنـــد و ئامۆژگــــاری شــــیعری سیاســـی و کۆمەلاّیــەتی . بـــەڕادەی توانـــاو پـــەی پـــێ بردنـــی لـــەم ڕوانگانـــەوە چـــووەتە ناوجیهــــانی ئــــەدەب و هـــونــــەری هــــۆنراوە بێژییـــەوە ، هەڵبەســـتی واتــــادارو ڕەنگینــــی داڕشــــتووە کـــە ســـەرەتا بــــە شــیعری ئـــازاد( حوڕ ) دەســـت پێـــدەکات و پاشــــان شـــیعری کلاســیکی ( ڕەســـەن ) دواتـــریش بەهەڵبەســـتی چـــوارینە پەنــد و ئامۆژگـــاری یـــەکانی خـــۆی دەگەیەنێـــــت بەخوێنـــــەر لەگـــەڵ ئـــەوەش جیهـــــانی منــــدالاّنی فـــەرامۆش نـەکــــــردووە هــــــەڵبەستی خــــوازرا و لەئاســـت ژێــــری و ڕەچـــاوکردنی توانایـــــان بەئومێــــدی ســـوودوەرگـرتــــــن و ڕێنمــــایی چــینی منــدالاّن پێــك هاتەیــەکی تــری پــەرتووکی هونــەری هەڵبەســت ئـــامێزی بەردەســــتتە. ئــــــەم پــــەڕاوە یــــەکەم بـەرهــــەمی شاعـیـرە،یـەکــــەم بـەرهـەمیــــش بــێ کــــەم و کــــوڕی نـابێــــت**

**بــــەلاّم تـــوانـيويـــەتی ئـــەم قـــۆنـــاغـــــە سەرەتـــــای يــــە بــــبرێت بـــــەچاپ کردنــــی ئـــــەم بـــــەرهەمەی کەهونـــەری هەڵبەســـت بخاتـــــە ســــەر ئـــــەدەب و هونــــەری هــــۆنراوە بێـــژی ڕەســــەنی کـــوردی . جێگــــای دەستخۆشـــــی لێکــــــــردنە هـــــيوادارين ســـــەرکەوتووبێت ،تـــــوانيبێتی لـــــەم ديــــدگاوە مەڵۆيــــەك لەهونــــەری هەڵبەســــتی خســــتبێتە ســــەر خــــەرمانی کــــەلتوور و ئەدەبيــــــاتی کــــورد و هــــونــــەری هــــۆنراوە بێـــژی و دەوڵەمەند تربوونی ئەدەبياتی ڕەسـەنی کــــورد .**

**﴿ کمال شێخ عبدالرحمان شێخ اسماعيل ﴾**

**قەزای شارەزوور هەڵە بجەی تازە**

# نوسەر لە چەند دێڕکدا

نـــاوم ( بـــەکر ئەحمـــەد محەمـــەد کـــریم ) ناســـراوبە مامۆســـتا بـــەکر کـــانی هـــەمزەیی ، بنەماڵەکـــەمان بەبنەماڵـــەی ئەحمـــەد ئاغـــای کـــانی هـــەمزە بەناوبانگە،گونـــدی کـــانی هـــەمزە ،شـــەش تاحـــەوت کیلۆمـــەتر لەباشـــووری ڕۆژئـــاوای کۆمـــەڵگای زەڕایەنەوەیـــە هـــەر لەوگونـــدە لـــەدایـــك بـــووم لـــە( ١٩٦٥/٢/١ )،خـوێـنـــدنی ســـەرەتایم لەگونـــدی ناوبـــراو تـــەواو کـــردوە بۆخوێنـــدنی قۆنـــاغی ناوەنـــدی ڕووم لـــە خوێنـــدنگاکانی ناوەنـــدی زەڕایـــەن و عەربـــەت کـــردوە لەســـاڵی ( ١٩٨٦-١٩٨٧ ) خانـــەی مامـوستـــایـــانی سـلـێمـانـیـــم تـــەواو کـــردوە،لەساڵی ( ١٩٩٢ ) خێـــزانم پێکـــەوەناوە، لـــە ( ١٩٩٣/٦/٢٩ ) دامـــەزراوم وەك مامۆســـتا ، لەســـاڵی ( ١٩٩٧ ) وەك بەڕێوەبـــەری قوتا بخانـــە لەقوتا بخانـــەی ( کـــانی میـــل )ی ســـەرەتایی بـــەردەوامم لەخزمـــەت کردن، خـــاوەنی پێـــنج منـــداڵم بـــەناوەکانی ( زاخـــۆ،زانکۆ ، زانســـت، سەربەســـت، میرشـــاد ) تـــاکو نـــووسینی ئـــەم چەنـــد دێـــڕە بـــەکاری مامۆســـتای یـــەوە خـــەریکم، زۆرپێخـــۆش حـــاڵم بەکارەکـــەم چـــونکە ئـــەتوانم لەڕێگـــەی مامۆســـتایەتی خزمـــەت بـــەگەلەکەم بکـــەم . زۆر شـانـــازی بـــەکـــوردو نەتەوەکەمـــەوە دەکـــەم بەباشـــترین

**نەتـــــەوەی ســــــەرگۆی زەوی دایدەنێـــــم ، هیـــــــوادارم مەینەتیــــــەکان ڕوولەبنەبڕکردن بن لەسەرگەلی کورد .**

**شـــانــازی دەکـــەم کـــە کوردم خوابە کوردی هێنامیە دنیاوە**

**لە پێناوی بەرزی گەلما ئەی بەخشم ئەوەی خوا بەمنی داوە**

**سەودایەکەلەگەڵ خاکی دایك وکوردستانی بـاوکمـا دەیـکـــەم**

**هەرچەند هەندێ کەس،دەڵێن بـاوی ئـەم قسـانە نـەمـاوە**

**مامۆستا بەکر کانی هەمزەیی**

**٢٠٠٦/٦/١٠**

# بە هەموو کورد

بەهەموو کورد، هەوڵمانـــدا..؟
شەو نخونی و دەربەدەری و
زولـمـمـان چـێـــژا ؟؟
دارێـــکـــمـان نـــا .. ؟
بە نینۆکی ئە ئەم کــــوردە
زەوی ئـەم دارەمان کێلا..؟
بەهەموو هێزی ئەم کوردە
ڕەگی ئەودارەمان چەقان ؟
بەخوێنی گەشی ئەم کوردە
ئاومان ئەدا و ئەمان لاوان
هەتاکو دار پەل و پۆی کرد...؟
پەلی هاویشت درشت و وورد
چەندەها ناوی پیا گوترا
تاکـو نـاوی بـۆ دانـرا
نـاوێ نـەبوو شـایستەبـێ
بـۆ گـەردنـی ئەو دارە شێ
ئـەو نـــاوەی بـــۆی دانـرا
داری ئـــازادی پـــێ وتـــرا ؟؟
**

بـە هـەمـــوو کـــورد....؟
بـە هـەژار و بـە دەوڵـەمەند

## شاباشیان بۆ هەڵئەکرد

خوێنی کۆرپەی نازداریان
بۆ ئاودانی ئەو دارە برد..!
هەندێ جاریش
خوێنی پیر ، لەگەڵ ژنیش !
منداڵی ورد و خرپنیش !
کچی شۆخ و بەشەرمنیش !
کوڕی ئازا و بە هەڵمەتیش !
خوێنیان لەبن ئەو دارە کرد
سەرچۆپی مەرگیان لەبن گرت
بۆ ئاودانی ئە ئەو دارە
خوڵکی مەرگ و
شەڕی داگیر کەرانیان کرد
لە دواچرکەی ژینی پیرۆز
گشت ئەیان گوت:
بمرێ دوژمن ، هەربژی کورد

**

بە هەموو کورد!!
لەم وولاتی ڕێیەندانە
ئامادە بوون
کەوا مەردبن ، نەوەك زەبوون
بۆیە لەژێر قەمچی زۆردار
لەژێر کێبلّ ووتو و ئازار

**لـەژێـر ناپاڵم و خەردەل !!**

**لـە ژێر پەتـی ملا و هاوار**
**داریـان سـەوز کـرد**
**بـۆ نەوەی داهاتووی کورد**
**دار سەوز بوو ..! گـەلاّی بووپان**
**وەکو هەنار گوڵی سوور بوو**
**وەکـو چـواله بـەری گرت**
**وەکو گوێـز بـالاّی بەرزکرد..!**
**وەکـو بـەڕو سێبـەری کرد**
**هەزاران کۆتـری ئاشتـی ..!!**
**بانگەوازی ئاشتـی ئەکرد**
**هەزاران بول بولـی ژیان**
**بەقەد دارۆ هێلانەی کـرد**
**دار بـێ زمان هاتە زمان**
**بەدەنگی بەرز هاواری کرد!**
**بـژی خوێنی شەهیدەکان**
**بمرێ نۆکـەر و ڕوو ڕەشـان**

**

**بـە هـە مـوو کـورد...!**
**پـاسـی ئە ئەو دارەی ئەکرد**
**بـەلاّم ڕاوچـیـان و دوژمـن**
**زۆر بـەفـێـڵ و نـامـەردانـە**
**ڕاوی کۆتری ئـاشتیـان کرد**

**هێلانەی بولبول یان ڕووخان**
**تــۆوی پــیســـی بــرا کوژییان .. ؟؟**
**لـــەکێڵگەی دەوری دارا چاند**
**ئێستاش هەموو میللەتی کورد**
**درشـــــــت و وورد**
**دەم بــــە دووعــــا و نزاکردن**
**بــۆووشـــك نەبوونی دار**
**هەوڵدانە و دەست ماچ کردن**
**پەنا بردن...؟**
**بۆ دڵی پڕ زووخاوی دایکی شەهید ؟؟**
**بۆ هەناسەی پڕ لە داخی باوکی شەهید ؟**
**بۆبەر قەرار بوونی ئاشتی**
**بۆ نەمانی ئازاری گەل**
**بۆووشك نەبوونی ئەو دارە**
**کە ئاواتی هەموو کوردێکی هەژارە**

**٢٥ /٣/ ١٩٩٧ زەڕایین**

# بـــــــــــــــــڕوا

بڕوا وەکو لافاوێکە و...
بەرە و سەر لوتکەی ئارەزوو
ملی ئامانجی دەروون پێچ هەڵئەدا
هەندێ جاریش ئەو بڕوایە
خوڵکی مەرگت ئەکا بۆ گیان
لە گوێی گۆڕی گیانی پیرۆز
هەل هەلە و سەرچۆپی ئەگرێ
بۆ پێشوازی لەمەرگی گیان
خۆ بائەداو خۆی بائەدا ....!!

*   *

بڕوا لەگیان پیرۆز ترە
لەهەستی دڵ بەهێز ترە
چەپك چەپك گشت حەزەکان
گرێ ئەدات لەگەڵ ژیان
گیانی بەناز پەروەردە
لەڕێ ی خۆی ئەکا بەقوربان
وەکو منداڵێکی برسی
هەرچی بکەی دەم بەگریان
بۆگەیشتن بەمەبەست

**بزوێنەرتە بەبێ ووچان**

**ئەمن دەڵێم:**

**بڕوا ئەمەند بەهێز نەبێ**

**لەگەڵ خوێنا تێکەڵ نەبێ**

**ڕۆژێ چەند جار**

**لەگەڵ سوڕی خوێن نەسوڕێ**

**هەزاران و دەیان هەزار**

**تانەو تەشەری لێ بدرێ**

**بەهیچ جۆرێ گوێ پێ نەدا**

**بەرە و لوتکەی مەبەستەکان**

**خۆی هەڵبدا و چاك مل بنێ**

**نەك ، گیان و ... ئازاری ژین**

**ئەوەی نەکرێ.....**

**پێ ی بکرێ و پێی بووترێ**

* *

**بڕوا .....**

**هەروا گاڵتە نی یە**

**ئەمرۆ و سبەینێ بێ و بەس**

**بێ هیوا بێ و**

**تەسلیم دەستی چارەنووس بێ**

**بڕوا ، لە ناکا و دا لەدەس**

**هەر بڕوایە هیوا و مەبەس ،ئەداتە دەس**

**کێ ئەتوانێ خاوەن بڕوا**

**لە هەڵدێری مەبەستەکانی دوور بخا**

**لەڕێیاز و نیاز لادا**

**پەردەی ڕەشی نائومێدی**

**بەسەر خاوەن بڕوا بدا**

**ئەگەر کردی ،ئەگەر گۆڕا**

**ئەوە خاوەن بڕوا نی یە**

**بێ هەڵوێستە ......**

**کەسانێــکە بڕوای نی یە**

**( ١٩٩٧/٨/٢٥**

# ژیـــــان قوماره

لەم ووڵاتە پڕسامانە..!

ژین ....... و ژیـــــان

بۆچ قوماربێ ؟!

هەزاران کەس دڵیان شادو

سەدان هەزار دەردە داربێ.!

لەم ووڵاتی پڕ سامانە

ئەوەی خاوەن پارە نەبێ

ئەبێ دایم ئاوارەبێ

خاوەن پارەش

دڵی شاد و ئاسوودەبێ

ئەوەی مابێ

گرفتار و دەردە دارە !

تەنها هەر چینی هەژارە

هەر هەژارە برینداره

* *

لەم ووڵاتە پڕسامانە

یاسا تەڵەی جاڵجاڵۆیە

دەوری من ، من و تۆ ، تۆیە

تـاوان بـاری گەورە ئەڕوا

**بۆکەسێ پرسیاری ناکا ..؟**

**ئەزانم بۆ کەسێ ناڵێ**

**زۆر ئەترسێ**

**ئەو پەتە لەملی ئاڵێ**

**بەلاَم هەر لەم وولاَتەدا**

**بچوکەکان ئەگوشرێن..!**

**وەکو شەربەت**

**خوێنی یە گیرێ**

**دەستی یاسا ...**

**پڵنگ ئاسا**

**پەتی ڕێسا .....**

**لەملی هەژاری نا ....!**

**مار ئاسا خۆی بائەدا ..**

**هەتاکو هەژار ئەتاسا**

* *

**لەم وولاَتە پڕ سامانە**

**کەوا ژیان ئێش و ژانە**

**گەوورە و بچوک هەموو برسی**

**دایم خەریکی کڕنووشە**

**بۆدەستی بێگانە لێسی**

**نازانم بۆ.....؟**

**لەبەر کام هۆ.....؟!**

**بەرهەمی خۆم بەتکا بدرێتەوە**

**دایکی شەهید**

**شەهیدەکەی بیرچێتەوە**

**شادی کۆیلە .....!**

**ئازار ئازاد بکرێتەوە**

**ئـــەی خـــوادایـــــە**

**هەتاکو کەی دەروون پڕنەی**

**ژیان بۆکەی هەژار لەکوێ ی ؟**

**بانگی حەق کەی...!**

**زاڵم دەرکەی**

**(١٦/ ٨/١٩٩٨)**

# کوردستانـــــــــم

ئەی کوردی کورەی ئازارم
ئەی ووڵاتی ڕەنگ زەرد و لێو بەبارم
ووتمان : کرێوەی سەرمایی
زستانی زۆردار نەمێنێ
ووتمان: ڕەشەبای کیمایی و
تەرزەی گوللەی....
بەعسیەکان گەر نەمێنێ
ووتمان : بارانی تفی دەمی
فاشستەکان گەر نەمێنێ
ووتمان : شنەی بای ئازادی
شەهیدەکان هەڵ بسێنێ
ئیتر هەموو ئازاد دەبین
گەورە و بچوک دڵشاد دەبین
کورد ستانیش
شنەی هەوای ئازادی ئەیگرێ
پێشینان ڕاستی فەرمووە
لەهەموو هەورێ نابارێ

**

## کوردستانم

ئەی کوردی کورەی ئازارم

ووتمان : خۆری ئازادی هات

خەڵکی دەمی ئەکاتەوە

تف لێکراو .....

سەری نزمی تەواو بەرز ئەکاتەوە

کوڕ کوژراو...لە کونی ترسا

سەری خۆی بەرز ئەکاتەوە

کچی جوانی فەساد کراو..!

لەڕووی دێ دەمی کاتەوە

ئەوەی خراپەی پێکرا

ڕێزی لێ ئەگیرێتەوە

نەمان زانی ..! نەك هیچ ناکەن

ئەوەی بەعس بۆی نەکرا

تەواویەکەن..!

پێشینان ڕاستی فەرمووە:

ڕەحمەت لە کفن دز بکەن

**

# کوردستانم

ئەی کوردی کورەی ئازارم

دەی هەمووتان جوان سەیرکەن

هەموو کەس و کاری شەهید

چاك سەیر کەن

لە جیاتی دەم چاو کەونەوە

بیرکەنەوە هەرچی ئەکەن

نەکەن دەمتان بکرێتەوە

ئەوەی کاری خراپە بێ

خۆتانی لێ گێل و کەڕ کەن

باسی هەرچییەك ئەکەن

باسی خراپەمان مەکەن

هەڵمان بنێن

بۆ بە گژی یەکترا چوون

خۆی پێشینان ڕاستی فەرموو:

دۆستم ئەوەس ئەم گرێنێ

دوژمنم ئەوەس ئەم خەنێنێ

**

## کوردستانم

ئەی کوردی کورەی ئازارم

لەناسکترین کاتا هەستان !

ئێوە خوێنی بەعستان ڕژان !

ئێوە دادگاتان دانا

هەموو میللەت پێشمەرگە بوو !!

باوکی پیری شەهیدەکان

بوون بەحاکم

هەموو خاکی کوردستان

کرا بەهۆڵی دادگا

ئای چەند خۆش بوو ئەو دادگا

بۆ کەسیان بوو کە دەربچێ

چەند کەسێکی کەمیان نەبێ

هەر لاشە بوو لەبەردەسا

بەوێنەی کەلاك ئە ئاوسا

بۆ بیر ئەچێت ...!

لە مێژووی فاشستانا

کەداد گای هەموو تاوان باران کرا

ئەڵقە لەگوێ و ..

سیخوڕانی چۆن سەربڕا !!

**خۆی پێشینان ڕاستی فەرموو:**

**برا گرتی پشتی برا ...**

**مەگەر موقەدەر لای خودا ...**

* *

## کوردستانم

**ئەی کوردی کورەی ئازارم**

**ئێستا ئێوە ئەو میللەتەن**

**هەر ئەو خاکەو هەرئەو گەلەن**

**ئەوەی نامان گولّ دەنەر نەچوو..!**

**ئەوەی کردمان وەها نەبوو..!**

**ئەوەی ووتمان درۆمان کرد!**

**کە هەموو ئەمان گوت :**

**تەنها بۆکورد**

**خۆ پێشینان ڕاستی فەرموو..**

**بەجارێ مالّی وێرانم**

**ئەمیشیان چوو...**

**ئەویشمان چوو..**

# کوردستانم

ئەی کوردی کورەی ئازارم

خەتا بارین

لەبەردەم پەڕەی نوێ ی مێژوو

خۆ کەڕ ئەکەین و نوستوو

قەدری شەهیدمان نەزانی !

دزی کرا دەنگمان نەکرد !

خەڵك کوژرا دەنگمان نەکرد !

شۆفلۆ و تەل هەردوو فڕین ...!

دەنگمان نەکرد ..!

گەندە شەڕی زۆرکرا.....دەنگمان نەکرد

سەروەتی کورد هەموو خورا

دەنگمان نەکرد

وا کوردستان کاول کرا بۆ دەنگ ناکەین

بەقوربانی ((من)) ،((من)) ئەکرێ

بۆ دەنگ ناکەین

پێشینان ڕاستی فەرمووە:

دیزە ، کابانوو شکاندی دەنگی نایە !

## کوردستانم

ئەی کوردی کورەی ئازارم

ئەگەر بەعس

ئەم کردەوانەی کردایە

هەموو ئەمان کرد، بەهەڵلاّ..؟

بەخوا سەروەتمان چاك برا ؟؟

کورە سەیر کەن شۆفڵ نەما

بۆ کشتوکاڵ

بۆ جوتیاران بۆ بنیاتنان

گەلاّبە و مەکینە نەما

بۆ ڕۆشنایی ....

تەلی کارەباکان نەما

ئەی بۆ ئێستا هەلاّ ناکەن

پێشینان ڕاستی فەرمووە:

دوو موسڵمان ....

لەسەر ماڵی جولەکەیەك وا شەڕدەکەن

## کوردستانم

ئەی کوردی کورەی ئازارم
پێم نالّێن بۆ وا ئەکەن ؟
خۆ تەسلیمی چارە نوس و
بەختی هات و نەهات ئەکەن
ئەزانم بۆ ؟
زۆر هەقتانە
ئەترسن گەر شۆڕشێ تر کرایەوە
سەرکەوت و ئەمیش توایەوە
گسك بدا لەوەی ماوە
خۆزگە بەم و بەعسی بخۆنەوە ..
شۆڕشێ تر
بۆ شۆڕشی شۆڕش کوژ
بەرز کاتەوە
خۆ پێشینان ڕاستی فەرمووە:
شوێن کلاّوی با برد و مەکەوە

١٩/٦/ ١٩٩٥ زەڕایین

# «بۆ ئـــــــــافرەتان»

ئافرەتان ئێوەن مۆمی تەمەنن

ئێوەن کەنیوەی کۆمەڵن

ئێوەن دایکی گشت قەڵغانیٚ

لەڕووی قەزای نیشتمانا

زۆر بە ڕێزن

بەلاٚم لە کۆمەڵی بیٚ کۆمەڵدا

زۆر بیٚ هێزن..؟

جەراعەتی ویژدانی

بیٚ ویژدانەکانی کۆمەڵ

لە شاڕێگەی ژیانتانا

بنە تۆ و ....؟

ژن بەژنتان پیٚ دەکەن

بازرگانی نەك بە ژیانتان

بە ڵکو بەگیانیشتان دە کەن

ئەتان فرۆشن بەناوی شیربایی......؟؟

گەورە و بچوك و تەنیایی......؟؟؟

دووبەیەك و یەك بە دوو تان پیٚ ئەکریٚ

لە جێگەی خوێن ئەتان بەخشن بەخۆڕایی

## خۆ گێل کردن

لە ئازادیتان شورەییە
ئەی کۆمەڵی بەناو مۆڵگەی ویژدان
هەتاکو کەی نادەن مافی ئافرەتان ؟
ئەی ئافرەتەکانی وولاّتەکەم
ئەی ژێر دەستەی ژێر دەستەکانی سەردەم
سەدەی بیستەم بەسەر چوو
هەتاکو کەی بێ هاوار و وەها نووستوو...؟
بەرە و لوتکەی ئاسۆی ژیان
هەنگاو بنێن
بۆ نەمانی ئازار و ژان
پلان دانێن
هەتاکو کەی خۆ نا ناسن ؟
لە ژێر چەپۆکی ویژدانی
بێ ویژدانان وورِ و کاسن
ئەی هەموو ئافرەتە بیر بەندەکان
سەر هەڵبڕن مەگەر ئێوە ؟
کارگە و بەرهەمی مرۆڤنین
شەو نخونی و ...
خەم خۆری پیاوان نین

**نازانم بۆ ؟!**

**وەفایی ئێشك و**

**شەونخونتان نەدرێتەوە**

**ئافرەت ئامێری یاری بێ**

**لە جێگەی بەختیاری ژیان**

**لە سەدەی هەڵچوونی زانست**

**دەردی گەندەڵی ناو کۆمەڵ**

**دەیان هەزار وەکو ئێوە**

**بەدەم دەردۆ بتلێتەوە..!!**

**مارس/١٩٩٩**

# ﴿بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٨٨﴾

نەورۆزەکەم

ئەی جەژنەکەم

هیوای بەرز و ئاواتەکەم

ئەم ساڵ دیارە کە بێ نازی..؟

خۆشت بەبێ ناز ئەزانی

وا ئەزانی لاوەکانت، هەموو نوستوون...!

باش بزانە و سەرهەڵبڕە

بۆ یادکردنەوەی یادی تۆ

نەوەی کاوە و مادەکانت

خۆ قوربانی یادت ئەکەن

لە پێناوی یادی تۆدا

بڵێسەی گڕ........!

بەخوێنی دڵ

بەرپا ئەکەن

**

نەورۆزەکەم

سەیری هەڵە بجەی شەهید کە

چۆن شەهیدی

**دەستی خەردەل و فاشی بوو.....!**

**وەك هێرۆ شیماو**

**ناکازاکی و لە نینگراد..!**

**خۆڵ و خوێن تێکەلاّو بوو !**

**ژن و لاو و پیر و منالّ**

**لەخوێنی خۆدا خەلّتان بوو**

**سەر هەلّبڕە و بزانە**

**حالّی ناوچەی قەرەداغم**

**داخکراوی دەستی خەردەل**

**گەورە و بچوك**

**دەربەدەر و مالّ وێرانە**

**تەماشای گەرمیانم کە**

**گۆڕستانی کۆمەلّ کوژیان ..!**

**پێ سەوز ئەکەن**

**بڕوانە حالّی بادینان**

**دەریای خوێنی پێ هەلّئەکەن**

**سەیری شەنگار و ئامێدی**

**کەچۆن چۆنی وێرانییەکەن**

**سەیری قەندیل وئاکۆکە**

**سەیری سورێنی ڕەنگین کە**

**کەچۆن بەر خەردەلی ئەدەن**

**هەڵەبجەت چۆن بینی قوربان،**

**ئێستاکە هەمووکوردستان**

**وەك هەڵەبجە ئەکا وێران..!**

**وەك هەڵەبجە کیمیاباران !**

**

**نەورۆزەکەم** .......

**سەرهەڵبڕە**

**فرمێسکی چاو هەرمەسڕە**

**سەیری ئاسمان سارد و سڕە**

**لەئەستێرە تامانگ و خۆر**

**هەمووی ونە ...!!!**

**واتێ نەگەی تەمە یان هەور**

**کوردستانە پڕدەرد و جەور**

**دووکەڵی خانوی کوردانە**

**هی گەرمیانە هی کوێستانە**

**هەم هەولێر و بادیینانە**

**تێکەڵ دووکەڵی هەڵەبجە بوو**

**بۆ شیوەنی کوردستانم**

**لە ئاسمانی هەرچوار پارچەی نیشتمانم**

**بۆ رژانی فرمێسکی خەم**

**ئەمە حالّی کوردستانە و**

**بەسەرهاتی نیشتمانم**

**

**نەورۆزەکەم**

**ڕاستە ، یادمان نەکردوی**

**وانەزانی لە بیرچووی**

**تایەو دارمان بۆت نەسوتان**

**لەسەرتاسەری چیاکان**

**بەلاّم مێژوو شاهیدمانە**

**سەدان هەزار ئەنفال درا ؟؟؟**

**هەڵەبجە بۆت شەهید کرا ؟؟**

**ناکازاکی لەقەرەداخ**

**بۆ بوون و ناوی تۆ درا**

**لەنینگەراد ، لەگەرمیان**

**بۆ تۆ کرا**

**

**نەورۆزەکەم**......

**ئەی سەرچاوەی سۆزەکەم**

**نازانم چ مێژووی چەوساوەیەك ؟**

لە جیهاندا بەناوبانگە

نمونە بێ بۆ هاوشانی کوردستانم

ئەڵێن هیتلەر !

بێ بەزەی و بێ ویژدان بوو...

یان نادر شا

ئەشقی شەڕ و خوێن ڕژان بوو

ئەڵێن چەرچڵ

پلان دانەر

هۆلاکۆ دوژمنی سەربوو

تەیموری لەنگ تالاّن کەر بوو

بەلاّم هیچیان

هەزار یەکی ئەم فاشیە

تالاّن کەرو

دووژمن.. سەرو

پلان دانەرو

خوێن ڕێژ نەبوو

خوێن مژ نەبوو

(٢١ /١٩٨٨/٥

# مـــــــن

من ئەو کەسەم کە دەروونم

بەر ڕێژنەی

تەشەری زۆر دار ئەکەوێ

چارەنووسم

دەرگای هەموو نامەردێکم پێ لا ئەدا

ئارەزووم ئارەزووی زۆر دارە

ئەوەی بیلێ ئەبێ وابکەم

ئەگەر دەرگای خەم بکەمەوە

لە ڕووی زۆر دا ر

وەك سەگی هار

دەستەکانی قەد لاشەی خۆم

ئەکەن هاوار

دەرگاکان دائەخەنەوە

ئەوەی نەلێی ئەیلێنەوە

زۆردار و وردە زۆردار

وەکو سەگی کۆنی کەوتوو

بۆستەم ....

هەلّ ئەسێتەوە

دەستی گەمژەی قەد لاشەکەم

پەنجەی درێژ ئەبێتەوە

پەنجە ئەبێتە هەرایان

تا کاسە بلێسێتەوە

من ئەو کەسەم

هیچیش نەبم

خۆ ئەتوانم

هەموو کاتێك گەردەلولی ئاهم !

بیری وورد و ئاواتی دلّ

وەك نارنجۆك

وەکو خەنجەر

بەناو چاوی دەستی خۆما بدەمەوە

وەها ڕسوا و ڕوو ڕەش بن

پەردەی ڕەشی شەرمەزاری

لە چوار چێوەی..

حەزی گلاّو گڕیٚ بدەن

تانەبینن ڕۆژی ڕوونی ئازادی

ئاواتی پر شەرمەزاریان

تا هەتایە نەیەتەدی

کەساسی گەلی چەوساوەم

هەرنەبینن و هەر نەبینن .

# «شـــــــــەهید»

**ئەی شەهید**

**ئەی ئەو کەسەی خوێنت ڕژان**

**بۆ بەرزی گەل**

**بۆ نیشتمان**

**دوا تنۆکی خوێنت ڕژان**

**خاکی کوردت**

**بەخوێنەکەت...!**

**ئاوت ئەداو ئەت نەخشان**

**

**ئەی شەهید**

**خوێنی گەشت**

**نەوتی چرای ئازادی یە**

**ئاوە پیرۆزەکەشت**

**تاجی سەری هەموومانە**

**شانازی یە بۆ تۆی شەهید**

**لەڕێی خا کا خۆت کرد قوربان**

**سنگت خستە بەرگوللە و...!**

**سەرت شۆڕنەکرد بۆ ژیان**

**ئەی شەهید**

**ئەی سەربەرز تر**

**لە گشت لوتکە سەربەرزەکان**

**ئەی پیرۆز تر لەگشت حەزە پیرۆزەکان**

**ئەی بەهێز تر**

**لەگشت هێزە شەڕخوازەکان**

**ئەی بەڕێزتر لە گشت ویژدانە بەرێزەکان**

**

**ئەی شەهید**

**ئەی سنگ بەگوللە بێژراوەکان**

**ئەی گەردن تاساوەکان**

**ئەی خنکاوی قەسا بخانە و ...**

**ئەی بە کۆمەڵ نەماوەکان**

**ئێوە بوون خوێنتان ڕژان**

**گیانی خۆتان کردە قەڵغان**

**بۆ مەبەستی بونی ئالاّ...!**

**بوو مەبەستان**

**خوێنتان ڕژاو**

**بوونە قوربان**

**ئەی شەهید**

**ئەی بناغەی کلّپەی شۆڕش**

**ئەی سەرچاوەکەی سەربەستی**

**ئەی هەلّگرانی مەشخەلّی**

**کەم ژیان و کەلّ ژیان**

**قوربانی بوون بۆ نیشتمان**

**

**ئەی شەهید**

**ئەی بەڕێزترین کەس لەناو دلّا**

**ئەی ئەوکەسەی کەتینویەتی**

**خاکت شکان**

**بەخوێنی گەشتان نوسیتان**

**یاکوردستانە یان نەمان**

**شار و لادێ و دەشت و کێو**

**هەموو قوربانە بە قوربان**

**بۆ بەرگی سوری خوێنینتان**

**لاشەی پاکی بەخت بوتان**

**تاجی سەری نیشتمانە**

**دیارە تاجیش ...**

**ئالاّکەیە**

**کە هەزاران بگرە ملیۆن**

**وەکو ئێوەی بە قوربانە**

**

**ئەی شەهید**

**سوێند بە بەرگی خوێناویتان**

**سوێند بەلاشەی پڕ برینتان**

**سوێند بە دایکی نیشتمان**

**لە پێناویا شەهید بوون**

**نەمردوون هەر زیندوون**

**لە ناو دڵ دەروونمانان**

**لە خۆشی و ناخۆشی ژینان**

**بەزیندوی و بە سەربەرزی**

**هەرئەمێنن**

**تاهەتایە.... تاهەتایە**

**( ١٩٩١/٧/٢٥ )**

# ئەسپی خــــــەیاڵ

دانیشتبووم

لە بن لوتکەی خەمی دڵما

وەکو ئازیز مردووەکان

سواری ئەسپی خەیاڵم بووم

هێدی هێدی

بەناو خاکی کوردستانا

هەمووی گەڕام

پاشان وەك پەردەی سینەما

کوردستانم هاتە بەرچاو

کە سەیرم کرد

گەورە و بچوکی ئەم نیشتمانە

ئەسپی ئارەزوویان بەندە

چرای شادیان کزە

هیوا و ئاواتیان خنکاوە

لەناو گۆمی تاوانی زۆردارا

دەروون پڕ ناسۆر و ئێشن

لە ژێر چەپۆکی ستەمکارا

زۆر داماو زۆر بێ هێزن

کە ڕا پەڕیم لەم خەیاڵە

**خەیاڵی چی .... ڕاستیەکە**

**لە چوار چێوەی کوردستانا**

**ئەسپی خەیاڵم زین کرد**

**بەسەر سنوری کوردستانا**

**هەموو سنورێکم بڕی**

**بینیم لەلایەك عەجەم و**

**ئەولاکەشی پێ پەتی یە**

**ڕۆمی پیسیش لەئەولایە**

**ئەم سێ لایە داگیرکەرە**

**سنورە کانیان تێکداوین**

**وەکو ماقڵە منالآنە**

**سنوریان جیا کردۆتەوە**

**بەڵام ئەبێ هەربزانن**

**سنورە دەست کردەکانیان**

**لافاوی شۆڕشی کورد**

**ڕای ئەماڵی و ڕای ئەماڵێ**

**سنوری ڕاستەقینەی کورد**

**ئەبێ جیابێ ...**

**لەوەی دەست کرد ..**

**ئەسپی خەیاڵم تاودا**

**بەسەر خاکی کوردستانا**

**بەسەرسنوری ویژدانا**

**هەتا چومە سەرئەرارات**

**هەوالّی حەمرینی پرسی ؟**

**هەم یەریڤان وکرماشان**

**لەگەلّ ورمێ و هەم قامیشلی**

**ووتم: هەوالّیان نازانم**

**ئەرارات هاتە زمان ...!**

**ئەی نازانی**

**هەموو بەشی گیانی منن**

**چۆن ..؟ ئەبێ تۆ**

**هەوالّی خاکت نەزانی**

**دیارە لە گێژاوی خەمی کوردستاندایی**

**بۆیە دایم ...**

**هەرئەگەڕێ هەرئەگەڕێ ..**

**١٩٨٨**

# «بۆخاڵۆزای ئەنفال کراوم سەلام»

خەو ئەبینم

چەند ساڵێکە

هەزاران خەوی جۆر بەجۆر

بەلاّم سیّ ڕۆژە بەجاریّ

خەوی گەلیّ سەیر ئەبینم

بەو کەسەوە ...

تا لەژین بوو نەی دی خۆشی !!!

لە خەومابوو ..

کاکە سەلام

لە شوێنێکی تاریکا

بانگی کردم و هاتە لام

دەستم هاویشتە سەرملی

چرپاندم بە گوێیدا ووتم:

بۆ دیار نیت ... ؟

بۆ کوێیان بردی ..؟

لەو ڕۆژەوە تۆ گیراوی ..

گۆشتەکەمان هەرداناوە ..!

کە پێت ووتین :

**ئێستاکە ئەگەڕێینەوە ..**

**هاتە وەلاّم و پێی ووتم:**

**لەناو هاوڕێکانمدا**

**لە بەندیخانەی بەعسیدا**

**سروودی ئەی ڕەقیب**

**بۆ نیشتمان ئەڵێینەوە**

**کەڕاچەنام دیتم خەوە..!**

**هەتا بەیان بەو ئێشەوە**

**لەدو توێی خەیاڵمدا تلامەوە و..تلامەوە**

**شەوی دووەم هاتە خەوم و**

**پێی گووتم:**

**نەت بیستوە ..؟**

**گووتم: هیچم نەبیستووە ..**

**چی ..؟ ببیستم چی بزانم**

**غەیری بیر و یادی تۆ**

**هاتە وەلاّم و پێی گووتم:**

**دوێ بەیانی دەمەو شەبەق**

**کەخێر و شەڕ بەش ئەکرا**

**چوار قارەمانیان بردین**

**هەرچواریان شەهید کردن**

**بە پلەی شەهادەت گەیشتن**

**گووتم: ئەی تۆ..؟**

**گووتی : منیش پێم ووتراوە**

**کە چەند ڕۆژێکی تر**

**پەتی سێ دارە ماچ بکەم!!!**

**ملی خۆمی پێدابکەم**

**بۆ ڕزگاری کوردستانم**

**لە کاروانی سەروەریدا ..**

**بە خوێنی خۆم**

**بە لاشەی خۆم ،ناوی خۆم تۆمار بکەم**

**کەڕا چنام لەم خەوەمدا**

**دیتم دەورم چۆڵە و....**

**بەس شە پۆلی دەریای خلیجە**

**ئیتر ئارامم لێ بڕا**

**تاکو بەیان چاوەکانم**

**نەچونە خەو..**

**شەوی سێ یەم**

**هاتە خەوم....**

**دەستی خستە سەر ملم**

**بە ئەسپایی پێی ووتم:**

**من ئەڕۆم و شەهید ئەبم**

**بۆ نیشتمانم بەخت ئەبم**

**بەلاّم بەکر..!**

**گلەیی بێ لە تۆی بەڕێز**

**من زۆر زۆر تۆم خۆش ئەویست**

**چەند جارێکیش ناردم نامە**

**وەلاّمەکەت هەرنەئەدا**

**تازە گریانت بێ سودە**

**نامەوێ بۆشم بگریت**

**چونکە من بۆ بەرزی گەلم**

**پەتی سێدارەم کردە مل**

**شانازیە بۆ هەمووتان**

**کەشەهید تان داوە بۆخاك**

**ووتم: قوربان شانازی یە**

**بۆ نیشتمان قوربانیدان**

**هاوڕێ ی بەڕێز**

**باوەڕ بکە منیش چەند جار**

**ڕام کردوە کردم فیرار**

**لەبەر ئەوەی ..**

**کەوا سەرم دانە نەوان**

تاوانێکم خرا ئەستۆ
کەوا من هەر ئەم گووت:
کوردستانمە نیشتمانمە
وویستم باوەش کەم بە ملیا
ئەملاو ئەولای ماچ بکەم
دلّی لە خۆم ئاشت کەمەوە
لە پڕێکا ڕاچەڵەکام
کەڕا چنام دیتم شەوە و
دنیاش تاریک تاریک
خەوم بەجارێ لێ زڕا ..!
هەر ئەم ووت و ئەم ووتەوە
ئاخۆ .. ئێستا
کام خاکی زیخاوی..!
چاوەکانتی داپۆشیوە
کام سێدارەی پیسی بەعس
خۆی لەملت ئالآندووە
کام کەلەبچەی دەستی زۆردار
دەستەکانتی تن گرتووە
کام هێزی دوژمنی پیس
تین و تواناتی بردووە

کام ڕۆژگاری بەدی ژیان

مەرگی تۆی تۆمارکردوە

خۆزگەم سەلام

بۆ ئەو سەفەرەی کە کردت

منیش لەگەڵت بومایە

هەردوو پێکۆ ..

دەستمان لەملی یەك کردایە

لە پێناوی کوردستانا

بەیەکەوە....کاروانی سەروەریمان

بۆ ئەم کوردە مۆر کردایە

هەردوو پێکۆ بەدەنگی بەرز

بانگی ئازادیمان دایە

بە یەکەوەش

گۆڕی تەنگمان بەماڵی .

هەتا هەتایی کردایە

بەلاّم سەلام خەفەت ناخۆم

شەهیدی ڕێگەی نیشتمانی

قوربانی لاشەی وونتم

کە گیان فیدای کوردستانی

(٢٠/١١/١٩٩٠ )کویت – سالمیه

# ﴿بۆ کاکەی فـــــــەلاح﴾

پایز  پایز

ئەی   وەرزی  گەڵاڕێزان

ئەیان  ووت پایز.......وەرزی گەڵاڕێزانە

هاوارم ئەکرد

ئەمووت : نەخێر...!

وەرزێکە وەك باقی وەرزان

بەلاٌم بەڕاستی ئەی پایز

پیس ترین وەرزی ساڵی

خۆت کرد بە ڕەشەبای زستان

بەهەوری تورەی بەهاران

بە چە خماخەی شمشێری زۆر دار

بە گێژە لولی وەرزەکەت

خۆت بادا ، خۆت تن کرد

داری  شاعیرانت ڕاوەشان

ڕاوەشانێکی هێندە قایم

گەلاٌیەکت لێ کردەوە

کەوا کەمی پێوە بوو

وەك ئەو گەلاٌ سەوزو جوان

**ئەو گەلاّیەی کە چەند ساڵە**

**نە گەرمای هاوین**

**نەسەرمای زستان**

**نەتەرزەی بەهار**

**نەیان توانی**

**ڕەنگی سەوزی بژاکێنن**

**نازانم چۆن لە دەستت هات وا وەرانت**

**چۆن لە دەستت داین**

**سەری بەبێ هیوا ناوە ...**

**ئەو گەلاّیەی کەچەند ساڵە**

**ناحەزان هەوڵیان بۆ داوە**

**کە فرسەتێ بخولقێت**

**دەسی بەداسی بۆ بەرێ !!**

**بەلاّم هەرچەند**

**کە دەستیشی بۆ برابێ**

**ئەو دەستانەی کە بۆی چووە**

**یاشکاوە یا بڕاوە**

**چۆن فرسەتێ بوو**

**وا وەرانت چۆن دڵت هات**

**لە سەر شعری کوردیت کردەوە**

مەگەر هەر بەرد

بۆ مەرگی ئەو نەگریابێ

بۆ شعری ئەو نەسوتابێ ....

کاکەی فەلاح

کاکەی هەموو کوردی دڵسۆز

کاکی منداڵی کوردستان

ئەی خاوەنی شعری جوان

کێ بێ دوای تۆ

بێ بە چرا بۆ ڕووناکی

کاکەی فەلاح

کەلافیتەی ڕەشم بینی

کە نوسرابوو دڵ گرانین

ووتم نەخێر نەمردووە

هەر زیندووە ...

لە دڵی هەموو کوردێکا

قەڵای خۆی دروست کردوە

بەم هەواڵە !!

فرمێسک ڕژایە بەر پێم

بۆ مەرگی ناوەختی تۆ

چونکە گەلم لەگەڵ خاکم

**تۆیان پێویستە .....**

**.خۆشت زۆر باشت ئەزانی**

**چۆنە کارمان چۆنە مـــــالّمان**

**بەلاّم شاعیری کوردستـــانم رۆ**

**کاکەی منــــدالّی نیشتمانم رۆ**

**پایە بەرزەکەی شـــاعیرانم رۆ**

**کاکەی فەلاحی شعر جوانم رۆ**

**هونەر پەروەری بێ ژیـــانم رۆ**

**کوردستانەکەی مالّ وێرانم رۆ**

**کاکەی فەلاحی میهرەبانم رۆ**

**١٩٩٠ ئۆردگای نەسر**

# ﴿داگیرکەر﴾

داگیر کەر ئەی داگیر کەران

هەوری تورەی سەر نیشتمانی هەژاران

ئەی خوێن خۆرە خوێن مژەکان

ئەی نەوت خۆر و......

بەردو داری نیشتمان خۆر...

ئەی خوێن خۆری ....

خوێنی لاوان !!

ئێوە هاتوون ....

بەو یاسایە

کەدیکتاتۆر ماموستایە..

کەسەدان هەزار دەستی قرتاند

لەناو زیندانا دای رزاند !!

بە هەزاران دێی روخانین !!

ووشەی مەرگی پێ سەپانین !!

هەزاران منداڵی بێ تاوان

لە سینەی دایك بێ بەش کرد !!

هەر بەیاسای...

داگیر کەری

**تانك و تۆپ و خەردەلی**

**وەکو باران وەکو هەوا ...!!!**

**بە سەرمانا ئەبارێنیّ**

**مالّێك چیە**

**لە شەهید بیّ بەشی نەکرد ....!!!**

**ئەی داگیر کەری بەد فەسالّ**

**ئەی بەد گرۆ ....**

**بۆ کۆلّ نادەی**

**بۆ خوێن ڕژان بوبە هیوات**

**ئەی ئاشقەکەی خوێنی مندالّ**

**ئەی ئاشەکەی ڕۆحی لاوان**

**ئەی وێلّکەری هەزاران دلّسۆز و زانا**

**ئەی دانەری یاسای پیسی ئەنفال**

**ئەگەر ئەتەویّ**

**بەکوشتن لەناومان بەی ... !**

**ئەوا هەژار زۆری ماوە**

**بۆ هەلّکردنی مەشخەلّیان**

**بۆ خۆ فیدا کردن ...**

**بۆ نەمانی تۆی چەپەلّ و**

**بۆ ڕزگاری**

**کوردستان و کوردستان ....**

**ئەی بێ ویژدان**

**ئەگەر ئەتەوێ بەبرسێتی**

**بمان کوژی ئەوا نامرین**

**هەر ئەمێنین هەر ئەمێنین**

**گەر ئەفەرموی خوێن ئەرێژم**

**ئەوا هەمووموان ئامادەین**

**چیت پێ ئەکرێ**

**ئەوەت لەدەست دێ کەکردت**

**بۆ یەکەم جار ......**

**شارێکت شەهید کرد**

**بۆ مەبەستت ئەنفالت کرد**

**ئای چەندەها دێت تەخت کرد ..!**

**باش بزانە !**

**ئەی بەد فەسالّ**

**نەك برسێتی و کۆمەلّ کوشتن**

**نەك ئەنفال و دێهات ڕووخان**

**نەك کیمیاوی و تۆپ باران**

**نەك هەلّمەت بۆ ناموس شکان**

**هیچی ئێمە دەم کوت ناکا**

**بەڵکو زیاتر لەسەر مافمان**

**سور ئەبین و.....**

**هاوار ئەکەین**

**خوێنمان ئەکەین**

**بە باران و بەهەتاو و .....**

**بە ئاو ....بۆ خاك..!!!**

**هەتا گەل و نیشتمانی**

**بە ئازادی هاوار بکەن**

**کوردستان ...**

**هەرکوردستان**

# ﴿بۆ ئەنفا لە کان وخەوی مناڵێك﴾

لە ناو دڵێکی بچوکی
پڕمشتێکا ...!
لە ناو گیانێکی ژێر چە پۆکی ...
زۆرداراندا ...زۆرم دیبوو ...
یان بیستبوو
هەرهیچ نەبێ کەخوێندبوو
بەلاّم مێژووی هیچ گەلێ
ساڵی هەشتا و هەشتێکی
تری نەخولّقان
خوێندبووم حەوت سەد هەزار ئەرمەنی
لە تورکیا...
خرایە دەریای ڕەش یا کوژرا ..
بەلاّم بینیم .. بەلاّم بیستم
پێنج هەزار لاشەی بێ تاوان !!!!
یانزە هەزار بریندار !!!
دووسەد هەزار ئەنفال !!!
لە کوردستانا کرا ...
لە پێناو ئارەزووی دیکتاتۆر ..
نەمان و شەهید کرا....
لەبەرئەوەی کەوا کورد بوون !!!
ناوی ئەنفالیان لێ نرا

**لەناو دران و شەهید بوون**

**بەدەستی چەپەڵی فاشی**

**ئەم هەموو کوردە تیاچوون**

**لەم کاتەدا ..**

**دانیشتبووم لەبن گۆشەی**

**خەمەکانما**

**پاڵ کەوتبووم لەناو قوڵایی**

**ئازارەکانی ژینما**

**بیرم وەکو ئیزرائیل**

**بەچرکەیەك ....**

**سەرتاسەری کوردستان ئەگەڕا**

**لەم کاتەداو ... لەم خەیاڵە**

**پڕئیشەدا ......!!**

**منداڵێکی ...باوك و دایك ...**

**بەئەنفال بوو !**

**هاتە لام وسلاّوی کرد**

**منداڵێکی زرت و زرنگ**

**هاتە قسەو کەوتە دەنگ**

**کە لێم پرسی:**

**ئەتۆ کوڕی فلاّن کەسی ؟**

**ووتی: بەڵێ کوڕی ئەوم**

**لەوڕۆژەوە کەگیراوە کەس وکارم**

**خەوئەبینم هەزاران خەو**

ووتم: بلّیٚ ..

بابزانم خەونەکانت

ئەوەی کەلەبیرت ماوە

ووتی ئەوەی کەلەبیرمە

لەخەومابوو .... کەجاڕدرا !

ئەوی خاوەنی ئەنفالە بێن بۆمەرکەز

بەلّیٚ چومە بەردەم مەرکەز

بەسەدان وهەزاران کەس

جاڕ چی یەك جاڕی ئەدا

ئەوەی خاوەنی ئەنفالە بابێت ناوەکەی بنوسین

بەلّیٚ هەمووناوی نووسی

کە سەیرم کرد ....

ئەوەی چەند دەنووسیٚ

یان چەند کەس تۆماردەکات

هەرکەسە دووئێسکی قاچ و

دووبالّ و کەلە سەری ئەدەنیٚ

زۆر لام سەیربوو

هەرچەند لە خەوەکەمدا.......

هە ر ئەگریام ......

ئەم ووت : بەخوا گەلیٚ باشە

زۆر ڕەوایە .....بەس نی یە ئێسکەکانیان

دزیشی لێناکرێت

کەچومە پێش .......

ووتیان بچکۆل تۆ چیت ئەویٚ ؟

ووتم : چوارکەس

هەشت قاچ هەشت دەس

چوار کەلە سەر

چوار برِبرِەی پشت

ووتیان: بگرە

کەوەرم گرت و سەیرم کرد !

حەوت قاچ و شەش باڵم وەرگرت

برِبرِەی پشتی تیانەبوو

سیٚ کەلە سەروو نیویٚ بوو

ووتم : کاکە ......

یەك قاچ و دووباڵم ماوە

لەگەڵ نیو سەر .... برِبرِەی پشت

تورِە بوولیٚم چاوی زەق کرد

ووتی: ئەڵیٚم برِۆ دواوە

بەش ناکات بۆ جاریٚکی تر

چوون ئەم جارە خەڵك زۆرەو نەقسی هیٚناوە

بۆ جاریٚ تر عەویٚزت بۆ ئەکەمەوە ...

کەللەسەریٚکی زیادەشت .....

لەگەڵ ئەوان بۆ ئەنیٚرمەوە

هاوارم کرد لەم خەوەمدا .....

نامەویٚ سەری زیادە

نامەویٚ دزیم بۆ بکەن

**زۆر شەرمە تاوان باران**

**لەئێسکەکانیش دزی ئەکەن**

**چاوی زەق کرد**

**دەستی بەرز کرد**

**تێیسرەواندم ئەونا پیاوە**

**هاواری کرد بێنی ئەوەش**

**لەبەرچاوم بچۆ دواوە**

**کەڕاچنیم لەم خەوەمدا**

**ووتم : ئۆخەی**

**نەباوکم و نەبرام**

**نەخوشك و نەدایکم**

**هیچیان بەشێوە ی ئەوخەوە**

**نایەتەوە بەرە و لای من**

**تۆ بلّێی مامۆ ستا گیان**

**ئەم خەوە چی بوو کەدیومە ؟**

**ووتم چی بلّێم:**

**ئەی نازداری ناز تاساوم**

**هەرچی خودا بیکا وەهایە**

**خۆزگەم ئێسکەکانیشیان**

**بەنوقسانی بەسەرمانا ....**

**بەبیٚ دزی ...**

**دابەشیان بکردایە ...دابەشیان بکردایە**

**( ١٩٨٩/٩/٣ ) نصر**

# «داری ئـــــازادی»

ئەی تاقە هیوا

بۆ هەموو چەوساوەکان

ئەی ئەودارەی

کە هەزاران لاوی جوان

بۆ ئاودانی رەگ و ریشەت

خوێنەکەیان بۆ تۆ رژان

لاشەی جوانیان

بەر خەردەل و ناپالّم کەوت

بەرئەنفال و سێ دارە کەوت

**

داری ئازادی

ئەی ئەودارەی

رەنجی هەموو شەهیدانی

لەناو گۆشت و خوێنا رواو

گۆشتی لاوان بوون بەزەوی

ئێسکەکانیان بوون بەهە وجاڕ

باوك و دایکیان بوون بەجووتیار

نالّەی خوشکان بوون بەهەور !

**خەردەل بوەبە بای سارد**

**خوێنی منالّی ئەم وولاّتە**

**بووبە ئاو و بووبە باران**

**تۆویان سەوز کرد**

**بۆ ئەوەی بی بەئەو دارە**

**لەسێ بەری ئازادیتا**

**نەوەی دوا ڕۆژ**

**لەسایەت بحەسێتەوە**

**لەژێر پایی ستەمکاران**

**بەکۆمەڵ نە پلیشێتەوە**

**

**داری ئازادی**

**لە پێناوی دەرکەوتنتا**

**بادینان و هەڵە بجە چوو**

**سەدان هەزار ئەنفال درا**

**سەرتاسەری دێهاتەکان**

**لەڕێگەتا تەخت کرا**

**هێرۆ شیمایەك لەکوردستان**

**سەری هەڵدا .....**

**هەموو کوردێ ئاوارە بوو**

**تەنها بۆ تۆ**

**بۆ تۆش ئازادی برا**

**بۆیە بەشانازیش ئەڵێین:**

**تەنیا هیواو ئاواتی گەل**

**ئەی ئازادی ئەی ئازادی**

**

**داری ئازادی**

**بەڕاستی ڕۆژگارمان دی**

**بەڕاستی شەهیدمان دا**

**بەراستی زوڵممان چێژا**

**ئۆخەی هەموو لەڕوومان دێ**

**گەورە و بچوك شار و لادێ**

**مێژووی بەخوێن نەخشاومان**

**بەرز ئەکەینەوە وەکو گەلان**

**وەکو ڤێتنام و نیکارە گوا**

**وەکو صین و هێرۆشیما**

**وەك لەنین گراد و...کۆیلە کان**

**وەك باقی مێژووی گەلان**

**بەرزی ئەکەین ئالاّ کەمان**

**ئەڵێین مێژووی ئێمە ئەمڕۆ**

**خوێناوی ترین مێژووه**

**وەکو مێژووی هەندێ گەلان**

**هەرسەرکەوێ چەوساوەکان**

**لەبن داری ئازادییا**

**پشووبدەین......**

**پشووبدەین**

**سروودی سەربەستی خۆشی**

**بۆ نیشتمان و گەل بڵێین**

**(١٩٩١/١١/٤)**

# ﴾تەنها ئاواتم﴿

تەنها ئاواتم ئەوەیە
بکرامایە بەگولله یە !
بۆ سەردڵی دوژمنانم
ئەو دوژمنەی ..
کە خاکمی کردوە داگیر
کەوێرانی ئەکا کوردستانی ..
نیشتمانم
تەنها ئاواتم ئەوەیە
قەڵغان ئەبووم
لەڕووی قەزایی نیشمانا
ئەجەنگام هەتا ئەشکام
قەزای خاکی گیراوی خۆم
ئەگێڕاوە ... ئەگێڕاوە
تەنها ئاواتم ئەوەیە
دەنکە گەنمێ بام
لە پاشی چاندن سەوز بوومایە
درووێنەشیان کردمایە
بەجوانیش پاك کرامایە

بکرامایە بە ئاشا

بکرامایە بە هەویرو

لە بان ئاگر ... ببرژامایە

برسێتی جوتیاری

ئەم ولاّتەم لابردایە

یان توێشە بەری شوانێ بام

هەرهیچ نەبێ

برسێتی شوانێکم لابردایە

تەنها ئاواتم ئەوەیە

کە درێژ درێژبم

وەك سنوری کوردستانم

بم بە پەتێکی نەبڕو

هەلّ واسرێم

ملی ئەفلەقیەکانم ...پێبتاسینن

خۆم ئەمزانی کەچۆن تۆلّەی

ئەنفالەکان .. بەهدینیەکان

لاوی جوانی زیندانەکان

یان قەسابخانەی موسلّ

چۆن ئەسێنین

لەسی خوڕ و ..ئەفلەقیەکان

**

**تەنها ئاواتم ئەوەیە**

**قەلەمی دەستی زانابام**

**بۆ تۆماری**

**دووسەد هەزار ئەنفال**

**یان بۆ نەخشە و**

**دیاری کردنی سنوری وولاّتەکەم**

**یان تۆماری ناوی ئەوەی**

**بونە سوتەمەنی بۆ خاك و**

**بۆی شەهید بوون**

**یان تۆماری ناوی دێکان**

**کەبۆ نەمانی کورد زمان**

**تەخت و بەختی لەیەك کران**

**زۆر ئاوا تمە ...بەچاوانم .... بم دیایە**

**کورد خۆی حکومی خۆی بکردایە**

**تەخت و بەختی**

**ڕژێمی خوێن ڕێژیان ...**

**وەك دێکانم تەخت کردایە**

**یا جەرگی دوژمنی فاشی**

**وەك جەرگی کورد بسوتایە**

# ﴿بۆ باوکم﴾

بابە گیان

ئەی ئەو کەسەی کەهەناسەت

هەناسەی ژینی ئێمە بوو ...

تالە ژین بووی

تۆ ژیان و ژیانمان بووی

تا کۆچت کرد ... بێ خیانەت

بۆ هەمومان ...

وە ستایەکی کارامەبووی

ئەوەی کرداری چاکە بوو

بۆ خۆت و خزم و ئێمە بوو

ناو و کردەوەی جوانت

پێناسەی هەموومان بوو

لە ناکاودا

مەرگ خۆی کردە میوانت

بەلاَم دوای تۆ

خەفەت میوانی ئێمە بوو

بابە گیان

ئەی هەوێنی هۆش و بیرم

ئەی چرای ڕوناکی دڵم

ئەی ئوستازی پڕ تەگبیرم

کردەوەی پڕلە شانازیت ..

هەرگیز ناچێتۆ لەبیرم

شەوانی پاش مەرگی تۆ

بەخەو ئەکەی ڕوا و تەگبیرم

تاکو مردن درۆیە

ئەگەر ساتیٚ بچی لەبیرم

لەبەر چاومی .. ئەی باوکی ژیرم

بابە گیان

مەرگت هەرەسی پیاوەتی بوو

نەمانی تۆ....

بیٚ باوکی خزمانم بوو

تۆ شادە ماری دڵمان بووی

زۆر جار مامۆستای زانابووی

تۆ تیمارکەری زاممان و ...

زۆر جار دکتۆری دکتۆر بووی

تۆ زانا بووی ... تۆ دانابووی

پێشینانیٚکی سەردەم بووی

بەڵام تۆ دەریای لیٚلّ نەبووی ..

**دەست و دەمی نەزانان بووی**

**تۆ چرا بووی**

**تۆ بارانی هۆش و بیر و**

**تۆ خەرمانی پڕ لە خێرو**

**دڵی ئومێدی خزمان بووی**

**بەلاّم لەناو ئێمەی نەزان ..**

**گەلێ دەستی خۆت ئەگوشی**

**لە دیوەخانی منالاّنا**

**هێندە خەمی خزمانت خوارد**

**تاکو مەرگ بەبێ وەسێت**

**دیوەخان و منالاّن و**

**هەموو خزمانی ...**

**بێ مامۆستاو بێ باوك كرد**

**بێ باوك كرد ...**

**٢٠٠٠/٣/١٥یادی دووەم ساڵە**

# ﴾من دەست لەملانی مەرگم﴿

من دەست لەملانی مەرگم
هەرهەوڵ ئەدەم و تێ ناگەم
ئەمەوێ وەکو دۆمەلاّن
زەوی بگرم بەکۆڵەوە
هەورە گرمەی پڕدەنگ نایە
هەتا زیادکەم....زووپێ بگەم
لە شەوی دەیجوری پڕ ستەم
پشکۆی عەشقم
تروسکەی ڕۆشنای ئومێد
پێشکەش بە میللە تمی بکەم

**

من دەست لەملانی مەرگم
کەچی نەخشەی خەیاڵم
هەموو دنیا ئەگرێتەوە
بۆ چەند ساتێ لەم تەمەنە
ئاخی بێ سود ئەکێشم
تەلاری بەرزی پێشبڕکێ
هەربەخەیاڵ بنیات ئەنێم

بۆ ئەوەی ڕوخا بەسەرما

لەژێریا هیوام بتاسێ

دەستم بەستێ ...

ڕووم نەیە پانی کەمەوە

**

من دەست لەملانی مەرگم

تازە هێجوی ..

دنیا ئەکەم !

شیر بادەرم .....!!

شیرباخۆرم

سودەرم و سوخۆرشم

خۆم کۆیلەم

بەخەیاڵ کۆیلە ئەگرم

خۆم ئەکوژرێم

حەزبە پیاو کوشتن ئەکەم

هەی .... هەی ... لەم شاشەی سینەما

هەیهات لەم هەمەڕەنگی عەقڵەم

تازە بەرە و چۆپی ئەچم

پارەش ئەدەم کەبیکڕم

کە گاوانیش ..... بەرکەس ناکەوێ

**زەماوەندی دنیای کچە**

**ئەوەی شاباڵی بەهێزە بەریەکەوێ**

**بێ لەوانە ....**

**ئەوەی ئەچێ سەرییەکەوێ...**

**من دەست لەملانی مەرگم**

**پێلاّو لەرێی عەشقا ئەدڕم**

**لە ڕێی عەشقێ**

**سەری پۆشتەو ...**

**پێ خاوسی لێمان ئەوێ**

**خۆ ڕاگری و هۆشی ئەوێ**

**ژیان ئاوایە ئەزیزان**

**ئەو عەشقەی کەمن ئەڵێم**

**شەونخونی و هۆشی ئەوێ ....**

**

**من دەست لەملانی مەرگم**

**شێرو ڕێوی .....**

**بۆ لایلای عەقلّم ئەڵێم**

**بۆ ئەوەی نەمرم و بژیم**

**هەموو بەردەرگا یەك ئەچم**

**ئەو دەرگایەی لێ ی ناپرسم**

## لێی ناترسم

ڕووی تێ ناکەم
لە هەر دەرگایەکم دا ...!!!
دەمێ خەندە ... ڕویەکی گرژ
هەندێ جاریش تەشەری تیژ
سەیری ئەم چیرۆکەکەن
گوێ گر لەڕاز بیژ .... زانا ترە
دەریا لەبەرد تینو ترە
ئەی چی بکەم
تاکو ئەوەی دنیا بیری بردمەوە
لە خەیالّ و هۆشما سڕێ
لەگەلّ خۆم ئاشتی کەمەوە
سەر نزم کەم
لەڕووی بەرزی نەکەمەوە
من دەست لەملانی مەرگم
بیر لەو دارە ئەکەمەوە
هەتا زۆر بێ بەری جوانی
سەری شۆڕە بۆ ڕووی زەوی
خۆزگە بە ئەو دارەش ئەخۆم
هەروەك ئەوبام

**وەکو گالۆکی دەستی شوان**

**لوتم دایم ڕوو لە زەوی**

**بەلاّم چی بکەم ....**

**کرمی کرمۆلی ژیان**

**وای لیّکردم**

**خۆ چاو یاخود ددان نی یە**

**دەری بیّنم هەلّی کیّشم**

**وەکو بژاری ناوبیّسان**

**خاویّنی کەم هەست و هۆشم**

**هەتا ویژدان ئارام ئەگریّ**

**ئەو سا بلّیّم ئای دلّ خۆشم**

**ئای دلّ خۆشم .**

# ﴿ئەگەر یاســـــــا﴾

ئەگەر  یاسا
تەزبیحی  دەستی  زۆرداربێ !!!
ئەگەر  ژیان
ئەڵقەی  پەنجەی  پارەداربێ !!
ئەگەر  دیلی
کەلاْنەی  ملی  هەموو  گەل بێ !!
ئەگەر  زانا
ئاواتی  ئاوارەیی  بێ
ئەگەر  دڵدار
بێ بەش  لەجێ ی  ژوانی بێ
ئەوکات  بەهار
وەرزی  گەلاْ  رێزان  ئەبێ
پایز  وەرزی  تۆوی  مەرگی
لاشەی  بێ  تاوانان  ئەبێ

١ /٢/٢٠٠٠

# ﴿خامە لەکوێوە﴾

خامە لە کوێوە .....

بیرەوەری فرمێسکەکان کۆکاتەوە

فرمێسکی کۆن و نوێ یەك خاتەوە

لە موصلەوە ......

یا لە چوار چرای دڵەوە

یان لەبەرلینی دنیای پشوو

یان ئەنقەرەی دنیایی تاوان

یا پەیمانی شومی لۆزان بیرخاتەوە

خامە هەرفرمێسك برێژە

میللەت هەر ئازار بچێژە

ڕۆحی سەرکردەی تێکۆشەر

کۆکەرەوە ...

زۆر لەمێژە

میلەتی کورد وڕ و گێژە

بە دەست پیلانی دەڤەری

تاوان کار و پیلان گێڕان

نازانم بۆ ...

هەر نە پرسین ..... ؟

ئەوەی نەبێ ....

لە ڕەش و سپی و هەرڕەنگ

ئەبێ خاوەن ...

سەر دەستەبێ

بەلاّم هەرکوردە ...

بەبێ سەرو

بەبێ خاك و بەبێ ڕەنگ و

بەبێ دەست بێ

بەشی هەردەم ....

ئێش و ژان و

هەردەم پەست بێ

زۆر لەمێژە

دەستی یاساو .... مافۆلکەی مرۆڤ

ووتەی دەمی پیرو پەککەوتەی جیهانە ؟؟؟

مافی مرۆڤ پێلاّویکەو ...

لە ژێر پێی زۆردارانایە

ئەبێ ئیتر ژیان چی بێ

کە ژیان ئەڵقەی پەنجەی زۆر داربێ ؟؟

بە پیلان و بە زۆرداری

بە چارەنووس کردن یاری

**نازانم بۆ کەی تێر ئەبن**

**دوژمنانی کوردەواری**

**خەجاڵەت بن ... ئەی دوژمنان**

**ئەی دوژمنی سروشتمان**

**بۆ یە ئەڵێم:**

**ئە ئەم کارە**

**سەرەتای ئازارەکانە**

**بەخۆ کەون**

**هەتا زووە ....**

**ماسۆنیەت و .. ئیمپریالیەت**

**هەوڵی قڕکردن .... ئەدەن**

**بەخۆ کەون .... تۆڵە سێنن**

**لە ڕەگەز پەرستانی دنیا ....**

**

**زۆر لە مێژە ....**

**ئەم بێشەیە**

**شێرەکانی ئەکوژرێن**

**هەڵۆکانی لە فڕیندا باڵ ئەشکێن**

**ئەگەر هاتوو ..... هەڵۆ تیاچوو**

**گەردون بێ هەڵۆ هەڵناکا**

ئەگەر شێر کەوتە ناوداو

بێشە بەبێ شێر هەڵناکا

ئەگەر ژیان تاسێنرا

هاوین بەفر ئەبارێنێ

گەر بەهار وەرزی خەزان بێ

ئیتر هیچ دارێ چرۆناکا

بەلاّم میللەت بێ سەرکردە

مەحاڵە ژینی بمێنێ

بۆیە هەڵۆ و شێریش نەما

دیارە ژیان هەرئەمێنێ

میللەت بەبێ تێکۆشەران

چیرۆکی ڕێوی و مریشکانە

گەلی برا ......

چ کۆسێکە یا دەستێکە

کەملوانکەی ئەم تاوانە

لەمل بێ تاوانان ئەکا

چل ملیۆن کەس

بەتیرۆرست .... حسێب ئەکا

ئە ئەم داوە

لە بەر چی یە کورد ڕاوئەکەن

زۆر لەمێژە .......
نووسەر ئەنوسێ بەمەعناوە
زۆر تۆماری یادگاری
سەر سوڕهێنەر کراوە
بەلاّم مەعنا بۆ کەسانی
خاوەن مەعنا باس کراوە
بۆیە ئێستا.....
هەموو کوردێ
دژی ئاواتی داگیرکەر هاوارئەکا
تفی دەمی میللەتێکی چل ملیۆنی
لەڕووی تیرۆرکەران ئەکا
هەموو چین و توێژێکی گەل
داوای مافی ڕەوای ئەکا
بەیەك دەنگ و ....بەیەك زمان
ئیمپریالیست و نۆکەری
شەرمندە و شەرمەزار ئەکا .....
زۆر لەمێژە .....
ئەم درەختە...
بەجێ تەوری داگیرکەران

**فرمێسکی خۆی ئاوی ئەدا**

**هێشتا مووسڵ ووشك نەبووە**

**بەرلین خەمێکی ناشتەوە ...**

**وا ئەم جارەش ........لە ئەنقەرەی دنیای تاوان**

**هەموو دڵێ هەموو چاوێ ئەگرێنێ**

**تاهەموو هەستێکی سستیش ئەبزوێنێ**

**بۆیە لە ئەمڕۆ بەدواوە ....**

**پەیمانە ئەی کوردستانم**

**ئەی وولاّتی شەهید و**

**شەهیدستانی جیهانم**

**نەبین بەمەڕی دەست قەساب**

**هەرکات ویستی سەرمان بڕێ**

**نەبین بەکەوی ناو قەفەز**

**ڕاوچی نەیەڵێ هەڵفڕێ**

**ئەبێ ئیتر ..بێچوە شێرو ....بەچکە هەڵۆ ....**

**ڕەوانەی بێشەو کێوان کەین ....**

**خۆ بۆ تۆڵە لە فاشستان ئامادەکەین**

**شۆڕشی نوێ بۆ ڕزگاری تۆڵە سەندن**

**بەرپا بکەین بەرپابکەین**

( ١٨ /٢/١٩٩٩ )

# ﴿بۆ شەش لاو﴾

واجارێ تر
سلێمانی بۆ کوردستان
جەرگ و دڵی ئەسوتێنن
لاوی نیشتیمان پەروەری
لەنێو بەندا دەر ئەهێنن
لە بەرچاوی جەماوەردا
ئەیاندەنە بەرگوللە و
خوێنی گەشیان ئەڕژێنن

**

واجارێ تر
فاشستەکان لەکوردستان
دەستیان بەخوێنی کورد زمان
سور ..سور ...ئەکەن
وائەزانن کورد نوستووە و ...
لەهیچ کارێکیان تێ ناگەن
ئابەو جۆرە چاو ترسانە
کۆڵ لەمافی ڕەوا بدەن
بەوجۆرە کارە فاشستیە

سەری خەباتیان کز ئەکەن

کەکۆلّ لەخاك و ...لەمیللەت و

نیشتمانی کوردیان ئەدەن

واجارێ تر

لاوی جوانی کوردستانم

فاشستەکان دەستییان بەستن

چاویان بەستن

سینگی قەلّغانی خاکیان

بەدەم گوللەوە ئەبەستن

دەرونی پڕ لەخۆزگەیان

بەتەنافی مەرگەوە هەلّئەواسن

چاوی ئومێدی پڕهیوایان

بەگوللە هەلّئەکۆلّن

نیشتمانیان لێ وون ئەکەن

لەسەر ئەوەی کەوا کوردن

بەر ڕێژەنەی ...گوللەیان ئەدەن

هۆ سلێمانی هۆ کوردستان

تۆ ماری کە لە مێژووتان

کەلاوی قارەمانتان

دەست بەستراو ...

**چاو بەستراو**

**لە گۆڕەپانی شارا**

**بەر ڕێژەنەی گوللە ئەدەن**

**دڵی پڕ لە هیوایان**

**بەگوللە لە هیوا ئەخەن**

**بیر و هۆشی کوردایەتی**

**تێکەڵی خوێن و گڵ ئەکەن**

**لاشەی ڕێگەی مەردایەتی**

**بەر ڕێژنەی گوللە ئەدەن**

**هۆ سلێمانی**

**گەورە و بچوك بەشایەت بن**

**واجارێ تر فاشستەکان**

**خەڵکی شارەکەم خرئەکەن**

**بۆ چاو ترسانی ئەم خەڵکە**

**شەش قارەمان**

**شەش ئاواتی ئازاری ژان**

**شەش چرای ڕێگای تێ کۆشان**

**شەش پاڵەوان**

**بەر ڕێژنەی گوللە ئەدەن**

**لا پەڕەی مێژووی کوردستان**

**بەخوێنی گەشی کورد زمان**

**واسور ئەکەن ... وا سورئەکەن**

**هۆ سلێمانی .... هۆ کوردستان**

**بەشایەت بن سەگێکی ڕەش**

**تفەنگەکەی لەسەر پێ یە**

**بۆ خالّی کردنی گوللە**

**لەسەر دلّی لاوی کوردا**

**ئەڵێی شەڕی خەیبەر ئەکا**

**یا لە غەزای ئوحد دایە**

**هە رئەیلێت و ئەیلێتەوە**

**یالّلاّ ئرمیهم خەوەنە**

**هەلّمەت ئەدا سەگێکی تر!!!**

**لەئەو لاوە لەئەو پیستر**

**دانیە بەرڕێژنەی گوللە !!**

**لەبەر خۆیانەوە ووتیان:**

**ئینتەصەر نا .... ئینتەصەرنا**

**هۆسلێمانی ...... بابزانی**

**جەماوەرت هەموو دلّ تەنگ**

**بەزۆر و بەلولەی تفەنگ**

**چەپڵە بە خەلّکی لێ ئەدەن**

ئابەو بۆنە پڕشەرمەوە

بەو سەرکەوتنە زەبوونەوە

بەوڕوو ڕەشیە بەتینەوە

بۆ کوژانەوەی شەش مۆم

بۆنەمانی شەش خۆزگەی جوان

ئەو فاشستە ڕوو ڕەشانە

چەپڵە بەخەڵکی شارەکەم

بەجەماوەری پر ستەم

بەخەڵکی دەروون پەستم

لێ ئەدەن وئەیلێنەوە

کوردایەتی ،توایەوە ،توایەوە !!

هۆ کوردە ستەم دیدەکان..!

هۆ وولاّتی کۆت و زیندان..!

لە وڕۆژەوە .....ئەوەم دیوە

گەورە و بچوکی فاشستان

لەگەڵ سی خوڕ و نۆکەران

ئەگەر بکوژم .... ئەگەر ببڕم !!

هەر خۆم بە مەغدورئەزانم

چونکە خوێنی ئەولاوانە....بەخوێنی گشت کورد ئەزانم

(١٩٨٥)

# ﴿دڵم پڕە..!﴾

دڵم پڕە تف هەڵ ئەکەم
بۆکەسانێ وەکو گورگن
لە کەوڵی مەڕ
خۆحەشار ئەدەن
هەموو بیر و باوەڕێکیان
بەدەم هەڵەوە رائەخەن
دەك نەمێنێن وەکو پەشمەك
لەناو دەما بتوێنەوە
بەدەم ئاواتی پیسیانەوە
لە خوێنیانا بتلێنەوە
خەجاڵەت بن
سەری شۆڕیان ، تاهە تایە
بەسەر شۆڕی و بەڕووڕەشی
بەرز بێتەوە
وەکو بەفری پاشی خورزم
بەناخی زەویا بچێتەوە
دڵم پڕە تف هەڵ ئەدەم
هەرچەندە پێم بڵێن شێتە

ئەی درکێنم ووتەکانم

هەرچی ئەڵێن با هەربڵێن

دوژمنان و دوژمنانم

من ئەندامێکی ئەم گەلەم

خۆم بەخاوەنی ئەزانم

دەك ڕووتان ڕەش

سیخوڕان و ئەڵقە لەگوێ دوژمنانم

لاتان شەرمە هاوار بکەن

بۆ سەربەرزی نیشتمانم

بۆیە ئەڵێم هەتا ماوم

کوردستانە نوری چاوم

بۆیە نێزەی تیژی شیعرم

لەدڵی گشت نۆکەرێ ئەگرم

پاسەوانی خەمی دڵی

منالآنی ئەم وولآتەم

خەباتە ڕێچکەی ژیانم

نارنجۆکن ووشەکانم

شادومان و بەختیاربێ

گەل و خاك و کوردستانم

( ١٩٩٩/٣/٢٧

# ﴿خەریکی چیم﴾

ئابەم عومرە کەمەوە

خەریکی چیم

هەمانەی کوڵم شووشەیە

ژیانم پڕ ئەندێشەیە

ڕێبوارێکم

لەبن سێبەری دارێکا

وا هاوڕێکەم

بەرێوە بانگی من ئەکا

خێرا وەرە واشە و داهات

بارگەوبنەت بپێچەوە

درەنگە کاتت نەماوە

خۆگێل مەکە...

جارچی جاری مەرگتی داوە..؟؟؟

بەخوا سەیرە؟

بێ پرس هاتم ...

بێ پرس ئەڕۆم

کوڵی شووشەم واشکاوە

هێزم نی یە بێمە زمان

دڵم بەجۆرێ سووتاوە

**دێتە زمان قاچ و دەستم**

**لەبەینی هاتوو چونمدا**

**پەردەی ئەسرارم ئەدڕێ**

**لە شوێنێکی زەبوونیمدا**

**٢٠٠٠١/٣/١**

# ﴿بۆ چی ئەڕۆن﴾

بۆچی ئەڕۆن ؟

لەناو بەرداشی ئاشی شەڕا

لەناو دەستی پڕ لە گڕا

لەگرانی و قاتی و قڕا

دەربازبوون و .....

بوون لە دایك

جگەر گۆشەکانی ووڵات

ئاواتی زۆر دڵی ناشاد

ئێستا ئەڕۆن

وەکو و تەیرە کۆچەرەکان

بەناو هەڵدێری ژیانا

ئەوان بەفڕین

ئێوە بە پێوە مل ئەنێن

بۆ ووڵاتی غەریبی

هەنگاوی خێرا ئەنێن

خواتان لەگەڵ

سەری بەرز و ساغی ئێوە

ئاواتی ئێمەی جێماوە

**سەلامەت بن**

**تا ئەوکاتەی بەدڵی شاد**

**بۆ ناو وولاّتم دێنەوە ...**

**بۆچی ئەڕۆن ؟**

**چاك ئەزانم ...**

**هەموو سنورێ ئەبەزێنن**

**بۆ ئەوەی خۆ بژیەنن**

**کاتێ کە شوان**

**گۆچانەکەی لێ فڕێ دا ...**

**ئیتر گورگ**

**سەرداره بۆ سێ داره...؟؟؟**

**توخودا مەڕۆن....ئەم وولاّتە قاچی ئومێدی بڕاوه**

**دەست و پەنجەی حەزەکانی**

**یەك پارچە خۆ داخ کراوه ...**

**لە دەست شەڕی برا کوژی .....**

**سەری خۆتان هەڵ مەگرن**

**برا هەر ئاشتی ئەبێتۆ**

**دەستم دامانی هەمووتان**

**توخوا مەڕۆن .....توخوا مەڕۆن**

**٢٠٠١/٣/١**

# ﴿بۆ کەرکوك﴾

هۆ قودسەکەم

گوێم لێ بگرە و ...

گوێ ڕادێرە

ئەگەر جارێکی تر

ئەنفالێکی تر دروست بێت

دووبارە هەڵە بجەمان

شەهید بێتەوە

گەر بادینانێکی تر

بەخەردەل دا پڵۆسنەوە

گەر قەرە داخێکی تر

بەتۆپ ... بتاوێتەوە

گەر هەزاران دێهاتی تر

بڕوخێتەوە

جارێکی تر هەڵمەت بێنن

هەموو کوردێ

لەژێر دەستی ستەم کارا

وەك هەشت هەزار بادینانی

لەژێر چەپۆکی فاشیا

**بتوێتەوە**

**هەر ئەڵێین کەرکوك**

**قودس مانە ... قودس مانە**

**قیبلەی هەموو  شاعیرێکە و**

**هی گشت کوردی  پارچەکانە**

**هیوای دڵی  هەمووانە**

**ئاواتی بەرزی هەموو**

**ئازادی  خوازی کوردستانە**

**

**هۆدڵی  کوردستانەکەم**

**هۆئامانجی  خەباتەکەم**

**چرای  شیعری  شاعیران و**

**هەوێنی  نووسینی  نووسەر**

**ئەگەر یاسا چەوتەکان**

**بۆ جارێکی  تر بێنەوە**

**گەر پیاو کوژو  فەسادەکان**

**بۆ ئەم  وولاتە بێنەوە**

**ئەگەر  تەوری  ستەم کاران**

**لەناو جەرگت  بدرێتەوە**

**ئەگەر  خوێنیش ...**

وەکو لافاو بەرز بێتەوە

هەموو بەدەنگێ......هاوار ئەکەین

دڵی ئێمە هەر کەرکوکە

ئێمە بەبێ کەرکوك ناژین

کەرکوك بەبێ ئێمە ناژی

ئەو عاشقەین

لە پێناویا خوێن ئەڕێژین

هۆ قیبلە گاهی شاعیران

هۆ سەر چاوەی هونەری جوان

هۆ ئامانجی خەبات گێڕان

ئەگەر هیتلەر

زیند و بێتۆ... سوپا بێنێ

گەر چەرچڵیش پیلان دانێ

گەر نادر شا و تەیموری لەنگ

لەگەڵ هۆلاکۆی خوای جەنگ

سەرداربن و هەڵمەت بێنن

ناتوانن جارێکی تر

صەددامی دوژمنی ئاشتی

مامۆستایی کیمیایی و خەردەل

بۆناو خاکەکەم بێنن

**یاسایی چەپەڵی فاشستی**

**بەسەرمانا بسەپێنن**

**تۆوی تەعریب و تەبعیس**

**لەناو کوردا بڕوێنن**

**سەری شۆڕی تاوان باری**

**لەناو کوردا و خاکی کوردا**

**بەرز بکاو**

**هەڵیبێنن .... هەڵیبێنن**

**١٩٩٤/٥/٧**

# چوارگوڵ

ئەو چوار گوڵەی .... لە باخێکان
هاوار ئەکەن ....لەدەستی ژان
ڕۆژگارێ بوو ....
یەك ڕەگیان بوو ....
یەك باخەوان و یەك ئاویان بوو
یەك ئاسمان و زەویان بوو
بەلاَم ڕۆژگار کەهات و چوو....
باخەوانی پێچایەوە
کەوتنە ژێر چنگی زۆرداران
ئاوی شیرینی ئەدزین
ئەینا لەتوڕکی دەوریان
گوڵی جوانی ڕەنگ سور
سیس ... سیس
وەکو ویژدانی زۆردار
بۆیە هەرچواریان پێکەوە
بەدەنگێکی پڕ لەتاسەوە ...
ووتیان ئەبێ ...ڕۆژگارێ
باخەوانی دڵسۆزمان بێ

ئاومان بداو ... ئاومان لێنیٚ

پەل و پۆی هەموو تورکیٚ

سەرپاچ بکاو بپەڕێنیٚ

تۆڵەی باخی ستەم دیدەش

بەسەر پەڕاندن بسێنیٚ

ئەوسا ئێمەش وەکو جاران

لەیەك ئاڵێین هەرهەمووماں

باخی گوێزو هەرمیٚ کەمان

لەگەڵ هە نجیرو ترێمان

بێتە بەرو چاك بێتەوە

سرودی ئازادی

بۆ باخەوان بۆ نیشتمان

بڵێینەوە ...

ئەم جا ر زێڕی ڕەشی بیٚ غەش

لەگەڵ هەموو بەرهەمەکان

بۆ تیماری .....

جێگەی زامی ...گشت داری باخ

لەدەرەوەی باخەکەمان بفرۆشنەوە ....

بە پارەی بەرهەمەکەمان

جێگەی تەوری زۆر دارەکان

**لەژێر لاشەی ژێر ستەممان**

**چاك كەنەوە .......**

**بڵێی ڕۆژێ دوژمنی هەرچوارەكەمان**

**پەت بكرێ و هەڵواسرێ**

**بەگەردنی دارگوێزەكان**

**تا ئەتاسێن و ئەتۆپێ**

**ئەم جالەسەر بڵندترین لوتكەی باخا**

**لەگەڵ هەموو هێزی داخا**

**فڕێ یاندەن هەتا هە پرون هە پرون ئەبن**

**ئەوجا ئێمەش بەیەك گیان**

**هەرچوارەكەمان پێكەوە ....**

**سرودی بمرن دوژمنان**

**بۆ ئازادی و بۆ سەربەستی بڵێینەوە ......**

**بڵێینەوە.....**

**١٩٨٩**

# ﴿ دەنگ ﴾

دەنگ هەڵسا .....

لەناو خەڵکی

ووتیان ئاگرە .....!!

ووتم نەخێر ... ئاگر نیە

کڵپەی شۆڕشێکی سوورە

شۆڕشێکە ..... کە زۆر داران

کەداگیرکەر.....

کە خوێن خۆران و خاك فرۆش

ئەخاتە گریان .... ئەکاتە دەر

کە پاڵەو .... ڕەنج دەران

ئەبنە ڕابەر ..... ئەبنەدانەر

بۆ کێشانی نەخشەی ووڵات

**

دەنگ هەڵسا ....لەناو خەڵکی

هاواریان کرد .....

ووتیان نەماین ....

ئەوا فەوتاین

سەرو ماڵمان .....سەرو لێژ بوو .....

دەستی ستەم کار درێژ بوو ...

ووتم نەخێر ......

بەڵکو ئێمە هەرئەمێنین

بۆ لەناو دانی فاشستان

بۆ تۆپانی ئەڵقە لەگوێ و ئەفلەقیەکان

بۆ سەندنی مافی خۆمان

بۆ ڕزگاری و بۆ ئازادی

بۆ مافی گەلی چەوساوە......

بۆ سەرکەوتنی کوردستان

بۆ هەڵکردنی ئالاّ

ئەو ئالاّیەی

کەڕووناکی چاوا نمانە

کە نیشانە بوونی .....

خاك و ئاو ی نیشتمانە

**

دەنگ هەڵسا لەناو خەڵکی

بەهاوارو گریانەوە ..........

بەدەرونی پڕژانەوە ....

کەسەیرم کرد ....

قەسا بخانە دانراوە ....

**بۆ گەورەو بچوکی کوردان**

**چەند ئافرەتێ یەخە دڕاو**

**بە ڕاستی شاری مردن بوو**

**دانرا بوو ... یان کرابوو**

**بەدەنگی بەرز ....هاوارم کرد .....**

**سەرکزو سەر نگون نابین**

**هەروەکو گیای بەهاریش**

**هەتاکو بێ هەر زیادەکەین**

**گەر پارچە  پارچەش مانکەن**

**لەمە نجەڵێکمانا  بخەن**

**هەزاران ساڵ ....**

**بمان کوڵێنن**

**ئێمە هەرگیز تێکەلاوی**

**ئێوە نابین ....**

**ئێوە نابین**

**( ١٩٨٦ )**

# ﴿ بەبۆنەی شەهید کردنی هەڵە بجەوە﴾

هەزاران خانوو یەك کەلاوە ...!!

هەزاران لاشەو یەك گۆڕ..!!

فاشستەکان خوێن مژەکان

هەتاکو کەی نابن سەرشۆڕ

چیتان ئەویست لە کوردستان

هەموویتان کرد ....!!!

ماڵتتان برد ... !!

لاوانتان کوشت ....!!

ئەنفالتا ن کرد ...!!

دێتان ڕوخان !!

کیمیابارانی چاکتان کرد

بەئارەزوی دڵی خۆتان

فەسادتتان کرد ..!!

تا چاوی پڕ تاوانتان کاری کرد

خاکی کوردو ...

ماڵی کوردتان کاول ئەکرد ...!!

ئەی وێران کاران

ئەو کاتەی وا .....

خوێنی ئێمە ئاوی کێڵگە بوو !!!

لاشەی ئێمە .....

پردی ژێر پێی ڕێگەتان بوو

بیری دوارۆژی کوردتان نەبوو ....

بیری ڕۆژی تۆڵە سەندن

تاوان و ستەمتان نەبوو

هیواو ئامانجی گلاّوتان

وێرانی ئەم ولاّتە بوو

بۆیە ئەوەی خەیاڵتان بوو

وەها نەبوو...

وا دەرنەچوو .... وا دەرنەچوو

**

وا ئێستاش لەم ڕۆژەدا

ئالەم یادە پڕ ئاهەدا ....

یادی چەند ساڵ

بەڵێ چەند ساڵ تاوانکاری

خوێن ڕشتن و دڵ بێزاری

ئەکەینەوە ....

تۆوی کیمیاباران و تاوان کاری

بە نوکی شەقی کوردایەتی

**لائەدەین ..... لائەبەینەوە ..**

**تۆڵەی شاری شەهیدا نمان**

**لە وولاّتی شەهیدانا ....**

**لە فاشست و سیخوڕەکان ئەکەینەوە ...**

**بەقەد توکی سەری شەهیدان**

**نەفرەت و ڤین بەرز ئەکەینەوە ...**

**بۆ ناو چاوی**

**دیکتاتۆری بەغای تاوان**

**ڕق و ڤینی گشت کورد زمان**

**هەروەك کیمیا بارانەکەی..**

**بەناو چاوی تاوان بارو ...**

**خوێن مژەکەی ...**

**بەغای مۆڵگەی تاوانکاری**

**ئەدەینەوە ... ئەدەینەوە ...**

**هۆ خەڵکینە ...**

**گوێ ڕادێرن ....**

**چەند ساڵێ بەر لە ئێستا**

**لەناکاوا زرمە هەستا**

**خوێن تێکەڵی سیروان کرا ....**

**هەڵە بجەمان شەهید کرا ...**

**بە شەهید بوونی ئەم شارە**

**شەڕی درێژ خایەن نەما**

**بوو بە شەڕی لێفەی مەلا**

**هەر ئەو شارە شەهید کرا ...؟؟**

**ئاو بە ئاگری شەڕ کرا ...؟؟**

**ئیتر ئاگر کوژایەوە ...؟**

**ئێمە کراین بە مەلاو ...**

**خۆیان بوون بە خوێڕی کۆلاّن**

**هەر ئەو داخەیان ڕێژا ...**

**وەکو مار لەیەکتر ئالاّن .........**

**دەسا مێژوو ..**

**لا پەڕەی نوێ ئامادەکە ..**

**دەسا زانا**

**قەڵەمی کولت تیژبکە ...**

**تۆماری کەن هەڵەبشیما**

**بۆ نەوەکان .....**

**کەدێن لەدوا ...؟؟**

**لە ناو مێژوودا بنوسن**

**کەسالّی هەشتاو هەشت بوو ...**

**شانزەی سێ بوو ....**

**کوردستانمان بەهاری بوو**

**شنرویّ قژی شانە ئەکرد**

**کانی ئاشقان**

**خاکی هەڵە بجەی ماچ کرد**

**شار خامۆش و بیّ ئاگا بوو**

**منالّی تازە پیّ گرتوو**

**خەریك گەمەی بەردەرگا بوو ....**

**خەڵکی بۆ سەیرانی بەهار**

**کەوتبونە ... هاتووچۆ**

**لەناکاو ا.....؟؟؟؟**

**هەڵەب شیما دروست کرا ....**

**خویّنی هەزاران بیّ تاوان ....**

**هەڵە بجەیان پیّ سور کرا ...؟؟؟**

**هۆ شارەکەی ئەحمەد موختار**

**هۆ هیّلانەی سالّح هەژار**

**هۆ قیبلە گاهەکەی گۆران**

**لەبەر چی واتان پیّ ئەکەن**

**بۆ ژیّر زەمین بە گۆرتان و**

**خانوو بە کەلاوە ئەکەن**

**ئەی( گۆران )ی سروشت پەرست**

**بۆچی وونی دەرونت پەست**

**دەهەستە و قەڵەمت دەر بێنە**

**فرمێسکی خوێنینت بڕژێنە**

**بەو هۆنراوەی خۆت ئەزانی**

**حاڵی ئەم شارە بلاوێنە**

**بۆم بنوسە ........!!**

**نامەی زەلیلی ئەم شارە !**

**بۆم بنوسە**

**ناوی شەهیدی ئەم شارە !**

**بۆم بنوسە ....**

**بۆ وێران و گرفتارە !**

**تو خوا ( گۆران ) بۆم بنوسە**

**ڕك و کینەی ...**

**ئەم فاشستە ستەم کارە ...!!**

**لەگەڵ شیعری ( ئەحمەد موختار )**

**کە ئەی فەرموو بخوێنن**

**لەگەڵ ووتەی ( ساڵح هەژار )**

**کە ئەی فەرموو تۆڵە سێنن**

**

**هۆ ( شاهۆ )کەی حاکمی زەمان**

**حاکمەکەی هەڵە بجەی وێران**

**چاك ئەزانی**

**لە ماف و حقوقی ئینسان**

**لە حکوم دانی بێ ویژدان**

**دە حکومیدە، ئەم زۆردارە**

**بیدە بەر شەقی زەمانە**

**با هەموو جیهان بزانێ**

**کە ئەم فاشیە خوێن مژە**

**بە کۆمەڵ شەهید مان ئەکا**

**بە خەردەل و گازی سیانی**

**هەناسەی هیوا وون ئەکا**

**بە هەزاران**

**دێهات و شار خا پور ئەکا**

**هیرۆ شیما لە کوردستان**

**دروست ئەکا، بەرپا ئەکا**

**قەڵەم لە گیرفان دەربێنە**

**ڕا پۆرتی خۆت بنووسە**

**بیدە دەستی مافی مرۆڤ**

**پێیان بڵێ:**

**ئەمەیە تاوانی بەعسیان**

**یاسایی ئێمە**

**تۆڵە سەندنەوەیە لێیان** .........!!

**یاسای ئێوە** ....

**چۆنە لەسەر ئەم تاوانە**

**کەفاشیانی ( بەغدا )ی تاوان** ...

**کردویانە لەم کوردستانە**

**واچەند ساڵە سیروان هەر رێگا تەی ئەکا**

**نازانم بۆنەهاتەوە**

**چوون لە هەڵە بجە دەرچووە**

**خوێن و پرچی** .....!!!

**ئافرەتانی ئەم وولاّتەمی بردوە**

**لێرە چووە** ...!

**چاوی دەرپۆقیوی منالّ و**

**ئازاری شاری بردووە**

**لێرە چووە** ..

**گەلێ تورەو بەقین بووە** ....

**خۆی ووتبۆی وا من ئەڕۆم**

**شە پۆل ئەدەم** ..... **شە پۆل ئەدەم**

**ئەئەم خوێناو و پرچانە**

**ئەئەم چاوی منالاّنە**

بەناو چاوی دیکتاتۆری ( بەغدا ) ئەدەم

پێیان ئەڵێم

ئەی خوێن خۆرانی خوێن مژان

بۆ خوێنی ئێمەتان ڕژان

بۆ تێر ناخۆن ....

لە خوێن ڕشتنی کورد زمان

پێیان ئەڵێم

پێ پەتیەکانی بێ حەیا

خۆتان دڕکێ لە پاتان چێ

هەتا ئەمرن بیرتان ناچێ

پێیان ئەڵێم ... بۆ وائەکەن

بۆ خۆڵ و خوێن تێکەڵ ئەکەن

داگیرکەرن ... خاك تێك دەرن

دژی یاسای ئینسانیەت و

دوژمنی ژینی بەشەرن

ڕاستە ئێوە ... دیکتاتۆرن

تەعدا ئەکەن ...... تەعدا کەرن

**

هۆ کەڵبە سوور..!!

با پێت بڵێم:

**قەت ناوی فەلەستین نەبەی**

**ناوی جووە خراپ نەکەی**

**بۆ بۆ ئەوان هاوار ئەکەی**

**دەمی لارت**

**ئاراستەی مافی مرۆڤی جیهان ئەکەی**

**ئەی بۆ ئێمە**

**هەزارا نمان شەهید ئەکەن**

**شاری وەکو نەمام هەڵچووم**

**خەردەل و کیمیایی پیا ئەکەن**

**منی قارەمانی ڕۆژگار**

**بە خوێنی لاوەکانی خۆم**

**سوور سوور، ئەکەن**

**منالآنی ناو لانکەی جوان**

**بە خەردەل لەخەندە ئەخەن**

**

**بەڵێ منم:**

**( سیروان )م و من هاتووم**

**منم نوێنەری ئەوشارەم**

**چاوی منالْ و**

**پرچی ژن و خوێنم پێیە**

ڕیشی سپی پیرە پیاوو ...
ڕۆحی گەنج و لاوم پێ یە
با پێت بڵێم ....
سوێندم ئابەو هەڵە بجەیە
نەك هەڵە بجە شەهید بکەی
نەك دێها تمان وێران بکەی
نەك هەزاران ژن و منالْ
بە خەردەلت بێ گیان بکەی !!
ئەوەی نەکرێ پێمان بکەی
منم نوێنەری ئەوشارە
با پێت بڵێم
مەحاڵە وازت لێ بێنین
مەحاڵە تۆڵە نەسێنین
مەحاڵە لەو کردەوانەت ...
خۆ کەڕ کەین و چاونوقێنین
چونکە ئێمە ،شاری ئێمە و گەلی ئێمە
وەکو پڵنگە لە هەردا ...
هەر ڕۆژێ چنگت لێ ئەدا
ئەت فەوتێنێ و .....
خاکی کورد ئەدا بە سەرتا ...

**با پێت بڵێم ...ئەگەر هەزار جار وابکەی**

**بەگیانی خۆت**

**بەچ کەوچکێ کەخواردووتە**

**ئەبێ بەهەمان کەوچك ...**

**بە زیادەوە تێی کەیتەوە**

**با پێت بڵێم : لەلای ئێمە ...**

**بێ قیمەتە قیمەتی تۆ ...**

**بێ حورمەتە ڕەواجی تۆ**

**زەهری مارە خەندەیی تۆ**

**ئەی دەم لاری نەزان بگۆ**

**لەم عەرشە چاك خۆ بائەدەی**

**لە هەڵە بجەش .....گازی سیانی ...**

**بەسەر شارەکەما ئەکەی ...**

**ئەی دیکتاتۆری ئەم سەدە**

**درەنگە دەست لەگەل بەردە**

**هەزاران مالٌ و یەك کەلاوە**

**هەزاران لاشەو یەك گۆڕ**

**ئەی فاشستی ئەم سەدەیە**

**ئەبێ هەر سەرت بکەی شۆڕ**

**( ١٥/ی ئازاری /١٩٩٤**

# ئەستێرەکان

ئەستێرەکان ....

لە بیرم دێ ...

کە منداڵ بووم ...

کە تەماشای ئێوەم ئەکرد

لە جوانیتان تێر وورد ئەبووم

بزە سەر لێوی ئەگرتم

داڵغەی سەیرکردنتان ...

بەری دڵ و چاوی گرتم

چاوەکانم هێدی ...هێدی

تێ ئەڕوانین ..

وەختێ بەخۆمم ئەزانی

ئێوە وون و کات بەیانی ....

**

ئەستێرەکان ....

ئێستا ئەزانم ....

خوا بۆ وا دروستی کردن

خوا نەخواستە ......

ئەگەر ژیان لە ئێوەشا هەبوایە

ئەبوا ئێوەش ....

**وەکو کوردتـان ....**

**لیَ بژیایە ...!!!**

**سەرمایەدار وەك سەر زەوی**

**حکومڕانی بکردایە**

**هەژارانیان وەکو ئیَستا ....!!!**

**سەرمایەدار**

**دەستی زۆردار**

**خویَنی وولاّتی هەژارانی**

**تاهەتایە و ..... تاهەتایە**

**بمژیایە .... بمژیایە**

**( ١٩٩٤/١١/٢٢ )**

# ﴿بۆ شەهید سەعید سێ تەلآنی﴾

ساڵ پا یزە و

كزەی سەرما

بەرگی هەژاران ئەدڕێنێ !!

داربەڕووەكان ....

بۆ كەساسی ئەم ووڵآتە

گەلآی سەوزی ئەوەرێنێ !!

خۆزگەوئاوات ....

وەكو لافاو

بەرە و گۆڕی .....ناو گۆڕستان ...

ڕا پێچ ئەكرێ ....!!

هەورو گەردەلولی پایز

خۆڵ و تۆزی خەم خرئەكەن

بەسەر دڵی ستەم دیدەی

ستەم دیدەكانا ئەدەن

بۆ ووڵآتی كۆت و زیندان

فرمێسك بەدیاری هەڵ ئەدەن

ئێوارەیەو......

گاشاخەكان لە مۆڵگەدان

**خۆیانیان وا حەشارداوە**

**وەکو بلّێی کەدار و بەرد**

**پێشمەرگەیەو .....**

**لولەی تفەنگی تیّ کردوون**

**بۆیە خشپەی مار و مێرووش**

**بەهێرش بردن ئەزانن**

**خۆیان ئەکەن بەژژوو**

**چاوەڕوانی گیان کێشانن !!**

***

**ئێوارەیەو ....**

**بەلاّم کوڕانی وولاّتی خوێن**

**ڕۆلّەی ئازا و دوژمن شکێن**

**بەرەو لوتکەو مۆلّگەی فاشی ....**

**هەنگاو ئەنێن ....**

**بۆ پاکۆدانی گاشاخەکان**

**سینگ بەگوللەوە ئەنێن**

**بۆ تۆمارکردنی داستان**

**ئامادەن بۆ ڕژانی خوێن**

**بۆ ئازادی و سەرفەرازی**

**ئامادەن کە شەهید کرێن**

ئێوارەیەو .......

وا دارەڕەش .....

میوانی ئازیزی هاتووە !!!

خەندەی شادی

سەرتاپای شاخی گرتووە ....

هەمووبن بەردێکی پالّی

ئامادەی سەنگەر کردووە

شێرە کوڕانی قەرەداخ

قۆلّی شەڕیان هەلّکردووە

بۆ تۆمارکردنی داستانێك .....

پەنایان بۆ مەرگ بردووە ....!!

بەدەستی ڕاست

چەکەکانیان هەلّگرتووە ....

دەستی چەپیان

نەخشەی داستانی نوێ ی

شۆڕشی نوێ ی

هەلّ گرتووە ... هەلّ گرتووە

***

ئێوارەیەو ....

هۆ دارە ڕەش

شاخی سەرکەش

کاکە سەعید

سەرقافڵەیە و نامەی پێ یە

بۆ پاکۆ دانی دووژمنان

ڕووی کردووە لەئەم جێ یە

نامەی پێ یە

نامەی بەخوێن ئیمزا کراو

لە گیرفانی سەر قافڵەیە

وادەی دانانی پیلانە

بۆ ئەو هێزە دڕندە یە

پێشمەرگەش دەستە و نەزەرن

بۆ ئەمری ئەم فەرماندەیە

وەکو هەڵۆی چەشە ڕاوون

بۆ پاك سازی ئەم ناوچەیە

**ئێوارەیەو ....**

**پێشمەرگەکان ....**

**یەك یەك .... دوودوو...**

**لەلای لێپرسراو خڕئەبن**

**کاکە سەعید**

**نامەی لە گیرفان دەردێنێ**

**نەخشەی گرتنی دوژمنان**

**بۆ هاوڕێکانی ئەخوێنێ**

**شوێن و نهێنی دائەنێ**

**پێیان ئەڵێ :هەڵمەت بەرن**

**دووژمنان بگرن تازووە...**

**لێرە نی یە و لە گشت شوێنێ**

**زەبری ئێوە یان چەشتووە**

**پێیان ئەڵێ :**

**ئەی کوڕانی شۆڕشی نوێ**

**ئەی شمقاڕانی یەکێتی**

**دایکی وەتەن**

**بەئێوە پشتی بەستووە**

**تۆڵە سێنن**

**هەڵمەت بەرن هەتازووە...**

**هەلّمەتی وا ...تاکو بلّێن**

**شۆڕشی کورد هەرزیندووە**

**ئەوا شەوەو**

**هێرش بردن بەردەوامە**

**ڕەبیە گرتن یەك لەدوای یەك**

**وەك خواردنی شتی بەتامە**

**گەڕانەوە لە غەزای وا ...**

**بۆ ترسنۆك و نەفامە**

**سەرقافلّەی ئەم داستانە**

**لە پێشەوە هاوار ئەکا**

**ئەلّێ : یالّلا هەلّمەت بەرن**

**گاشاخەکان دەست بەسەرن**

**هەموو سەرا پای کوردستان**

**بەردی ئەلّهەدە بۆیان**

**بابزانن ئە ئەم خاکە**

**بەردی ئەلّهەدی تێدایە**

**تاکو نەدەین لە پۆزەیان**

**نالّێن حەقی کورد ڕوایە ....**

ئەوا شەوە و

گەرمەی شەڕە ...!!

کوڕانی وولاتی زیندان

پلنگ ئاسا هەلمەت ئەبەن

کاکە سەعید

بەردەوام هەر هاوار ئەکا:

بەردەوام هەر ئەیلێتەوە:

هەلمەت بەرن

تاگشتی پاك ئەبێتەوە

سەری خاوەن پۆسالی ڕەش

لە ژێر پێ بپلیشێتەوە ....

مەترسن و هەلمەت بەرن

شەوگار زووە و ....

ڕۆژ زۆری ماوە بێتەوە

ئەوا شەوە و

چۆن بول بول ئاشقی گولە

پێشمەرگەش

بۆهێرش کردن دڵ بەکولە

شەوگاریش خۆ زۆری ماوە

تف ئەی گوللە

وا سەرقافڵە پێکراوە

برین شوێنی کاریگەرە و

ڕۆحی سەعید ئەکا درەو

مەرگ پێشوازی لیٚ ئەکا و

چاوانی بۆ ناکرێتەخەو

بۆیە لەدوا چرکەی ژینا ...

کاکە سەعید هاوارئەکا"

نەچنە خوارێ ...هەڵمەتتان بێ..!

تەنها یەك ڕەبیە ماوە

بەرە و پێشچن

نەکەن بگەڕێنە دواوە ...

ئەوا شەوە و

دوژمنان شکستیانە

وەکو خورزم

لەگشت لا گوللە بارانە

ڕوحی سەعید ... ژینی سەعید

گەلی برا لە نەمانە

دەسا بگرین قوڕلەسەرکەن

بۆئەم شەهیدە نەمرە و ...

ئەم پێشمەرگە قارەمانە

**کاکە سەعید....**

**بۆیەکچاری سەری ناوە**

**لە پیر سەوز تەسلیم کرا**

**چەکی پیرۆزی پێشمەرگەی**

**تەسلیم بە هاوڕییان کرا ...**

**بە ئامەنەت تاقیامەت**

**ئەمانەتی لیٚ وەرگیرا ...**

**ئیسپاتی کرد بۆ گەلی کورد**

**خوێنی رژاو ....خوێنی رژا**

**( ١٩٩٤/٤/٢٩ ) زەڕایەن**

# پرسیار

گەر پرسیار ئەکەی لێم
لە بارەی ژیان و جێم
داگیرکەر وازم لیٚ بێنە
خۆت بە سەرمانا مەسە پێنە
گەر ئەتەویٚ ئاسودەبین ...
تۆوی دووبەرەکی مەچێنە
توخوا زۆردار .... ئەی ستەم کار
دەست هەڵگرە ....
لە کوردی هەژار ...
گەر پرسیاری حەق ئەکەی لێم
کوردستانە خاکە هەم جێم
بۆ کوردستانە ژیانم
بۆ کوردستانە گریانم
بۆ کەساسی کوردی هەژار
نەمانی تۆ ئەی داگیر کەر
ئاواتی بەرزی ژیانم
تو خوا حەق بێژ ......خۆت مەکە گێژ ...
ڕاستی بڵیٚ و....حەق مەکە لێژ ....

١٩٩٤/١١/٢٧

# زۆر لەمێژە

زۆر لە مێژە من ئەنوسم
نامە و هۆنراوەکانم
ئەوەی زانیم ئەوەی توانیم
کردم لەرێی عەشقی پاکا
بیرو هۆشم کردە گوڵ...
لە بەر پێتا هەڵم وەران
ئەی ئەو کەسەی نەك بیرو هۆش
تەنانەت دڵیشمت ڕەنجان..
لە بۆچی بوو ....
لە سەرچی بوو ....
چ تاوانێکم کردبوو ...
وا ئەم دەرونە کۆیلەیەم
بە ئاگری خۆشەویستیت
هەڵکوڕوزان.....
ئەی تەنها مەبەستی دڵم
ئەی سەرچاوەی شیعرەکانم
بێ جگە لە خۆشەویستی تۆ
هیچ شك نابەم

**لەناو دەرونی پڕ لە سۆ .........**

**لەهەر کوێیەك**

**ئەوەی کە هاوشێوەی تۆیە**

**یاخود کەهاوناوی تۆیە**

**ئەو دڵە بەوەفایەم**

**خورپەیەکی وەهای پیادێ**

**وەکو تۆبی و وێنەی تۆبێ**

**ئەو پەڕی خۆشەویستی خۆم**

**نیشان ئەدەم...**

**

**ئەی هێزی دڵ**

**ڕووناکی چاو...**

**تەنها هەڵبژاردەی دڵم**

**دەستەو نەزەر**

**لەبەر دەرگای عەشقی تۆدا .....**

**سەرو سینگی دەرونەکەم**

**بۆ سەر زەوی خاکی بە رپات**

**مورید ئاسا ........**

**سەردا ئەخات ....**

**سەردائەخات**

**ئەی ئارامی دڵ و گیانم**

**تەنها سوپاسی خوا ئەکەم**

**لە پێناوی عەشقی تۆدا .....**

**سەرو ماڵم بە قوربانە**

**کە من کۆیلەی عەشقی تۆم**

**بابەس بێ ئەم ئازار دانە**

**تۆ کەسێکی ...**

**دڵی منت وەها تاسان**

**لە گێژاوی عەشقی خۆتا.......**

**هەزاران حەزمت وەران**

**شێخی سەنعان لە چاومندا ..**

**مناڵێکە گێل و نەزان**

**فەرهاد کەی عەشقی زانیوە ...**

**کاتێ بەچاوت ئەبم شاد**

**مەجنون شێت بووە نەیزانی**

**کاتێ لەیلی خۆی هاتە یاد**

**کەی سیامەند وەکو من بوو ....**

**بەسەیری خەج دڵی بوو شاد**

**مەگەر هەر مەم وەکو من بێ**

**بۆ دادەزین ...**

**دڵ پڕ گرین ...**

**بەلاّم ئازیزلێم مەبە زیز**

**لە ناو دەریای وەفای خۆمدا .........**

**بە کەساسی چۆکم دادا**

**من ئەو کەسەم**

**کەژینم بۆ تۆ**

**دە تۆش مەرد بە**

**لەدەریای وەفای خۆتا بە خەندەیەك .........**

**هەموو ئازارێکم دەرکە ....**

**یان وەکو چرایە .......**

**پە پولەی رۆحم دەرکە ......**

**١٩٩٧/٣/١٦.**

# ﴿لایلایەی دایك﴾

لایلایەی دایك زۆر خۆشە

بەلاّم کاتیّ بۆ منی کرد

نەم ئەفامی

سۆزو بەزەی دایك زۆرە ........

بەلاّم کاتیّ من پیّم زانی ...

جودا کرام ....

لە جودای ئەم دوو هەستە

ئەوەی فیّر بووم ....

ناسینی خۆشەویستە

جاکە وابوو ........

یەکەمم چوو لە نەفامیم

دووەمم چوو لە جودایم

بازوو هۆش و دەرونی خۆم

بە ئاگاکەم.... لە ئەزیزان

ئیّستا ئەفامم ئەزانم

ئەوەی خۆشەویستی دڵە

هەتا خەڵکی بکا لۆمەی

ئەو دڵە، زیاتر بە کوڵە

**دیارە وایە لەم دنیایە**

**خۆشەو یستی لە دڵدایە**

**لەناو هەستی پڕلەسۆز و...**

**لە چوار چێوەی هەڵبەستایە**

**گەر خوانەخواس ئازار هەبێ**

**بۆ دوو دڵی یەك گیان و ڕەنگ**

**هەردوو دڵ و هەردوو گیان**

**یەك ئازارە ...**

**یەك ئێش و ژان**

**١٩٩٧/٣/٦**

# ﴿بۆ سەرۆکی شارەوانیەك﴾

لەو کاتەدا .......

پیاڵە بۆ قۆری ئەڕوانیّ .........

بەلاّم قۆری لە پیالّە بەتالّ ترە

نەك بەتالّ تربیّت

بەلّکو تەلّخ تر و تینو تربیّت

ئەبیّ هەستی پڕلەخەمی هەژاران

چۆن پڕ لە خەم و ئازار نەبیّت

ڕونتر ئەلّیّم

ژوری سەرۆك لە پاسەوان

جیاتر نەبیّ

بنمیچی ژوور...!

وەکو دەرکەی ئەشکەوتەکەی حەرا بیّت

هەناسەم سارد لە چ دەرگایەکم دا

پەشیمانم لەخۆم بوریم

هەلّەی ویژدان

زۆری وەکو منی خەلّەتان

هیوا دارم

ئەم هەلّەیەم لە بیری پڕ لەتەم

**من و چەندان هەڵ بسێنێ**

**ئەم هۆنراوەم دڵی سەرۆك ڕاچڵەکێنێ**

**جا گوێگرە ئەی سەرۆك**

**ئەی سەرۆکی مۆدێرن وخاوەن ئەزموون**

**تۆ ئەو کەسەی**

**ڕێوی و شەیتان لە فێڵی تۆ**

**هەر ئەگریەن و ئەڵێن**

**ئێمە داماو دەست بە ئەژنۆین**

**هەناسە سارد و دڵ بەسۆین**

**چاو بە گریان و ڕەنجە ڕۆین**

**لەو ئەو شوێنەی...!!**

**کە ئەو تیا بوو لەدایك**

**کە ئەو تیابوو بە سەرۆك .**

( ٢٠٠٢ )

# ﴿ڕووڕەشەکان﴾

ڕووڕە شەکان خەجاڵەت بن
چونکە ئێوە ئاگردانی کوانوی شۆڕش و
خەرمانی ئاواتی گەل بوون
چونکە ئێوە داسی دەستی جووتیاربوون
بۆ هەلاّشی دوژمن بوون
چونکە ئێوە تیشکی هیوای بەندینخانەو
سروودی دەمی نەداران بوون
کە چی ئێوە ئەو گورگە بوون
لە ناو پێستی مەڕا بوون
وەرزی وەرانی پایز بوون
بۆ ئاواتی گەلی مەفتون
کەچی ئێوە دزی کولێن و
لە ژێر پەردەی شۆڕشدا
برای گیانی دوژمن بوون
ئەوانە بوون بۆمانەوە
خۆتان لە شەهیدان شاردەوە
ئێوە خۆ فرۆش و دوژمن بوون
ئێوەو ئێوە

ئەوە نەبوون کەوا هەبوون .

ئەی ڕەفیقی ڕیفاقەکان

بۆ نازانن مار هەرچەند پێچ لە خۆ دا .......

هەر بەڕاستی خۆ بە کونی خۆیا ئەکا

نەتان زانی درۆ مەیدانی زۆر کورتە

بۆ دەرکەوتنی خەرمانی نیهێنیەکان

نەتان زانی ڕۆژگاری گەل هەروانابێ

خۆری ئازادی ڕوو لە هەموولایە ئەنێ

ئەوەی لەناو دلّی گەلا کردتان

ئەو فرمێسکەی بەدرۆ ڕشتان

سەروچاوی ڕەشی تاوانی پاك نەکردەوە

ئاخری ئێوە دۆڕان و

دایکی ئەنفال و شەهید بردییەوە

چەند هیلاك و شەونخون بوون

بەیەك ووشەی من نۆکەرم دۆڕانتان

ئاخ کەناخۆشە مۆری تاوان

بەلا پەڕەی خەباتا بنرێت

خەجالّەتی بەردەم گەل و

شەهیدان و ئەنفال بکرێت

گریمان کەمردوون

**هەرنەبوون و هەرنەبوون**

**ئەی کونە ببوەکانی شۆڕش**
**لەتاریکی گەورەکاندا بوون**
**لەداوێن و لەداوێنی**
**دڵ نەرم و دڵ سۆزانا بوون**
**پێکی عەشقی نیشتمانتان دابەش ئەکرد**
**شەکراوی مەرگی تاقانەتان نۆش ئەکرد**
**بوختانتان بۆ دار بەڕوو ئەکرد**
**ئەتان ووت :ناومانی برد**
**بەهەنگوێنی لە دەم گیراوەی هەتیو**
**بەدەستی قڵیشاوی خۆشی نەدیو**
**بەشەونخونی ئافرەتان**
**تێرتان نەخوارد ...**
**شیعری دەمی منالآنی ئەم وولآتەبوون**
**قەڵغانی پۆلآو نێزەی پڕلەقینی**
**دەستی هەژاران بوون**
**ڕووتان ڕەش بێ**
**لەبەر نێزەی شیعری شاعیرانا**
**پێشینان ڕاستی فەرمووە هەروایە**
**درۆزن ڕوو ڕەشی خوایە**

**ئەی ئەوانەی وا هەڵۆ بوون**

**لە سەرماو سۆڵەی زستانا**

**کۆڵە دارتان لە ڕێ سوتا**

**نەك کۆڵە دار**

**بەڵکو منالٚی شیرەخۆر**

**مەرگی پێشی مەرگتان خرا**

**زۆر دڵسۆزان بوونە قەڵغانی قەزاتان**

**بوون بە دەواری بارانتان**

**بوونە توێشو و هەم چاو ساغتان**

**بە ئاواتی سەرکەوتنەوە**

**مردن و سەریان نایەوە**

**گەر زیندو بنەوە بۆتان**

**پێتان ئەڵێن**

**ڕووی مردن ڕەش ...**

**کە زیندوو بویتەوە بۆ تان .**

**کە زیندوو بویتەوە بۆتان**

**( ٢٠٠٣/١١/٢٢ )**

**هەڵە بجەی تازە**

## ﴿بۆ سەرکردەی خوێن ڕێژ سەدام عۆجەیی﴾

ئەی سەرکردەی ڕوو سیاه

بۆ تۆ گەلێ ناو دانرا

زۆر بالۆرەت پیا ووترا

بە قەڵغان و شێری عەرەب ناویان بردی

زۆر کردیان وەسفی پیاوەتی

کەچی وەکو دەڵەك لە کون

بەڕیشێکی درێژەوە ملیان گرتی

وەك چتیری دابەستە بووی

نەك شێر بەڵکو ڕێویش نەبووی

وەك بۆنکە کەتەڵە بیگرێ

لەژێر زەمینی ترسەوە دەریان کردی

نەیان زانی لەخەڵوەتی ترسدای

لەو قەبرەدا وا بەتەنیایی

چاوەڕوان بووی بۆ تەسلیم بوون

بۆسەر شۆڕی و مل کەچ بوون

تۆ کەسێ بووی تاجی سەری

هەتیو و مچەو سەر سەری بووی

تۆ نەزان و نەزان بگۆ و

باوکی هەموو تیرۆ ریستان بووی

**تۆ سەررچاوەی شەڕو فیتنەو ئاشووبەبووی**

**تۆ سەرکردەی  خوێن مژان و**

**دیکتاتۆری ناو وولآت بووی**

**تۆ بیٚ وەفاو**

**بەوەفای خوێن ڕشتن بووی**

**هەرچی بلێن کە خراپ بیٚ تۆ ئەوە بووی**

**دەك خەجاڵەت خۆ ت**

**وەك خەجاڵەت بووی ...**

**ئەی ڕوو ڕەشی  پەڕەی مێژوو**

**تۆکەسێکی تاجی سەری هەموو خوێن ڕێژان بووی**

**هێتلەر ووتی : من کەی هاوشانی ئەوم**

**زیرە ئەکەم ئەگەر صەدام بێتە خەوم**

**چاو سیسکۆ  گوتی : زۆر خەم ئەخۆم**

**پێم ناخۆشە وەك ئەو بڕۆم**

**خەجاڵەت بیٚ ناوی زڕانین**

**کەی  ئێمە بۆ تەسلیم بوون وەك ئەو بوین**

**هۆلاکۆ خوای شەڕ ووتی :**

**من باشترم من  پیاوترم**

**چونکەلە دەست وپێوەنم خێرم بینی**

**خۆ م  لە قەبرا تەسلیم نەکرد**

بەبیٚ کەسی و بە زەلیلی
نادر شا هۆ ن هۆن گریا...!
ووتی: توخوا لەگەلٚ ئەودا
نەکەن ئەمن بکەن حەشر
چونکە قەترەیەك حەیا
لەلای ئەو دەلّەك ڕەنگە نەبوو
خۆی وەعدی دا
شەڕی کۆلاّن کۆلاّن بکات
خەجالّەت بیٚ وادەرنەچوو
وەها نەبوو وەها نەبوو

**

ئەی ئەو شیٚرەی خۆت با ئەدا
لەقەسری پڕلە تاوانی شاری بەغدا
خۆت کردە خوا بۆگەلی کورد
کیمیاییت ڕشت ئەنفالت کرد
بیٚ جیاوازی درشت و وورد
ئیٚستا وەکو دەلّەك کەوتووی
ڕیشی بۆزت وەك کلکی سەگ
یەشتەوە بۆخەلّك خەلّەتان..
هەر ڕیش مابوو .......بەڕیش نەبوو ......

## خۆت خەڵەتان

بەلاّم چی بکەین سەرتی خوارد

ئەی دەم لاری زەڕە قورس

ئەی ئەژدیهای پڕلە ترس

جەرگی گەلێك کەست سوتان

دڵی گەلێ کەست ڕە نجان

ئاواتی زۆرت نایە گۆڕ

زۆرت دەرکرد لەناو کونا

کوڕی خەڵکت گەلێ خنکان

زۆرت کوشت لەناو زیندان

نەمردیت تاهەمووت بینی

تەنها شتێ بۆت مایەوە

ڕووڕەشی بوو...... ڕووزەردی بوو

لەبەردەم گشت عێراقیەکان

ئۆخەی هەمووگەلان بینی

وەکو کەر دەمتیان داچەقان

سەیری بەرازەی دەمتیان کرد

هەموو تەحلیلێ دەری خست

خۆت سەر شۆڕی بەردەم گەل و

نیشتمان و گشت میللەت کرد

وەك باوکی قومار چی و زۆلّ
هەمووگەلت قەرزدار کرد
سەری شۆڕت بۆبەرز ناکەیت
بۆسەرت شۆڕکرد و شۆڕکرد
ئەی دەم چەرمووی ئومەی عەرەب
ئەی بێ قیمەت و بێ ئەدەب
ڕووی مردن ڕەش
لەبەردەم گەل ڕووی کردی ڕەش
زۆرت بەجەلّدە کوشت
خوێنی زۆرت بەناهەق ڕشت
جەرگی گەلێك کەست سووتان
دلّی زۆرت کردە بووریان
پێکی خوێنی زۆرت نۆش کرد
گەلێ شەرەفت لەکە دارکرد
سوپاس بۆ خوا هەزاران جار
سوپاس تەنها بۆکردگار
هەر لەدونیا جەرگتی سووتان
ڕووی ڕەش کردی لەناو گەلان
سەرۆ کی زەرورەبوی
بووی بەدەلّەك

**تەسلیم بوو بێ چرکەی فیشەك**

**چبنەی عەقلت واتەقیوە**

**کەس تەمسیلی وای نەدیوە**

**ئەو قوماری شەڕە لەدونیا دەستت دایە**

**سەری خۆت و هەزارا نی کردە مایە**

**ئێستا وەك دەڵی دەڵەك گرتوو**

**سەرت شۆڕەو ملت شۆڕە**

**لەبەردەم خواو گەل ومێژوو**

**هەل هەلەی مەرگت لێ ئەدەن**

**کە سوکاری شەهیدان و**

**کیمیاباران و ئەنفال بوو**

**گۆڕی بەکۆمەڵەکان ئەڵێن :**

**قەڵغانی ڕۆژ هەلاتی عەرەب**

**سەری شۆڕە واترۆ بوو .. واترۆبوو**

**( ٢٠٠٣/٣/١٥ ) هەڵە بجەی تازە**

# ﴿ لێم تێبگەن﴾

کێ لەمن تێ ئەگا کەمن
مامە خەمەی کوردستانم
بۆچی وەها تێ ئەگەن لێم
کەمن ( مەم )ی نیشتمانم
کێ ئەیەوێ شادبێ دڵم
کەئازادبێ خاك و گەلم
ئەوەی خراپ لە من ئەگا و بەمن ئەڵێ:
تۆکە ی خەم خۆری خاکی
بێ رابردوو.....
بێ هەڵوێستی
گەلی خاوەن مێژووی خوێنین
نیشتمانی دڵ پڕ لە برین
پەشیمان نیم لەرابردووم
کەچۆن بووم وکەچی بووم
چونکە شایەتن لەسەرم
دەورو پشت و کەسو کارم
شیعری سەردەمی ئازارم
چەندە ئاشق و هەوڵدەربووم
بۆ نیشتمانی زامدارم
خوایە کوێرکەی
چاوی ناحەزی کوردستانم کوردستانم ....

**کێ لەمن تێ ئەگا کەمن**

**گەلاّی داری نیشتمانم**

**چرۆی حەزی کوردستانم**

**بەفری سارد و گوڵە باخ و**

**هەموو حەزی بێ کەسانم**

**خەندە و گریانم ئامادەن**

**بۆ حەزی دڵدارانم**

**من شاعیری ئازار و خۆشیم**

**من بۆ قەزاکان قەڵغانم**

**ئاواتم ئاواتی گەلە**

**بۆ دڵی داگیر کەر و خوێن مژ**

**ڕمی تیژی بەردەستانم**

**چاوی سەوزی پڕ ئومێدی**

**گشت ئاشقێکی کوردستانم**

**بۆ سەربەرزی و بۆ ئازادی**

**هەمووکاتێ بەقوربانم**

**بۆکورد و کوردستانی نیشتمانم**

**کێ لەمن تێ ئەگا کەمن**

**مەرگم بۆیە لەلاخۆشە**

**چونکە بۆژینی کوردستانە**

**دڵ وڕۆحم لابێ نرخە**

**گەر کەساس بێ ئەم کوردستانە**

**ئەوەی گووتی : ئەئەم خاکە**

**بیّ کەسە وەکو سووزنە**
**ناما قوڵە و سەری دای لەبەرد**
**چونکە هەموو کەسیّکی کورد**
**گیان قوربان و بەقوربانە**
**میّژوو شاهیدی شەهید و**
**ئەنفال و کیمیا بارانە**
**دەیان هەزار سەدان هەزار**
**لەڕیّی خەمی خاکا سووتان**
**داگیرکەران واتیّ نەگەن**
**ڕۆڵەی کوردان کۆڵی داوە**
**ئیّستاش هەرکات گەر خوانەکا**
**لەگەڵ هاتنی هەرخەمیّکا**
**هەزاران گیان هەڕاج ئەکەین**
**قەزا گیّڕی کوردستان و**
**گەل و ئالاّ و میّژوو ئەکەین**
**تاکوو میّژوو و..**
**شەهید ئەڵیّن:**
**بژی کورد ستان و نیشتمانم**

**( ٢٠٠٤/٢/٣ ) هەڵە بجەی تازە**

# ﴿بۆبرای کوردم لە قامیشلی﴾

نۆ بەتانە براکانم .....!
بۆ ڕا پەڕین دژی زۆردار
بۆ لەدەست ستەمکار هاوار
هاوخەمتانین ، براتانین ، هەمووکات
بۆ ئازادی و سەرفرازی و ڕێی نەجات
ناو و خوێن و دڵمان یەکە
بۆ بەخت بوون لە ئەم ڕێگە ..
یەك گرن تاسەرکەوتن ئەچێژن
گۆڕستانێ دروست بکەن
چاوچنۆك و فاشستەکانی تیابنێژن !!
خۆڕاگربن، وەك ئاگربن
بۆ سوتانی گیانی دوژمن
باکتان نەبێ لە مردن و
خەمتان نەبێ لە ماڵ سوتان
تۆڵە سێنن لە دوژمن و
دەستکەنە شەڕی ناو کۆڵان
دڵنیا بن هەموو کوردێ براتانە
بۆ سەندنی مافی خۆتان لە گەڵتانە
نۆبە تانە براکانم
ئەی ئەوانەی لە ژێر سێبەری زوڵما ئەژین
ئەی ئەوانەی کەوا هەن و ....

**حاشاش لە بوونتان ئەکەن**

**هیچ مەترسن لە خۆبادانی دوژمنان**

**سلّ مەکەن لەچاوی سوریان**

**دەستی ئێوە دەستی تۆڵەی کوردستانە**

**زامی ئێوە زامی کوردی باشورتانە**

**دایکی شەهید چاوی ئومێدی لێتانە**

**هیچ سلّ مەکەن**

**دوژمنی فشۆڵی خاکتان**

**خۆ ناگرێ لەبەر باوەڕی بەرزتانا**

**باکتان نەبێ لە خوێن ڕشتن**

**کۆڵ نەدەن لە دوژمن کوشتن**

**مافی خۆتان بە شەق سێنن**

**تا لەبن دەستی زۆر دار بن**

**ئەو ئەزانێ گێل و کوێرن**

**لە بن لە دەستی ئەوان تێرن**

**بۆیە هیوای گەلی کوردن**

**نەوی مەردن ،ئێوەش مەردن**

**شایی مەرگی دوژمن تانە ،**

**شایی مەرگی دوژمن تانە..؟؟؟**

**نۆبە تانە براکانم**

**ئەنفال کرێن .....؟؟**

**مالّ کاول و تالآن کرێن**

**لاوەکانتان پیرەکانتان**

**ژن و ماڵ و سامانتان**

**بەرلێشاوی حە پەلوشی دوژمن کەوێ**

**وا بزانێ بەو کارانە سەردەکەوێ**

**تاکو هێندە خوێن نەڕێژێن**

**تا ئەوەندە ڕەنگ زەرد نەبن**

**تاکو هێندە لاشەی سپی بێ تاوان**

**تاکو هێندە بەرهەمی سپی خەونەکان**

**سەرا پای خاکتان نەگرێ**

**چۆن ئەتوانن ئالاّی بەرزی کوردستانم**

**لە سەر لوتکەی پڕ ئومێدی چیاکانم**

**بەرز کەنەوە**

**نەخشەی دەست کردی داگیر کەر ...**

**لەت و پەت کەن**

**هاوار بکەن هەموو بڵێن:**

**سنووری خاکی کوردستان**

**نەخشەی گەورەکەی کوردستانە...**

**٢٠٠٤/٥/١٥**

# «وولاّتی دەریای نەوت»

لەم وولاّتی دەریای نەوتە

یاسای ئەمەن لاروچەوتە

وەك رێرەوی ئاوی سیروان

پڕ لە هەلّدێری مەرگە

ڕاستی نامۆیە و داماوە

دەست و زمانی ویژدان

وەك سورە چنار هەلّ پاچاوە

پەند یکە کەزوو گووتراوە

مالّی بیّ سەردار بیّ سەرن

هەرچەند هەبن و سەرووەت دار

بۆ کاسەی دراوسیّ سەر لەبەرن

لەبەر ئاشوبەی ناوخۆیان

سەرووەت و مالّ بیّ خاوەنە

بیّ سەردارە و دەردە دار

هەررۆژە زامیکی نویّ تر

لە جەستەی وولاّتی نەوتا

ئەکولیّتەوە و هەلّئەدا

لەم وولاّتی دەریای نەوتە

**خاوەنی مالّ هەموو فەوتا..؟؟**

**بۆ سینگ کوتان لە دەست یەکتر**

**کێ لەم مەتەڵە تێ ئەگا**

**خاوەنی مالّ ناشارەزا**

**خوا خوای فەرموو لێ کردنە**

**بخۆ شەرم مەکە گیانە**

**ئەو پەندە مێژە ووتراوە**

**مالّی خۆتە شەرمی ناوێ**

**سەر شکاوی خوێن ڕژاوە**

**ماستاو کردن شتێ باوە**

**دەست ماچ کردن چارەی دەردە**

**جا سەیری ئەم سینەمایە**

**لە سەر مێزی ئیفلاس کردن**

**هیوای دوارۆژێکی نوێ یە**

**با پیرم بەباوکمی ووت:**

**ئەویش بۆ منی گێڕاوە**

**لە دامەزراندنی دنیاوە**

**زستانان بەفرو باران و**

**هاوینان خۆرە تاوە**

**لە گورگ پیستر لە کەوڵی مەڕ**

**خۆی لێمان حەشارداوە**

**لەم وولاّتی دەریای نەوتە**

**سەرتا پای ژیان هەرداوە**

**ماستاو چی ئەهلی مزگەوتە**

**سەیری ئەم سەیرو سەمەرە**

**خوێن دەریایە و وولاّت شەهید**

**گەورە و بچوك کۆیلەی خەمن**

**ئازار ئازاد و ئازادی دیل**

**قومار باز خاوەن هەریسە**

**حەزو ئاوات مات و سیسە**

**ڕۆژی چەند جار**

**بانگەواز کاو سەرەی نانت پیێ بگریێ**

**لە کۆتای ئەم شانۆیە**

**کە چوار وەرزە**

**هەل هەلەی ئۆخەی تێرمان خوارد**

**بۆ خۆمان و نەوەکا نمان ئەڵێنەوە**

**واشکور بۆخوا ئەم سالّ**

**لە سەرما ڕەق نەبوینەوە**

**سەیری دونیا و ئەم شانۆکەن**

**هەموو عێراق ( مەلە ص )ەو**

**گەورەو بچوکی ئەکتەرن**

**بێ پرۆڤەو بێ دەرهێنەر**

**دراوسێی ڕەوشت تیمساح بونە بینەر**

**بۆ سەیری شانۆی خودا کرد**

**گشت جیهانیش بوو بە بینەر**

**لەم وولاتی دەریای نەوتە**

**هەموو ڕاستیەك چەوتە**

**ڕۆژو شەو جیا نەکرایەوە**

**هەست و سۆز تاسێنراوە**

**تەنها لە سوچێکی کەمدا**

**شەم شەمە کوێرەکان نافڕن**

**کوندە پە پوەکان چاوشۆڕن**

**لە سایەی پیری نورانی و**

**پیادەی ماڵی دیموکراتیا**

**هەندێ خەیاڵ بوو بە ڕاستی**

**هەندێ ئاوات هاتۆتەدی**

**باس ناگۆڕام واتێ نەگەن**

**لەداهاتی پیلاندا بۆ لەناو چوون**

**براگەورەین بەشمان زۆرە**

**لەخەرمانی درۆ بۆ فەوتانمان**

**بەشمان بەشی شێرە و زۆرە**

**لە پشکی قۆچی فیتنەدا**

**بۆ لەناو یەکدا تێکدان**

**بەسەرکردنەوەمان خێرە**

**لە پێکەنین وشادیشا**

**لەکەم ترین چرکەی خۆشیشا**

**پێمان ئەڵێن :**

**ئینتەلای عەقڵ بانەکەن ..!!!**

**بەشیان مەدەن ...**

**باڕووڕەشی لای خوا نەبن**

**چونکە قیامەت زۆر سەختە**

**نەکەن دەریای وولاتی نەوت**

**هاوکاری کەن .....هاوکاری کەن**

**٢٠٠٥/١/٤ )   هەڵە بجەی تازە**

# چاوی ئومێد

چاوی ئومێدم لەگەڵمەو
لەلاوانی دەروون پڕ جۆش
بەنەورۆزی ساڵی نوێ و
بە ئاواتی گەلی دڵ خۆش
گەلی برا هێندە خەوتین بە خەو بوایە
یەکەم گەلی پرس پێکراو بووین لەم دنیایە
هۆش و بیرمان دنیای دەگرت
نەك كوردستانێكی گەورە
بەڵكو چوار كۆمارمان دەكرد
تەماشاكەن قسەی حاشا هەڵنەگرە
قسەی خوایە لە هەمووشتێ ڕاستترە
خودا ئەڵێ:لە ئەوەڵی سورەی یوسفا
خودا ئەڵێ :لە دابەزینی كەشتیە گەورەكەی نوحا
دوو فەرمودەی پیرۆزی خوان
لەناو قورئانی پیرۆزان
شایەتی ئەدەن هەردووكیان
بۆچی زیاتر لە بیست دەوڵەت
لە بیست نۆكەری مەسیحیەت

دروست بوون و کافر نەبوون

سەرکەوتن و نەبوون زەبوون

لەژێر پەردەی پاکی دینا

ڕۆم و عەجەم بێ باك ئەژین

ووتەی خوداو پێغەمبەریش

بۆ تاوانیان ئەکەنە پەرژین

بۆچی خوێنی ئەوان سورە و

خوێنی ئێمە ئاوی کاڵ بێ

بۆچی دین بۆ ئەوان یاساو

بۆ ئێمە ڕێگەی مەحاڵ بێ

زۆر حەقیانە لاف لێبدەن

بانگەوازی مەرگمان بکەن

چاویان سوربێ وخۆیان بادەن

پێمان بڵێن : کەمور تەددن

باسی دەوڵەتی خۆ ئەکەن

وا ئەزانن کەخوا ئێمەی هێنا ووجود

بۆ پێکەنینی ئەوانە

بۆ نوکی نێزەی ئەوانە

دەك خەجاڵەت بن ئەوان

لەبەردەم قاپی یەزدانا

**چاوی ئومێدم لەگەڵە**

**لەلاوانی ووریای ووڵات**

**لەدەریای خوێنی شەهید و**

**لە ڕۆڵەی قاڵ بووی خەبات**

**گوێ گرن لێم :**

**ئەی کوردی هەموو پارچەکان**

**نە ئەنفال و کیمیاباران**

**نەشەهید دان و نەخنکان**

**نەتەعریب و تەتریك و تەفریس**

**چاوی ئومێدمان ناکا موفلیس**

**ئەبێ ڕۆژێ لەسایەی ئاڵای کوردستان**

**هەل هەلەی چۆپی بگێرێ**

**لەدیار بەکر لە کرماشان**

**لە قامشلی و لە حەمرین و گشت پارچەکان**

**کوڕان لەجێی کراس ئالا بپۆشن**

**بە ئاڵای جوانی کوردستان**

**کچانی کورد سەردا پۆشن**

**بێ جیاوازی ( دینار )و ( تمەن ) و( لیرە )**

**یەك سکەی پارە و**

**یەك زمان و یەك پۆشاك**

**بۆ هەموو کوردەکان هەبێ**

**سێ ووشەی بەد گۆی پیس**

**لە هەموو کوردستان دەرچێ**

**ووشەی پیرۆزی برایی**

**بەسەر هەموو کوردا بڕژێ**

**بەیەك دەنگ و یەك زمان ...**

**بوترێ بژی کوردستان**

**چاوی ئومێدم لەگەڵەو**

**لەلاوانی ڕێگەی نەجات**

**دەستی یەك بگرێ بەجارێ**

**قامشلی هەتا مهابات**

**خانەقین و وانی ونبووم**

**دەستوری وولاتی کوردی**

**بە کوردی بنوسێ بۆم**

**بەدەیان زمانی زیندوو ....**

**مێژووی کوردم تۆمار کرێ**

**تاوانی دوژمنانی کورد..**

**بۆ گشت جیهان بەیان کرێ ...**

**داستان و نەبەردی کوردان**

**لە خۆبوردویی لاوانی**

**بۆ دنیای حەق خوازی دنیا**

**بەیان کرێ**

**ئەو ئومێدەی لەدڵمایە**

**هەربە جگەر گۆشەی کوردان ئەکرێ**

**بەبێ جیاوازی ڕەگەز ...**

**هەردوو ڕەگەز .....**

**ئەبێ هەستن بۆ خەباتی دیپلۆماسی**

**بێ گوێ دانە ترس و بیم و دڵە ڕاوکێ**

**چونکە ئەمڕۆ هەموو دونیا**

**شایە تحاڵی ئازارمانن**

**شایە تحاڵی ژیا نمانن**

**ئەی کچان و کوڕانی شەهیدستان**

**نەسرەون تا سەردەکەون وەکو گەلان**

**٢٠٠٣/١/٢١**

# ﴿ویستم چی دی نەنووسم﴾

وویستم چی دی نەنوسم و

باسی هیچ كەسێ نەكەم

دەست بە كلاّومەوە بگرم

چیدی ... نەییا .... بایی زەمان

لەنەخوردەش نەكەم زیان

زۆریان پرسی بۆ نانووسی

دیارە دلّ پڕ بیم ترسی

یان ئیفلاس بووی دەریای شیعری

یان خامەی دەستت شەكەت بووە

یان لە خەمی نیشتمانا

دوورە پەرێزت گرتووە

هەندێك ووتیان دەریای شیعری ووشك بووە

خوا ئەزانێ شیعری تری بۆ نوسیوە

بۆ كێ و كێ بۆی نوسیوە

خۆی و خامەی كەفتە و داماو

لەبەردەمی كارەساتی زەمان ماتن

ئەگەر ماتنین ....!!!

كارەساتی شاری هۆلاكۆ شكێن :

**شاری  قەلاَو منارەی خەبات**

**لەخەوی شیعر .....**

**بۆ هەڵی نەسان**

**زۆر یان ووت: دەنگم نەکرد**

**هەرچیان ووت: هیچم نەکرد**

**بەلاَم یاران  بۆ یە ئەڵێم:**

**خۆشەویستانی دڵە  پڕدەردەکەم**

**ئاواتی دڵی شاعیران**

**لەسێبەری  پیرەداری**

**خوێنیٚ ی ئەنفال و شەهیدان**

**چاوی گەشی منالاْنی   هەڵگەڕاوەی  کیمیاباران**

**لە سیروانی سوری خوێنا**

**لەڕووخانی یەکەیەکەی گوندەکانا**

**لەژێر ئالاَی پڕ لە هیوای کوردستانا**

**لەنەمانی دیکتاتۆرو**

**لەدروست بوونەوەی  پەرلەمانا**

**لە ئەوکاتەی کەهەر کورد**

**سەرکردەی عیراق و کوردستانا**

**لە ئاشتی یاو دەست لەملی ڕەنگەکانا**

**ئەوکاتەی دایکی شەهید**

وەستا لەفرمێسك ڕژانا

باوکی شەهید ئەڵێ: ئۆخەی

ئائەمە کوردستانە

شار ئاسودە و

هەموو دێکان ئاوەدانە

من نوسیمەو هەر ئەش نووسم

ئاواتی من و ملیۆنەها

یەك ئاواتە و یەك خۆزگەیە

کە دروست بوونی دەوڵەتی کوردانە

یەك گرتنی گشت پارچەکانەو

پارچەکانی کوردستانە

بەلاّم یاران .....

شیعر فرمێسکە لەناخەوە

ئاخە لەگەرووی پڕداخەوە

بزەی خۆشەویستی یارانە

ووتەی دەمی دڵدارانە

بابشزانن.....

سەدان هەزار ئەنفال کرا ....

شارو چەند گوندێ کیمیاباران کرا

هەزاران لاو لەداردرا ....

**ئەو هەموو گوندەش ڕووخێندرا**

**بۆ لەدایك بونی چەند شعرێ**

**هەزارەها کەس ئەمرێ**

**ئەشم توانی چەند ووشەیە**

**خواردنی مجەور ئاسا**

**بۆ کات بەسەر بردنم**

**بنووسم بۆ سەیرکردنم**

**بەلاّم چی بکەم ناسۆری ژین**

**لەوولاّتی پڕ شەهیدی سەر ڕووی زەمین**

**ئەوەندە ئەڵێم ئەوەی نانوسێ بۆ خاکی**

**بۆ دڵدارو لاواندنەوەی خۆشەویستی بە پاکی**

**با نەنوسێ ....**

**چونکە من تا سەر ئێسکم نەتەوە پەرستم**

**کوردستانە ژیانم کوردستانە مەبەستم**

**بۆ کورد ئەنوسم هۆنراوەم**

**بۆیە ئەڵێم :بکەن هاوار**

**داوابکەن لەکردگار**

**هەر ئاوەدان بێ کوردستان**

**هەر ئاوەدان بێ کوردستان**

**( اشەمە ٢٠٠٥/٩/٢٥ )**

# ماوەیەك لە تەمەن

ماوەیەك وەردێکی ڕەش و
دەروونێکی پڕئارامم لەگەڵابوو
ڕەنگی سپی لەدڵمدا زۆر پیرۆز و بەبەهابوو
هەوڵم ئەدا و بیێزم لە ڕەنگی وەرد ئەکرد
وام ئەزانی هەتا مردن خاوەن ڕەنگی ڕەشی جوانم
دوور لەڕەنگی بەفر ئاسایی کوێستانم
لەوکاتەدا ...
دەریای ئازار و مەینەتم
وەکو خورزمی بەهار بوو
چارۆکەی گرێدراوی خەم
بەکۆڵمەوە گرێدرابوو
وام ئەزانی ئەم دەریایە وشك ناکا
ساڵ هەر وەرزی بەهار ئەبێ
هەرگیز کرێوەی لوتکە نایە
خەزێنەی پڕی پڕ لەخەم
چەند نەوەیەك لێی بار ئەکەین
تازە ئەڵێ: پڕ کراوم
سەیری ئەم سینەمایە ، سینەمایە

**لەسینەی پڕ لەئاهی سینەم**

**كۆتەڵی باوك مردن لەسەرمایە**

**ماوەیەك وەردێكی ڕەش و**

**دەروون نوقمی جوانی بووم**

**سەیر نەبێ لاتان یاران**

**دۆستی یەكەمی ڕەنگی ڕەشم**

**وەك ئەبینن بەهار نەما**

**هەورامانی لوتكەی لاشەم بەفر گرتی...**

**هاوینێك دێت لوتكەی سپی هەورامان**

**بەفری سپی ئەتوێتەوە ....**

**بەخوا سەیرە لەئەم لوتكەی جەستەی منە**

**وەرزنامێنێ هەموو وەرزێ**

**هەر زستان و كرێوەیە**

**پاش ئەم هەموو ئازارەم**

**خەزینەی خەم لە پڕیدایە**

**بەشی كوڕی كوڕم ئەكات و زیادەش**

**هەرچەندە دەست بلاّو و سەخیش**

**بەشی دۆستانیشم بدەم**

**وەسێت ئەكەم وەسێت نامەم**

**بۆ نەوەكانم دێن لەدوام**

**وەکو خۆم بن  دەرگای دڵیان واڵابکەن**

**بۆ هەڵگرتنی خەمی یاران**

**چاو دانەخەن بۆ ڕەنگەکان**

**ماوەیەك وەردێکی ڕەش و**

**دەرونێکی  پڕ ئومێدبووم**

**خۆشم تێناگەم لەخۆم**

**بۆ بێزار و دەروون  پڕ ئازارم**

**لەبینینی ڕەنگی بێ گەردی ئاشتی**

**خۆشم تێ ناگەم بۆ ڕەنگی ڕەشم خۆشەوێ**

**پارەش ئەدەم ....**

**دەست ناکەوێ**

**مەتەڵێکە .....لە پایزی تەمە نما**

**تازە بۆ بەهاری تەمەن ئەگریم**

**بۆ کرێوەی  پۆپەی جەستەم ...**

**لە ئەندێشەی پڕ لەبێشەی خەیاڵم**

**لەم هۆنراوەم تێبگەن**

**ئەزانم لاتان واڵایە**

**ئەوەی کاتێ تێبگات  لێم**

**شاهیدی ئەدات کەوایە**

**چاك ئەزانم ئەدەن تانە**

**پێش ئەکەنن بەم شیعرانە**

**چونکە ئەمە یەکەم جارە**

**شاعیر لەم جۆرە بانگەشە**

**دژی ڕەنگی جوانی سپی و**

**دۆست و هاودەمی ڕەنگی ڕەشە**

**ئەوانەی کە وەکو خۆمن**

**یا لەخۆم تەمەنیان زیاتر**

**دڵنیام پشتگیری شعرمن**

**بۆ ئەوانەی تازە پێ ئەگەن**

**هیوا دارم تانە نەدەن**

**کەهاتنە تەمەنی خۆم**

**تێئەگەن لێم**

**بۆ و....**

**لەبەر چی ووتەی پێشووم**

**بۆ ژیانم کردە توێشووم**

**بۆ خەڵوزی ڕەش ئەگەرێم**

**تا لە لاجاینگەی سووم**

**( ٢٠٠٥/١١/٢ )**

# ﴾ناخی زۆردار﴿

**ئەوکاتەی واناخی زۆردار**

**پڕ لە قینی فاشستی بوو ....**

**مێژووی پڕلەگڕی ........**

**تاوانی ئەکرد**

**هەموو شوێنی ....**

**لەکوڵان بوو ....**

**نیشتمانم بوو بەشاری لەنین گەراد**

**هێتلەرو هۆلاکۆکان**

**تە یموری لەنگیان هانئەدا**

**هەموو ئەم وولاتەی من و تۆ**

**بوبە بەرداشی ئاشی شەڕ.......**

**بازاڕی خەم .....**

**لەهەموو بازاڕێ گەرم تربوو**

**بەرداشی مەرگ لەهەموو ماڵێکدا ...**

**گەورە و بچوکی هەڵئە پاچی**

**یاسایی قەرەقوشی .......**

**بەسەرگەلا پیادە ئەکرا ...**

**هەموو چاو و دەمێکیان گرت**

**تـاکو ووشەی منهەم نەبێ**

**ووشەی پیسی مولەهەم هەبێ ...**

**لەو دەروازە پڕ تـاوانـانە**

**منـاڵی ڕا پەڕین لەدایك بوو ..**

**ئەوکاتەی وا هەموو شتێ بێ نرخ بوو**

**هونەر ..... ویژدان .... شەرەف ... ژیـان**

**لەکەشتی قەدەرا ئەچوو**

**تـانك و تۆپ، برای گەورە**

**ئەڵغام، زیندان ،لە پێشوازی .....**

**هەژار و خاوەن هەستـابوو**

**ئەوەی تەنها بێ ڕەواج بێ**

**خوێنی مرۆڤ و ماڵی مرۆڤ بوو**

**کورد سەرچاوەی ..... توێشوی مەرگ و**

**سەر قەتـاری ئەلاوەیسی**

**مەرگی شار ولادێ و**

**ئەنفال و کیمیا بـاران بوو**

**لەو دەمەدا کەنۆکەری ......**

**شازی پیشەو شەهادەبوو**

**یاسا منـاڵی ئیفلیج و**

**(( علیها فان )) چارەنوس و**

**حەزو ئاوات دەستەمۆ و مات**

**هەموو دەرونێ کەساس بوو**

**ئەوەی نەبوو لەم وولاتە**

**کەوا ببێ کەوا بکرێ ....**

**باوەڕ بکەن بەزیادەوە**

**هەمووی کراو هەمویشی بوو ....**

**لەم کاتە پڕ لە ئازارەدا**

**میللەت بەجارێ پەنگی قینی پڕ بوو**

**جامی تاوان وەها پڕبوو**

**بێ گوێ دانە هەرئە نجامێ**

**ڕا پەڕینی مەزنی گەلێ دروست بوو ...**

**

**ئەو کاتەی وا هەموو ......**

**ئاه پڕ سۆزەکان**

**هەموو دڵە هەڵقرچاو و...**

**هەموو چاوە پڕ ئاوەکان**

**هەموو ستەم لێ کراو و ....**

**هەموو دەستە تەزیوەکان ...**

**یەکیان گرت و بون بەڕەنگی**

**هاواریان کرد و ڕا پەڕین ....**

**ئەوەی مەحاڵ بوو  بوو بەحاڵ**

**ئەوەی خەو بوو .... بۆ میللەتم**

**بوو بە خۆر و بووبە ڕاستی**

**گەل ڕزگاری بوو ....**

**لە زیندان کردنی ئەقڵ و**

**لە زیندان کردنی ویژدان و**

**حەزو ئاوات و ژیانی**

**هەموو شتێ لە زیندانی...**

**تاك ڕەوی زۆردارا ....نەجاتی بوو ...**

**بەرهەمەکەی ڕا پەڕینەو**

**ڕا پەڕینی مەزنی گەل  بوو ....**

# هەوڵ دان

هەرچەند هەوڵ ئەدەم تێ ناگەم ، لەخۆم
بــەم ســـــەر ئێشەوە بەرە و کوێ ئەڕۆم
ڕووم کردە هەر لا گورگە و زۆر برســــــی
هەردەم هەوڵ ئەدا بــچــمە ژێر دەسی
چــوار گـورگ لەکەوڵـــی مەڕا کەوتووە
منیش بـــێ دەستم ،شوانـــم نـووستووە
کەڵبەی هەرچواریان ،بە خوێنەکەم سوور
بـــــەنـــەمـــانی من ،دڵ شاد و مەسروور
هــــەرکات مــــن شــــادبم ئەوان ناشادن
هــــــەردەم خـــــەریکی هـــــاوار و دادن
لــــــەیـــــەك ئـــــەوەڕن بێ شەرم کردن
کـــــــەوڵ فڕێ ئەدەن بـــــۆ یەکتر کوشتن
بـــەلاّم ناشادبــــــم ئـــــەوان زۆر شـــادن
بـــــەنـــــاشــــادی مــــن تەواو دڵ شادن
خۆیان مات ئەکەن بۆ گــیـــان دەرچوونم
هــــــەتـــــا ببینن لاشــــەی زەبوونـم
بـــۆ ئــــەوەی بـــخـــۆن گۆشتــی کەلاکم
بــن بەخاوەنــی چـــوار پـــارچەی خـــاکم
١٩٩٩/٩/٢٣

# ﴿ دیسان نەورۆز﴾

نەورۆز ئەگەرنەکەین یادت

کـــەواتە نەوەی کورد نین

ئەگەر حاشاکەین لەیادت

کەواتە نەوەی بەشەر نین

مـــــن دەڵێم : لازمـە یادت

گـــەر هەزار جار بڵێین :نین

چـــوون سەبووری دڵەیادت

یـــادت نەکەین ئێمە چین

پـــە یمانە هەربکەم یادت

گـــەر هەزار جار بڵێین ،نین

چـــوون سەبووری دڵە یادت

بـــۆ کوردی بێ بەش لەژین

ئەی خودا هەرئەکەین یادت

لە جەژنی نـەورۆزی ڕەنگین

نـــەورۆزەکەم ئەکەم یادت

بـــۆ ئاواتـــی دڵی حەزین

١٩٩٧/٣/١٥

# ﴿ بەبۆنەی راپەڕینی ١٩٩١ ﴾

مـــــژدە لێتان گـــەلی برا

چرای ئازادی هەڵکــــــــرا

ئەما زۆردار ئەمـــــا ستەم

ئەمـــــا شین و گریان هەردەم

ئەما جاسوسی ناو میللەت

ئەما ئازار ئەما زیللەت

نـــەما زنجیری زۆرداری

ئەما زۆردار پێت کا یاری

ئەما هەڕەشەی ستەم کار

ئەما بەندی و ئێش و ئازار

ئەمالێدان ،ووتوی سەرپشت

ئەمابەعسی لێت دا بەمشت

ئەما زیندان و سەر برین

ئێتر بەسەربەستی ئەژیـــــن

نــەما بــەکــۆمەڵ کوشتنمان

ئەما و ڕۆین فاشستەکـان

ئەما سوپایی بۆ ئازاردان

ئەما گوللەی وەکو باران

نەما ڕووخانی گوند و شار

نەما بەعسی دڕندەی هار

نەما قەسا بخانە بۆ کورد

نەما لێدان درشت و وورد

نەما ڕەمی بەردەم د ەرگا

نەما داخستنـــــــی ڕێگا

نەما پیاو کوژانی ناو شار

نەما لێدان نەمـــــا ئازار

نەما ڕووڕەشـــی چارە ڕەش

نەما بەعس کرا بەش بەش

نـــــەما شەڕ فرۆشی دونیا

پشت شکـــــاوە و چارە سیا

چـــە پڵەلێدەن گەورە و بچوك

دوژمنانتان ڕسـوا وسوك

نەما ڕژێمی ئەفلـــــەقی

لەکوردستان مێشکیان تەقی

گەلی کورد پیرۆزە لێتان

دەست لەناو دەستن لاوەکان

وەرن هـــــــەموو وەکو برا

**بـــۆ ئازادی بین بە چرا**

**خـــۆری ئازادی خاکتان**

**هەلّ هاتووە لە نیشتمان**

**وەرن دەست گرن هەمووتـان**

**ببن بەمۆمـــی کوردستان**

**با بسوتێین بۆ ئەم خاکە**

**کە ئاواتی هەستی پاکە**

**دەست کەنە مل بێقینی دلّ**

**قین و کینە بخەنە گلّ**

**چونکە ڕۆژی ئازادی یە**

**ڕۆژی شادی و برایی یە**

**وەکو برا دەست یەك گرن**

**تـا یەخەی دوژمن دادڕن**

**چونکە ئێمە ڕۆلّەی خاکین**

**بۆ ڕزگاری خاکیش چاکین**

**گەلی برا مژدە لێتان**

**هەلّگیرساوە چرا کەتـان**

**نەکەن بچیّ لە یادتـان**

**ڕۆژی کۆن و ڕابردوتـان**

**لە بیرتـانە کەچەند هەزار**

ئەنفال کراو درا لەدار

لەبیرتانە کە چەندین جار

لاوی جوانتان بوو گرفتار

لە بیر تانە لەناو بـــازاڕ

ئەیان گرتین وەکو کەوباڕ

لە بیرتانە قوتابی کـــچ

لە زیندانا ڕەنگی بووچرچ

لە بیرتانە منالّی ســـاوا

کـــەچەندینیان لێ کوژراوە

لە بیرتانە دێها تـــەکان

ڕووخا بەدەمی شۆفلّیان

لە بیرتانە و لە بیرتان چوو

هەڵەبجە چی پێ کرابوو

لە بیرتانە لەبــــەر دەرگـــا

چەندەها بێ تاوان کوژرا

لـــە بیرتانە ژن و منـــالّ

وەکو یەك ئەخرایە چالّ

لـــە بیرتانە کە پیر و لاو

وەکو یەك ئەخـــرانە داو

دەست لەناودەست بن ووریا

بۆ خوێن مژەکانی بەغا

نەکەن جارێ تر بیـــەڵن

فاشیەکان سەر هـــەڵبڕن

بالاشەی ساردی ژێر ستەم

بافرمێسکی دڵی پڕغەم

لـــــەبەر خۆری ئازادیا

ووشك بێ و لاچێ لەیادیا

بائەو لاشەی کەچەند ساڵە

لــەژێر ستەم ئەیکا ناڵە

ماندوی دەرچێ بەتەواوی

ستەم کاریش گمبێ ناوی

بەڵێ مژدە .. بەڵێ مژدە

بە نیشتمان ئەدەم مژدە

فرسەتــە هەموو ڕا پەڕن

جەرگی دوژمنان هەڵدڕن

دەستان بکەن بەکۆستەرە

بۆ ئەم بەعسە داگیر کەرە

دەست کەنەوەلە دوژمنان

با بشکێ پشتی چاکیان

بەئاسن بێ یاخود بەچەك

به بەرد و دارو بەفیشەك

با نەمێنن خوێن مژەکان

لەتیان بکەن لەسەرمافتان

بەدەنگی بەرز بەدڵ و گیان

هاوار بکەن هەرهەمووتان

بڵێن هەر بژی کوردستان

بەرەی یەکگرتووی نیشتمان

بژی ڕۆڵەی کوردستانم

بەختی ڕێگەی نیشتمانم

بژی شەهیدانـــــی وولاّت

ڕۆڵەی دڵسۆزانی خەبات

بژی بژی کوردستـــــانم

بـــــاوەڕی بەرزی ژیانم

سەربەرزی بۆ تۆ نیشتمان

ئاواتـــــــــی دڵی گشتمان

لەڕێتا گشتی گیان قوربان

بۆ سەربەرزیتە کوردستان

# ﴿ بۆ مستەشارەکان﴾

ئومێد نەما بۆ ســـــــەرکەوتن
بۆ لەناو گەلان دەرکـــــــــــەوتن
مافی خاکی کـــــــــوردی هەژار
وەریگرت کاکی مستـــــــەشار
متسی و بۆشی و بـــــــــەرازیلی
وا لە ژێریان بە زەلیلـــــــــــــی
سەیارەی دکس ئـــــــــــەکرن
خوێنی کوردە وەری دەگـــــرن
بەناو نوێنەر و پێشەوایی میللەت
گەلی کورد بەشی بووە بەزیللەت
وا تالآنـــکرا هەموو کوردستان
بوون بەمیکرۆبی خاکی نیشتمان
بێ خۆشی لەژین بەشی کوردئازار
دێهاتیان کرۆشت کاکی مستە شار
خۆشی براوین دێهاتمان رووخا
مستەشارخۆش بێ ئەویشی دانا
خوێنی میللەتی دا بەژنی جوان
بۆ بەعس ئەنفالی هاوردە دیـــوان

## بە فەردە پارە ئەباتەوە مـــــالّ

کوردی بیّ چارەش دەروونی زوخالّ

خۆی شادمانە و پارەش لە گیرفان

لای ژەهـــری مـــارە باسی نیشتمان

سـەری پەتیّکـــی گرتووە بـــەدەس

مەبەستـی نـی یە لەئەحوالـی کەس

پـــەت ڕائەکیّشیّ ئەوبـــیّ ویژدانـە

لـــەلای پوشیّکە ئـــەم نیشتمـــانـــە

ویســکـی و ئارەق وجن ئەخواتەوە

بیریّ لـە حـــالّـــی گـەل ناکاتـــەوە

ئەی زالّم پـــەتت چەندەهای تـاسان

ئـــازار و خـــەمـــی بە کـوردا پـــژان

تـــاکەی وائەکەی بیّ ویژدانـــی ژین

کـــافـری مـــەلـعون بیّ وەری لـــەدین

گـــەر داگیر کەر و خویّن مژان نەبـیّ

حالّـــت وەك حالّی ئەوەلّ جار ئەبیّ

ئـــــەوەش بـــزانـــن ڕۆژیّ هەرئەبیّ

لــــەنـــاو کــۆمـەلاّ جیّگەتـان نەبیّ

خــۆتـــان تــف بـکـەن لەکارەکانتان

لــــەو کـــردەوانـەی کـەوا کردتـــان

# ﴿ یـــــادیٚ ﴾

کوردستان هێز و تینی گیانەکـــەم
باوەڕی بەرزی ناو ژیانە کـــەم
ئارامگای دڵی ستەم دیدەکـــان
باوەڕی بەرزی گەل پەروەرەکـــان
سینگم قەڵغانـــــی قەزاکا نتــە
گیانم قوربانی خاکی جـــوانتــە
ئـــــارامی گیان و باوەڕی منـــی
گۆڕستانێکی دەستەی دوژمنـــــی
ئـــــــاڵای ڕازاوەت ئاشکرا دیارە
جــــوانترین ئاڵای جیهان گوزارە
نەخشەی ئاڵاکەت هێزی هەمووانە
بـــاوەڕی بـــەرزی دڵ و گـــیا نمانە
خۆرت نیشانەی ڕووناکی ژینە
ئاواتی دڵی کوردی غەم گینە
چەکوشی ناوی توانایی ڕە نجدەران
بـــۆ لـــە نـــاودانی ستەم کارەکان
سپـــــی بـــەفر ڕەنگ مانای وەهایە
کـــورد ئاشتـــــــی خوازەئالەم دنیایە
سورت بەمانای خوێنـــی شەهیدان
خۆیان بەخت کرد ئاڵایان نەخشان
سەوزت نیشانەی جوانی سروشتمان

خـــاوەن بەرهەمین لەناو نیشتمان
کوردستان تۆ هێز ئالآکەت چاوم
کـــزیت نیشانەی دلّـی فەوتـاوم
ئـــومێدم ماوە کـــەوا دەرکـــەوی
بـــە شادمانی و شادی سەرکەوی
من داوا کاریم لەیەزدانـــــی پاك
ناوت دەرکەویّ وەکو باقی خاك
هەرچەندە ئەمرۆ گەرمەی شینمە
نـــالّـــەی دەرونـــی پڕ برینمە
بەلاّم ئومێدم هـــــەربەتـــۆ ماوە
کـــەوا ڕۆژیّ بیّ بووەستیّ بە پاوە
ئـــــومێدم ماوە کەبەسەربەستـــی
ئەتۆش دەرکەوی دوولەدەست بەستی
بـــەشـــادمـــانـــی بژی لەژیان
ئاوەدان بـــــیّ تۆ چۆلّەوانییەکان
١٩٩٠/٨/١ کوت / بەدرە و جەصان

# ﴿چی بنووسم﴾

چـــی بنووسم بە خوێنی لێوی پێنوســـــم ؟
بۆهـــــەژارانی ووڵاتم تۆماری ئازار ئەنووســــــم
بەنوسینی ئازاری دوو بـــــــارە بوون
بەمێژووی پڕ لـــــەســـــەروەری و لاواز بوون
ئەنووســــــم بەدڵ و گیانم هــــەتا مــــاوم
بۆ ڕۆژانـــــــی مەینەتی میللـــــەتی داماوم
فرمیسکی چاو خوێنــــــی لێوی پێنو ســـەکەم
لەسەر سینەی پەڕەی سپـــــی تێکەڵ ئەکەم
بۆ هەژارانی گشــــت دونیا و ووڵاتـــــــەکەم
ئاهی دڵ وعەشقی خۆمتان پێشکەش ئەکـــەم
گـــوێــم لــێ گـــــرن ســـەرهــەڵ بــــڕن
قســـــەی حـــەق و ووتەی ڕەقـــــــــم لێوەرگرن
ئەچڕ پێنم بەگوێتانا ئەی کەسانی کوردستـــانی
خۆ گێل مەکەن، خۆکەڕ مەکەن، با چــاك بزانی
دێر زەمانە خوێنی ئێمە ئەکەنە هەوێنی ئاشتی
بۆ ئاشی شەڕ خوێنی ئێمە هەڵ ئەکەن گشتی
بەرداشی ئاشی فیتنە گێڕ، هەمووکات لەسوڕدایە
بۆ نەوی کورد و کوردزمان دا یمە هەر لەگەڕدایە

**خەرمانی خەم ، کوشتنی کۆمەڵ ، ئازا ری گەل**

**دەست لەملی ئێمەی کوردی ئاوات پەل پەل**

**برا کوژی تەعریب تەرحیل هەمـــــــووکات**

**بووبە یاسا بەسەر کوردی پڕلــــــەئافـــــات**

**دەسا ئێوەش ڕۆشنبیران ، بیرێ کارێ هیمەتێ**

**بۆ تێکدانی ئاشی شەڕ و دەرچونی گەل لەزیللەتێ**

**لە غەیری غەم ئازاری گەل چی تر بنووســـــــم**

**لەسەرسینەی پەڕەی سپی بڕوانن خوێنی پێنووسم**

**( ١٩٩٦/١٢/٢٦ )**

**زەڕایەن**

# ﴿دەیان ساڵە﴾

دەیان ساڵە خەبات دەکـــەین هەموومان

بۆ ئازادی و بۆ ڕزگـــاری نیشتمـــــان

شەهید دەدەین گەورە و بچوك وەکو یەك

هەزارا نمان خوێنی ڕژا کرا قوربانی فیشەك

ژنی سك پڕ پیر و پەك کەوتەی کوردستان

شەهیدکران بەنا پاڵ وتۆپی دەستی فاشستان

دێهات ڕووخا (ئەنفال) کرا لەئەم خاکە

بۆ لەناودان و نەمانی ئە ئەم کوردە بێ باکە

خەردەل ڕژا مێشك پڕا لەم خاکــــــە

هەزارا نمان لە دەستی کارەساتی واهیلاکە

دەستی ماندوو بۆ نەنرا سەرســـکی تێر

کوا ئەوانەی پارتی زان و نـــەرە شێر

بۆکوێ چوون سەنگەر ناسی ئەیلولەکەم

شاعیرێکی کوردم دەعوام هەیە داوا دەکەم

**کــوا ئەوانەی لە دوای هەرەس هەستانەوە**

**بۆسەنگەری کوردایەتی چوون بێ پســانەوە**

**بیری پڕکوردایەتیم ئاراستەی هەرێم ئەکەم**

**بۆچوونی نیشتمانیم پڕتینە و با نگەوازدەکەم**

**شورەیی یە مـــردنە ئەی کوردینە بۆ وا دەکەن**

**بۆشەڕی برا کوژی بە پەرۆ بەرپا ئەکـــــەن**

**بۆچی ڕەنگی سەوز و زەرد بون بەمایەی خوێن ڕژان**

**بۆمیللەت وادڵی پڕبێ تف بکا ت لەئاسمان**

**( ١٩٩٤/١٠/١٦ ) کەلار - صمود**

# ﴿ خــــــەم ﴾

تا منداڵ بووم چوون نەفـــــام و نەفام بووم

هەرخەریکی یاری کردن دڵشاد و کامەران بووم

پیران گووتیان: خۆزگەم پێتان پێ ئەکەنین

ئێمە ووتمان: بۆ وائەڵێن: خۆزگە ئێمە ئێوەئەبوین

پیرانیش بەسەر ڕاوەشان بەبزەی لێو و ئاە کێشان

وەها مەڵێن: منداڵینە سەدان خۆزگەمان بەدڵتان

ئێستا چێژی خەمم کرد و تەواوی بیرم کردەوە

هێشتا پیر نەبووم، خۆزگەم بەمناڵی بردەوە

پێشینان ئەڵێ ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار

پاش چووە هیچ ناکرێ میوانــە لام خەم و ئازار

بووبە برام بێ ئەوەی من بناسێ یاببیناسم

سەیری ڕوومکەن دەزانن کە چەنـــدێ کەساسم

( ١٩٩٨/٨/١٦ )

# ﴿ کـــــــوردێ ﴾

کوردێ حەزنەکا هەبێ کوردستان
دایم ئـــاواتی سەر و پشت نەوان
تیری دوژمن بێ دژی نیشـــتمـان
دلّی بۆ ئێشی میللەت نەکـــا ژان

یاخو ئەوکوردە مـالّی بێ ویّـران
هەر خەجالّەت بێ تائاخر زەمان

کوردێ هیچ ئاگای لەمیللەت نەبێ
هەر ژێر دەستەیی لەلا پەسەند بێ
بۆخەمی میللەت هیچ خەمی نەبێ
لەگەلّ دوژمنی مـیـلـلـــەت برابێ

یاخوائەوکوردە مالّی بێ ویّـــران
هـــەر خەجالّەت بێ تا ئاخر زەمان

کوردێ بزانێ حـالّی کـوردســـتان
لەبۆ کەساسی قـــورِنـــەدا لەشان
دا یمە پرد بێ بـــۆ رِێی دوژمـــنان
خۆی دلّی شاد و میللەت پەریّشان

یاخوا ئەوکوردە مالّی بێ ویـــران
هــــەر خەجالّەت بێ تائاخر زەمان

کوردیٚ بۆ قەزا نەبیٚ بە قەڵغان
پیلان دانەنیٚ بۆ دوژمن تۆپــان
رۆژی تەنگانە نەبیٚ بەقوربــان
خوێنی نەرێژیٚ بۆ بەرزی ژیـــان

یاخوا ئەوکوردە مالّی بیٚ ویـــران ،
هـــەر خەجالّەت بیٚ تائاخر زەمان

کوردیٚ سەرشۆڕکا بۆ ژێردەستەیی
دلّی زۆر شادبیٚ کـــەدوژمـن گەیی
کوفرە لەو کوردە بـــکـــەی گـلەیی
کـــەشـادومـان بیٚ بـەژێردەستەیی

یاخوا ئەوکوردە مالّی بیٚ ویـــران
هـــەر خەجالّەت بیٚ تائاخر زەمان

کوردیٚ بۆ تۆلّە خۆی نەکا بەتیر
لە سنگی دووژمن چنگی نەکا گیر
بۆئەوەی دووژمن لیٚی نەبیٚ زویر
لەناوی ببا کوردی گەنـج وپـیر

یاخوا ئەوکوردە مالّی بیٚ ویـــران
هـــەر خەجالّەت بیٚ تائاخر زەمان

کوردیٚ حەزنەکا بەدوژمـن تـۆپــان
خۆی بشارێتۆ لەترس گیان کێشان
هـــیـچ بـیر نـەکاتۆ لەبەرزی ژیان
بۆ قەزای دوژمن خۆی کا بەقوربان

یاخوا ئەوکوردە مالّی بێ ویـــران
هـــەر خەجالّەت بێ تـائاخر زەمان

کوردێ بیەوێ بۆمــانــەوەی خـۆی
دوژمن پەلکێش کات بۆناوگەلی خۆی
بـــیر نـەکاتــەوە پـیاوەتی لەکوێ
دوژمـن سـەربـخا بـۆئـاواتی خـۆی

یاخوا ئەوکوردە مالّی بێ ویـــران
هـــەر خەجالّەت بێ تـائاخر زەمان

کوردێ ئەوەنندە بیر نەکاتەوە
ئێش ئازاری گەل نەخواتەوە
دایم بۆ دووژمن رێ پاك کاتەوە
تـاکو میللەتـی ئەتلیسێتـــەوە

یاخوا ئەوکوردە مالّی بێ ویـــران
هـــەر خەجالّەت بێ تـائاخر زەمان

کوردێ ئەمەندە نا پاکی نووان
خۆی کردبەتولەی بەردەم دووژمنان
دایم خەریك خۆ و کلکی راوەشان
هەولّدەن ترۆیکەن لەناو کوردستان

هەزار جار یاخوا مالّی بێ وێران
دەك خەجالّەت بێ لەقاپی یەزدان

( ١٩٩٨/١٢/١٩ )

# ﴿ بۆچی .... ئەبێ ؟ ﴾

بۆچی ئەبێ هەرئاوا کەساس و دەربەدەر بین ؟
تاوانمان چی یە بۆچی ئەبێ هەردەست بەسەربین ؟
کوردێکی بەش خوراوین لەناو ئەم کوردستانە
هەژارین سەرشێواوین بەشمان شین و گریانە
لەبەرچی؟ ڕەنجەڕۆبین لە بەرچی؟ مات و غەم گین
لەبەر چی ؟چەوساوە بین بێ بەش لەهێلانەی ژین
لەبەر چی؟ خاوەن خاك و مافی خۆمان هەرنەبین
لەبەرچی ؟ ئێمـــەش وەکو گەلانی دنیا نەژین
لەبەرچی ؟بەرهەمی ئێمە خۆراکی بێگانە بێ
لەبەرچی؟ کوردی بێ چارە خاوەنی خاکی نەبێ
تاکو کەی ؟ تەیری کۆچەر تاکو کەیی؟ ئاوارەیی
تاکو کەی؟ دەست بەسەر و دوور لە شار و ئاوایی
ئاخر تاوانمان چی یە ئابەم دەردەمان ئەبەن؟
مافی کێمان خواردووە وەها ئازارمان ئەدەن؟

**تـا کەی ؟ نەبین جیٚ نشین تـاکو کەی؟ ئاوارە بین**

**تـاکەی ؟ پیشەمان گریـان گیرۆدەی ئـــەم دەردەبین**

**چ ماف خوراویٚك هەیە کە کورد مافی خواردبیٚ ؟**

**بەخاکی کیٚدا چووین ، زوڵمان لیٚ کردبیٚ ؟**

**گەلیٚکی زۆر هەژارین هەر زۆردارماڵمان ئەبا**

**لەژیٚر چەپۆکی زۆردار، هەزارامان پلیشـا**

**لەبەرچی ؟ گەورە و بچوك وەکو یەك ئە کوژریٚ**

**خویٚنی گەشی منالاْنمان بەکۆمەڵ ئەڕیٚژریٚ**

**چی بوو تـاوانی منالٚ یان حەیوانی شاخەکان ؟**

**کورد بۆ کرا بەوەحشی ڕاوی بکات فاشیستان**

( ١٩٨٥ )

# نـــــــــــەوت

ئەی ئاڵتونی ڕەش ئەی توانای گەلان

ئەی ووزەی شۆڕش لـــــەناو کوردستان

بۆ تۆ هەزاران لـــە خوێنیان تلان

تۆوی تەعـریب و تـەبعیسیان ڕوان

ئەی ئاڵتونی ڕەش توانایی داگیرکەر

بۆ تۆیـــە ئێمە ناژین وەك بەشەر

بۆ تۆیە ئێمە پەشێـــوە حاڵمان

لە پێناوی تـــۆ ڕووخاوە ماڵـمان

لەسەر تـــۆ ئێمە ئاوارە و وێڵین

لەناو جیهانـدا دواکەوتوی خێڵین

لەسەر تۆ تـــەخت ئەکەن کوردستان

خوێنی هەزاران شـەهید یان ڕژان

تـــروسکەی گڕت گـڕی شۆڕشمان

ڕەنگە ڕەشەکـــەت بـەرگی کچا نمان

هەر لــەسەر تۆیەکە ئەنفال کراین

هەزاران ویّلّ وهــزاران کوژراین

لەسەر تۆ کەوا بەش بەش کراوین

ویّلّ و دەربەدەر هەموو فەوتاوین

بووین بەچوارپارچەلەسەرئەرزی خوا

کوا یاسای مرۆڤ کوانیّ دادگـــــا

کواتۆلّەی ئەنفال هەلّە بجەی شەهید

کوانیّ پاداشتی ك،وردی وەك مورید

لە تورکیا و ئیّران عیّراق و سوریا

بەش بەش کراوین گوایە بەیاسا

ئەزانم یاسای کوتەکی جیهان

لە پیّناوی تۆ ئیّمە یان خنکان

لەهەر چوار پارچە خاوەنی نەوتین

لەسەر تۆیە وا ئیّمە پەك کەوتین

## نەوتی کرمانشان کەرکوك خانەقین

چاك و پاك ترین نەوتی سەرزەمین

ئەمجار لە تورکیا لەدەیان شوێن

نەوتی تێدایە بووبە مایەی خوێن

داگیرکەر زانی کە خاوەنی تۆین

بەش بەش یان کردین هەتاکو بڕۆین

بەلاّم ئەی نەوت قەسەم بەخـــوا !!

قەسەم بە شەهید لە ڕێتـــا درا

قەسەم بە منالّ خوێنــــــی بۆت ڕژا

قەسەم بەوکەسەی مێشکی بۆت پژا

قەسەم بەدێهات بۆت تەخت کرا

قەسەم بە ئەنفال کە بۆ تۆ درا

قەسەم بەیاسای کوردستانەکەم

قەسەم بە تۆلّەی نیشتمانەکەم

## کۆڵت لێ نادەین هەر داوات ئەکەین

لەت لەتمان بکەن لەیادت ناکەین

تا بەدەست خۆمان دەرت نەهێنین

چـــرای ئازادی پێ نەگیر سێنین

نابێ کۆڵ بدەین بۆ ڕزگاری تۆ

ئەگەر خوێن وەکو لافاو بەرز بێتۆ

ئەوسا هەرهەموو یانەك و ئەمرین

یا بەشادیا لە دەورتا ئەژین

یا نەمانمانە یان سەرکەوتن

یان لەنەوتی کورد کەڵك وەرگرتن

(١٩٩١/٧/٩ )کەلار

# ﴿کاسە لێس﴾

برای کوردی بەڕێزم خاوەنی بیر و ویژدان

ئەی برای زەحمەت کێشی هەمووخاکی نیشتمان

ئەمڕۆ چینی کاسە لێس کردویانە بەکاریٚ

خەفەت و دەرد و مەینەت بەسەرمانا ئەباریٚ

وا خاوەنی کاسە کە هەمـــــــــــوویانی هانداوە

کەسەلکی پاسدار بێنن، ئەوان بۆیان لەم ناوە

کاسە لێسیش بە کۆمەڵ بەدزی ئێختیفاوە

کۆلاّنی شار ئەگەڕێن لە بــــــــاران و لافاوا

سەلکی پاسدار لە ئێران ئاخر چۆن ئەبیٚ پەیدا

وەرە چینی کاسەلێس ئەمجارە مەبە شەیدا

ناچار بەهەر جۆریٚ بیٚ تەسکەرەیەك ئەکرن

ڕێگای سەرشۆڕی ناوژین، لە بۆ پارە ئەبڕن

بۆ شوان و شێتی وولاّت بیری پیس ئەکەنەوە

بۆ شۆڕش گێڕی خەبات تەڵەو داو ئەنێنەوە

ئە ئەم ناپیاوانە سەلکی شێتێکیـــــــان بری

ڕێگای تاوان باریان لەناو کۆمەلا کرِی

سەلکی شێتیٚ لەبن دەست خۆ بردیانە دیوان

ئازا خرا سەرمێزی ناوچاو پانی بیٚ ویژدان

ئەویش بەو زمانە پیسەی ئەڵێ : زێنین یا کاکە
ئابەو کردەوە پیسە ئەو پیسە ئەڵێ چـــاکە
ئەو خوێڕی و نەزانانەش سەریان بۆ ڕاوەشان
زیاتر ئەو بەد فەساڵە بە قسە ئەیانی دووان
بەچەند کەلیمەی کوردی مەرحەباو چاك و چۆنی
ئنتوم زیئاب یاکاکات شلۆن جییت و گلونی
ئەمجا ئەم ناپیاوانە تاك تاك کەدێنە زمان
ئەڵێن: سەیدی بەخوا جیبنا لە ناو ئێران
بەلاّم ڕەشی ناوچاو پان ئەزانی لەبەسەرهات
سەرێ ڕائەوەشێنێ وەڵلاّ ئەحسەن یاکاکات
ئەوا سەلك بڕاوە بەناوی پاســــــــدارەوە
دەك خوا ڕوویان ڕەش کا بەدەم شین و زارەوە
سەلکی شێتی سەیدسادق بۆبوو بەسەلکی پاسدار
دەك خەجاڵەت بن هەموو لەبەردەمی کردگار
ئەی کاسە لێسی نەزان ڕوو ڕەشانی ناو وولاّت
ئەی دڕکە تیژەکانی ناو ڕێگە وجەرگەی خەبات
ئەی تانجی کلك لەقێنی بەردەمی ماڵی ئاغا
ئەی کاسە لێسەکانی ڕژێمی پیسی بەغا
بۆ سەری شێت ئەبڕن بۆ ئافەرینێ ئەوان
نازانن ئەوان گوللەن بۆ سەردڵی نیشتمان

**بەهەر حاڵ و کردەوە کەکاریان سەرکەوێ**

**بەئەقڵتان ئەکەنن بۆ ئەوەی گەل دوا کەوێ**

**ئەی ئەو کەسانەی کەوا خاوەنی بیرو هۆشن**

**هەمووخاوەن ویژدانان کەبۆگەل تێ ئەکۆشن**

**ئەمە کردەوەکانی کاسە لێسی کوردانە**

**کام ویژدان ترۆی ناکا ئە ئەم بەد کردەوانە**

**تێبینی :وابڵاو بووەوە کە لەسەیدصادق سەری شێتێکیان بڕیوە لەبری پاسداری ئێرانی**

**( ١٩٨٦ )**

# ﴿چۆن نەگریەم﴾

چۆن نەگـــریەم چۆن نەنالّم ئەبینـم
دوژمنان و دەستەی زالّم بڕی تینـــم
وەکو زوحاکی خوێنـــــمژ هەموو کات
دایی ئەپاچێ ڕەش سپی ناو وولاّت
هەتا دوێنێ پیاوی دزبوو کەچی وا
ئێستا ئەوان پیاوی چاکن من لەدوا
کامە یاسایی ڕاستە قینە بـــۆ ژیان
کوا سەربەستی کوا ئازادی نیشتمان
ئەوەی هەژار هەژارە لـــــــــــە وولاّت
ئەوەی زۆردار هـــەر زۆردارە هەمووکات
ئەوەی هێزو و تـینی نەماوە بۆ کار
یاسایی تازە لەقوڕی نا هەزار جار
دەستم شکێ بۆچی هەر یاسایەك کە هات
بووبەئەلّقەی پە نجەی برجوای ناو وولاّت
زالّمە سەرمایە دار و هەژاریش دەربەدەر
نەزان زانا زاناش داماو و دەس بەسەر
کوا یارمەتی هەژارانی ئەم وولاّتـــــەم
ئاسمانی ژینیان دا یمە هەر هەوری خەم

هەموو زانایین هەموو دانایین بۆ قسە
بەلاّم دوورین لەو حەقەی حەقیٚ سسە

ئیٚمە هەر ئەو میللـــەتەین کیمیا باران
سەری بەرزی شۆڕ نەکردین بۆ دوژمنان

یا پیلان و خویٚـــــــن ڕشتنی بەعسیان
چۆکی شۆڕشی دانەدا بە ئیٚمەی بیٚ ژیان

دنیایی برسیٚتی چەرخی بەرزی پیٚشکەوتوو
نەی بە زانین لە شۆڕشیش نەبوین مانوو

ئیٚمەی هەژار سەر و گویٚ لاکمان شکا
ئای چەند جگەر سۆز و چەندە مالّمان سوتا

نازانم بۆ کاکی زالّم هەربەبیٚ خەم
نەڕژا خویٚنی و ژینی وەکو خۆیە هەردەم

هەتا ئیٚمە چوینە شایی چۆپـــی برد
بەبیٚ ئەوەی دەم کەینەوە هاواری کرد

ئیٚوە چین و لەسەر چین و خەریك چین
دوور کەونەوە لەم ولاّتە کـە هیچ نین

بـــــەچـــاوی ســـەرم ئـــەگریم ڕۆژ وشەو
بۆ هەژارانی ولاّتی خۆشـــــــــی نەدیوو

بۆیە ئەلّیٚم مـــنی شەیداو هەژارانـــی ولاّت
پاسەوانی کەسانیٚکن کەدوژمن بوو بەخەبات

وەکـــو مـــوو پـــێست تێکەڵێن کەچـی وا

مـــوکـــێشـی حـــەق وون بـــووە لایان ببا

سەیرەئەوەی کەزانایەخاوەنی مێژووخەبات

قەسری وولاّتـان ئەکرێ بۆ ڕۆژانی پڕئافات

خوا یە کوێرکەی ئەوانەی بیری وا ئەکەنەوە

لەڕۆژی تەنگانەی گەلاخۆلەمەرگ ئەشارنەوە

( ١٩٩٢/٧/٢٥ )

# ﴿ یاخوا کوێربێ ﴾

ئەوەی بۆگەل چرا نەبێ
بۆ ووڵات گیان فیدا نەبێ
بۆ ئازادی دڵســـۆز نەبێ

یاخوا کوێربێ و چاوی نەبێ
هــەر ڕسوا و شەرمندە بێ

ئــەوەی دژی ئازادیـــــیە
دوژمنی خەندەی شادیـــیە
بۆ نەمانی کورد هەوڵیـــــیە

یاخوا کوێربێ و چاوی نەبێ
هــەر ڕسوا و شەرمندە بێ

ئەوەی نۆکەری لا خـــۆشە
لەداخ سەربەستی بێ هۆشە
کەســـــانێکە ســـــەری بۆشە

یاخوا کوێربێ و چاوی نەبێ
هــەر ڕسوا و شەرمندە بێ

ئەوەی حەزکا کورد بێ کەساس
بە دوژمنی خۆی بڵێ برای خاس
کاتی سەرکەوتن ببێ شێت وکاس

**یاخوا کوێربێ و چاوی نەبێ**

**هـــەر ڕسوا و شەرمندە بێ**

**ئەوەی کەدڵ بە کوڵ نەبێ**

**بۆ ئازادی بە گڵ نەبێ**

**لەتەنگانەش بوڵ بوڵ نەبێ**

**یاخوا کوێربێ و چاوی نەبێ**

**هـــەر ڕسوا و شەرمندە بێ**

**ئەوەی ڕەشەبایی خەم دێنێ**

**تۆوی ئازار و دەردی ئەچێنێ**

**خوێنی گەشی میللەت ئەڕژێنێ**

**یاخوا کوێربێ و چاوی نەبێ**

**هـــەر ڕسوا و شەرمندە بێ**

**( ١٩٩٥/١/١٩ )**

# ﴿ مستە شار و نۆکەر﴾

بەگم ، میرم، گەورەم ، سەرومەرم ، ئاغام ، مەرحەبا

ملیشیات چی یە؟ وا لە ناو کورددا سەری هەڵدا

قۆڕە حاڵمان، پیسە ماڵمان، ئەگەر بێت و وا بڕوا

دەربە دەرین ، قوڕبەسەرین، ماڵ کاولین بە خوا

تۆ ئەبی بە کرێکار و من ئەبم بە وەستای تۆ

تۆ ئەکەن بە ڕەئیەت و من ئەبم بە ئاغای تۆ

تۆ ئەکەن بە نۆکەر و من ئەکەن بە مـستەشار

تۆ ئەکەن بە شوان و من ئەکەن بـــە توجار

میرم ئاغام چۆن تێگە یووی لـــــــــەم ڕۆژە

سەرومەرم چۆن جیا ئەبێتۆ ئەم خەڵـکە وا ورۆژا؟

بێ ئەقڵێ نەفام گێلی بەد بەختــی ڕۆژگار

نـــــاوی ملیشیات مەبە تۆ لە ئاستـــی پارەدار

هەموو کات من چۆپی کێشم جەنابیشتان لە گاوانی

ئەبێ وێنەت سەمابکا بۆ وێنەکەم تا بەیانـــی

**ماڵم باشتر ئاوا ئەکەم حاڵم باشـــتر بەڕێی ئەکەم**

**ئێستا کە بەس تۆ نۆکەری ئەو کاتە زۆر پەیدا ئەکەم**

**نەفـــامـــــی گێل سەرهەڵبڕە ئێستاکە بارەکەت کایە**

**کـە میلیشیا هاتە ناوابارەکەت بەردی تـــێــدایـە**

**وامـــەزانە ئەبمە نۆکەر جەنابیشت کە ئـاغـایـە**

**حوشتر کوڕی ببێ یاکچ ،باری خۆی هەر لە پشتایە**

**نەزانی گێل تۆ هەر ئاوای هەتا ماوی لە ژیان**

**نابینی من کرێکار بم کە قوڕم بدرێ لـــە شان**

**بـــــڕۆ لاچۆ لەبەر چاوم گێل و نەفامی ڕۆژگار**

**عـــــارەبانەکەت ڕاکێشە ،بەرە و ژوورو بەرەو خوار**

**تــۆ گێلی نازانی دنیا سیاسەت یاری پێ ئەکا**

**تا ناوی سیاسەت هەبێ ئەبێ ئێمە پەروەردە کا**

**سەرکەوتن( ١٩٩١/٩/٢٥ )**

# ﴿ ساڵی ١٩٨٥﴾

خۆشی بووساڵی هەشتاو پێنج هات
ئەڕازێتەوە هـــــەموو لای وولات

خەندە و پێکەنین پیاو کاس ئەکا
گریان و ڕۆ ڕۆ ئـــەڕوا و ڕائەکا

دەرد و نەخۆشی ئەبـــــێ ڕسوا
لە ناو ئەم گەلەم نامێنێ و ئەڕوا

جێگای سەیرانگا ئـــەبوژێتەوە
خەڵك بەسەر بەستی ئەسوڕێتەوە

بەلاَم ساڵی چی دەرد و ستەمە
ئاسمانی شینی هەر هەورو خەمە

جێگـــەی خەفەتە لە ناو ساڵانا
پیسترین ساڵە تـــا ئەم ژیانە

بۆ گەل ئازار و خەفەتـــی تیایە
ساڵێکی پیس و پــــــڕلە بەلاَیە

وا ئاوەدانــی گشت کاول ئەکرێ
دێهاتەکا نمان بەر بۆمبا ئەدرێ

دەرد و نەخۆشـــــی تابێ زیادی کرد
جێگەی، سەیرانگای هەمووتەخت کرد

شیوەن و ڕۆ ڕۆ تابێ زیادی کرد
وەتەن بۆ شەهید بانگــــەوازی کرد

جیڤارایەکی تیا شەهید کـــرا
مێژوو بەجارێ چین چین ئەگریا

ئەی خوا ئەم ساڵە پڕ لە ئازارە
دەست کردی خۆتە یان هی زۆردارە

یان باری خەمە یان هەوری غەزەب
یا ناڵەی قەمچی دەستی بێ ئەدەب

گریانی کوردە بۆ ماڵـــــی جوانی
کە بەتانك و تۆپ بەعس ڕووخانی

ساڵی هەشتا و پێنج پیسی بەد گرۆ
زامی کـــۆنی کورد بۆ دێنیتە سۆ

سلێمانی( ١٩٨٥/٩ )

# پێشمەرگە

پێشمـــــەرگەیە چا لاکم
گیان فیدای ئاو و خاکم
بەختی ڕێی نیشتمانم
گیان فیـــدای کوردستانم
هـەر کوردستان گیانمە
ئاواتە و هــەم ژیانمە
بۆسەربەستی کوردستان
ئامادەم گیانکەم قوربان
ئەی دوژمنانـــــی ووڵات
ئەی درکانی ڕێی خەبات
منم پێشمەرگـــەی کورد
ئــەولادی شاخ و هەردم
بە خاکم داوە بەڵـــــێن
لـــە دوژمن بیکەم خاوێن
ئەی خوێن خۆرانی ووڵات
ئەی دوژمنانـــــی خەبات
خۆم و باوەڕ و تفەنگ
ڕوبەڕوتان ئەکەین جەنگ
بۆ مافی کــــــوردستانم
عەبــــداڵی چیـاکانم
بەردی ڕەقـــــە سەرینم

**تەنها بۆ خاکــە ژینم**

**داری بەڕووو بــــرامە**
**سەنگەری بەتــــوانامە**
**شەماڵ ماندوم دەرئەکا**
**چیام تۆڵەی گــەرەکە**
**بۆ بەرزی خاك و میللەت**
**من بۆی ئەکێشم زیللەت**
**پێشمەرگەیــەکی کوردم**
**حاشا ناکـــەم لە کوردم**
**چەکی شەرەف لەسەرشان**
**بــــۆ ئازادی کوردستان**
**خزمـــەتکاری خەباتم**
**گیان قوربانی وولاتم**
**ناویشم پێشمــەرگەیە**
**کە چرای ئەم ڕێــگەیە**
**یان سەربەستی یان مردن**
**یان خەبات تا سەرکەوتن**
**یان ئازادی کوردســـتان**
**یان شەهید بوون و نەمان**

( ١٩٨٧/١/٩ )

**کانی هەمزەی شارەزوور**

# ﴿برای کوردم﴾

برای کورد زمانـەکەم

هاو زمان هاو ژیانەکەم

رۆژی شادی هەموو مانە

کوردستان هیوای دڵمانە

رۆژی هەوڵ و هیمە تمانە

بۆ سەر بەرزی ئەم ژیانە

بۆ ڕا پەڕینی یەکــجاری

بۆ لە ناو دانی زۆر داری

بۆ زۆرداریٚ ئەمانکا بەند

کامە پیسە ئەیکا پەسەند

پەسەندیٚ زۆردار دای بنیٚ

ئەبیٚ میللەت لـــەقوڕنیٚ

دەدەست گرن وەکو برا

بۆ کوردستان بن بەچرا

سینگتان بابیٚ بەقەڵغان

بۆ قەزاکـــانی کوردستان

منیش وا نوکـــی خامەکەم

بەقــــوربانی خاکم ئەکەم

**خوایـــــه قەزای ئەم خاکەم**

**بخات له خۆم و خامەکەم**

**بەڵێ خوشکان و برایان**

**کـــــوردستانە هێز و دڵمان**

**کوردستان ئارامـــــی گیانە**

**خوێن و ئێســـقانی هەموانە**

**کوردستـــــــان ڕوناکی چاوە**

**بەندی دڵە هەم هەناوە**

**ئەی برای کوردی بەڕێزم**

**خاوەن هۆشـــانی بەهێزم**

**بۆخاکم من خەم هەڵئەگرم**

**بۆ ئـــازادی ئەویش ئەمرم**

**خۆشترە لام لـــــەئەوروپا**

**لەبەهەشتی دەستکردی خوا**

**ئەو سروشتەی پەروەردگار**

**نەخشان و یە لە ڕۆژگـــــــار**

**جوانترین شێوەی ناودڵـــمە**

**کزی ئەو فرمێسکی کوڵمە**

**ئەی برای کورد ئەو خاکەیە**

**کە هۆی شانازی ئێمەیە**

**دەبا زنجـیری ئـــــاگرین**

**لـــــەگەردنی فاشیـــان نێین**

**دەستـــــی ئێوە و هیمەتتـان**

**ئیزرائیل بێ بۆ بـــەعسیەیان**

**بەس یەکگرتن ئاما نجتان بێ**

**پاشە ڕۆژی گەل ڕوون ئەبێ**

**تـاکەی ئێمە لە ژێر چە پۆك**

**کەسی زۆردار دابدەین چۆك**

**گەر وەك گەلان ئێمە نەژین**

**بۆچـــی باشین بۆ چی بژین**

**(١٩٩٠/٩/١٠) سەفوان –بەسرە**

# ﴿لەزیندانا﴾

له زینـــــــدانا دارِزاوم
لـــه پێناوی خاك و ئاوم
دەست لەزنجیر چاو بەساوم
بەندی رِێگەی خاك و ئاوم
چاوی بەستم لەگەڵ دەستم
بۆ لە ناودانی مـــەبەستم
وای ئـــەزانی بیرم ئەبرِێ
بەلێـــدان خاکم لێ ئەکرِێ
پەتـــی هێنا لەگەڵ زنجیر
فرِێـــــی دامە ناو بنی بیر
وا ئەزانـــــێ بەوە پەستم
بەوکارانەی ئەشکێ هەستم
بەوکـــردەوەی دەمکوت ئەوم
لە داوایی مافـــم ئەکەوم
نازانێ ئەڵقـــەی زنجیری
ووتـــوو لێدانی ناو بیری
زیاتر بیرم ئەکـــــاتەوە
رِقم زیاتر ئـــــەبێتەوە
ئەم لێدان و ئازاردانە
بۆ ئازادی نیشتمـــــانە
با باش بزانن فاشستان

خوێن خۆرەکانی کوردستان

له دنیادا نیه هێـــــزی....
کەبێ و کوردم لێ ببێزێ
پەیمانە ئەی نیشتمانم
تەنیا ئاواتـــــی ژیانم
گەر ئیزرائیل هاتە سەرم
پرسی ئەوزاع و خەبەرم
ئەڵێم ئەی مەئموری خوا
یەك پرسیار و یەك داوا
بۆچی کورد بەشەرنی یە؟
دروستکراوی خوانی یە؟
بۆچی بەکوردی ڕەوان
نا پرسن له حاڵەکەمان
یان بەکورد یەکی پەتی
نایکەی پرسیاری خوایەتی
گەر خوا جەهەنمم باتێ
سەقەریشی له گەڵدا بێ
هەتا ئەمێنم لـــــەژیان
ئەڵێم :کـــوردم و کورد زمان

( ١٩٨٧/٤/٣٠ )

نەسر لەسەر داوای (کاك جلال قاشتی )

# «بۆ هەندێ ڕاوچی نەفس نزم لەدەربەندیخان»

هەوارگەی ڕاوم  هەوارگەی ڕاوم

بەمۆ و زمناکۆ هەوارگەی ڕاوم

ڕۆژی بە دڵی پڕ لە ژانـــــەوە

بەئاهی دڵی وەك بریـــــانەوە

تفەنگم هەڵگرت کردمە سەرشان

دایی لەکەللەم ڕاوی شاخەکان

بۆ ڕاو وشکار ڕووم کردە بەمۆ

ئازاری ژینمی  هاوردەوە سۆ

ڕۆیم هەتاکو ناو ڕەوەز و بەرد

زۆرهەڵمکێشا من هەناسەی سەرد

ئاخم  ئەکێشا بەدڵی پڕ غەم

ئاخێکی وەها بۆ فراِنی غەم

کەوتمە خەیاڵ خەیاڵی دەروون

خەیاڵی شاخی چۆڵ و توناو تون

ئەمووت لە بەرچی ؟ وای پێ کراوە

بۆچی ؟ ئەم شاخە چۆڵە ئەئاوا

پاڵم دایەوە بەدەم داڵغـــــەوە

دڵم بەو ئێشە پڕ لـــــە داغەوە

ئالەم کاتەدا خڕ هاتـــە گوێم
دالّغەکەم بڕی ڕا پەڕی لەجێم
بینم چەند کەلّی وەبان بەردەوە
قسە وباسیانە بەدەم دەردەوە
خۆم خستە پارێز کەبیان کوژم
داخی بەر و دوایی دلّم بڕێژم
کە زانیان پێم دایانە سەختا
یەکێکیان جێ ماهیچ نەلەخشا
بەتوند پیقاندی ولێم هاتەزمان
زمانێکی چۆن هەر وەکو ئینسان
ووتی: ئەی ڕاوچی ئەی بێ ڕووی نەفام
ئەی حەرام زادەی بێ شوێن و مەقام
بۆ ڕاوکردنمان دێی بە تەکاندان
بەلاّم ناکەی سەیرحالّی نیشتمان
هاتووی لاشەی کەلّ بوەی بەدیاری
یا دگاری خۆت بۆ یادگـــــاری
بیدەی بەدەستی دوژمنی خاکت
لاشەم دیاری بێ بۆ ناوی پاکت
بە لاشەکـــــەی من مێز بڕازێنن

**زیاتر خاکی کورد بهـــەڕۆژێنن**

**خەیاڵت خاوە نەفامی بێ ڕوو**

**ئابڕووت بچێ وەك ئابڕووت چوو**

**بۆچی ناڕوانی بۆ شاخ و هەردان**

**دوژمن چیکردوەلەناو کوردستان**

**هەتا سەرچاوەی ئاو پڕئەکاتۆ**

**نەوەك حەیوانیش ئاوی لێخواتۆ**

**دێهاتەکانی گشت کاول کردین**

**بۆ کوشتنمان تۆی بۆ ناردوین**

**بەخوا دیارە خــەیاڵت خاوە**

**ئەبێ بێ دیاری بڕۆیتــە دواوە**

**ئەگەرگوللەکەت سەرم لەت بکا**

**پەڕەی دڵەکەم پارچە پارچە کا**

**پە یمان بەکورد و بەشاخی بەمۆ**

**نابێ بەهیچ جۆربکەومەدەست تۆ**

**ئەبێ لەم تاشە واخۆم هەڵدێرم**

**هە پرون هە پرون بم خۆم نەسپێرم**

**هەتـــا بە گۆشتم مێز نەڕازێنن**

**نەخشەی کاولی کورد نەنەخشێنن**

**کاتێ کەکەڵ ئەم قسانەی کرد**

**ساتێ هە پەسام هیچ قسەم نەکرد**

**بەدەستی بەتاڵ گەڕامە دواوە**

**بە پەشیمانـــــــــی و بە لالآنەوە**

**گووتم : خودایە حەیوان وا ئەڵێ**

**ئاخۆ ویژدانی مرۆڤ چی بڵێ**

**شەرتە نەکوژم کەڵی ناوشاخان**

**نەکوژم حەیوانی هێندەبەویژدان**

**بکوژم ئەوانەی دێهاتیان ڕووخان**

**لە کوردستانا ئەنفالیان خولقان**

**دوژمن بەوە بم دوژمنی خاکە**

**دوژمن بەگەلی کوردی بێ باکە**

**( ١٩٨٨ )**

# ﴿شیوەنی دایکێك﴾

ڕۆڵەی شەهیدی ڕێ ی خاك و ئاوم

ڕۆڵەی نەبەردی لەشەڕ نەشکاوم

ڕۆڵەی هەژاری کوردی داماوم

ڕۆڵەی کوژراوم ڕۆڵەی کوژراوم

ڕۆڵـــەی قارەمان خاکی سوتاوم

ڕۆڵە ئارامی دڵەکـــەی مـــن بووی

ڕۆڵەکوێرکردەی چاوی دوژمن بووی

زۆر بەختەوەرم کەواشەهید بووی

ڕۆڵەی کوژراوم، ڕۆڵەی کوژراوم

ڕۆڵەی قارەمان خاکی سوتاوم

ڕۆڵە تۆی شەهید کوردستانەکەم

ڕۆڵە تۆی فیدای نیشتمانەکـــــەم

ڕۆڵە تۆی قەڵغان خاکە جوانەکەم

ڕۆڵەی کوژراوم ڕۆڵەی کوژراوم

ڕۆڵەی لەسەرخاك شەهید کراوم

ڕۆڵە کوردستان هەر ژیانمانە

ڕۆڵە ئەم خاکـە نیشتمانمانە

شەهید بوونی تۆ شانازیمانە

**ڕۆڵەی کوژراوم ڕۆڵەی کوژراوم**

**ڕۆڵەی بەدەستی دوژمن نەماوم**

**سوپاس خودایە کوڕم کوژراوە**

**بۆ بەرزی کوردە گیانی داناوە**

**لە ڕێی ئازادی خوێـنی ڕژاوە**

**ڕۆڵەی کوژراوم ڕۆڵەی کوژراوم**

**ڕۆڵەی گیان قوربان خاکی گیراوم**

**زۆر بەختەوەر و دڵ شادمانم**

**چونکە دایکی شەهیدی جوانم**

**کوڕم قوربانە بۆ کوردستانم**

**ڕۆڵەی کوژراوم ڕۆڵەی کوژراوم**

**ڕۆڵەی کوژراوی خاکی گیراوم**

**ڕۆڵە بۆ خاکم پەروەردەم کردی**

**بۆ بەرزی خاکت شەهیدیان کردی**

**گەلێ سەربەرزی بۆ وەتەن مردی**

**ڕۆڵەی کوژراوم ڕۆڵەی کوژراو م**

**ڕۆڵەی شەهیدی ڕێی خاك و ئاوم**

**( ١٩٨٥ )کانی هەمزەی شارەزوور**

## ﴿نەورۆزی ١٩٩١﴾ ١٩٩١/٣/١٧

ئۆخەی نەورۆزە جەژنی کوردانە
یەك پارچە میللەت دڵ شادمانە
واگەورە و بچوك دەم بە پێکەنین
بۆ یادکردنەوەی نەورۆزی دێرین
سەیرە هەر هەموو کەشادمانین
گۆرانی بێــــژی نەوروز مانین
ئەونەورۆزەی وازوحاکی تیا برد
کاوە داستانی نەمری تۆمار کرد
ئەم ساڵ ئاگری نەورۆز دا گیرسا
گەورە وبچوکمان بۆخەبات هەڵسا
مژدەی ئەم جارەی ئاگری نەورۆز
زوحاکی دووەم کرا بە تەپ وتۆز
ئەوزوحاکەی واخوێنی ئەخواردین
لێی ئەکوشتین و نەی ئەژماردین
هەرچەندی ئەکردبۆی نەئەفەوتاین
بە چەندین ڕێگە ئازاری ئەداین
بە ئەنفال کردن بەغازوخەردەل
بەسێ دارەدان بە کوشتنی گەل

**بە هەموو شێوە ئازاری ئـــەداین**

**لە ژێر ئازاری غەزەبیا ئـــەژیاین**

**سەد شکور ئەمڕۆ گەل شادمانە**

**گەل لە ناو دەری ئە فلـەقیەکانە**

**ئۆخەی بە شادی ئەوا هەموو مان**

**لە دەوری گڕی نەورۆزی کوردان**

**سرودی ئازادی و شەهیدان ئەڵێن**

**گشت بەکوردستان خۆئەدەن بەڵێن**

**سرودی ئەی ڕەقیب هەمووگەل ئەڵێ**

**بمرێ دوژمنـــــــان ئازادی بەڵێ**

**ئەڵێن هەرخۆشبێ جەژنی نەورۆزمان**

**بەرزو پیرۆز بێ خوێنی شەهیدان**

**کوردە هەموو تان بانگەواز بـکەن**

**ئەوەی کە کوردە توخوا بانگی کەن**

**ئەراراتـــــەکەت قامیشلی و سنە**

**بانگکە لەم جەژنی ڕزگار کردنە**

**هەموو ئاوارەی دنیا و هەندەران**

**بانگ کەبۆ جەژنی ئەمساڵی کوردان**

**فرسەتە ئەمڕۆ دەستی یەك بگرن**

**خوێن بڕێژن و کوردستان بـــــکرن**

# ﴿ مانای نیشتمان﴾

برای کوردم  باش بزانە

مانای چی ئەم نیشتمانە

نیشتمان  بیلبیلەی چاوە

هەناسەی گەرووی تاساوە

هێزی مرۆڤ دڵ و گیانە

سەرچاوەی بەرزی ژیانە

هەم پۆشاکە هەم خواردنە

هەم  باوەڕ و هەم  مردنە

غیرەتە  لەگەڵ  پیاوەتی

ئەوەی نەیبێ نەگبەتیەتی

هەناسە  یە لەگەڵ دەنگا

سەنگەری پیاوە لەجەنگا

گیانی  شیعری  شاعیرانە

خوشەویستی  نوسەرانە

**هیوای دڵی دووره وولأته**

**گه نجینەی ڕێگەی خەباته**

**ماڵ و سەروەتی ژیانـــــه**

**ئامانجه ، له تێکۆشانـــه**

**خوشك و بـــاوك و برایه**

**دایکێـــکی بێ کۆتـایه**

**هەستی بەسۆزی دەروونه**

**هێلانەی دڵەی زەبوونه**

**پیاوەتی و چاکەی ژیانه**

**جێ ی پێکەنین هەم گریانه**

**سەرباری ئه ئەم شتانه**

**ژینی ئینسان و ژیانه**

**ئەمه مانـــای نیشتمانه**

**ئەگەر نایزانـــی بیزانه**

**نەسر( ١٩٨٩/٧/١٥ )**

# شەیداو خامە

خامەم ئەکەم  بە  نێزە بۆ  سەر  دڵی زۆرداران

خامەی  دەستم  قەڵغانە بۆ قەزایی ڕێی نیشتمان

خامەم  گوللەی تفەنگە بۆ سینگـــــی داگیر کەران

خامەم  ئامێری  دەستمە بۆ  هاڕینـــــی  نۆکەران

خامەم  پەتی  سێدارەس  بۆ  ملی  تاوان  باران

خامەم نەخشەی ئالآیەبۆ سەر چیـــای کوردستان

خامەم  توانای  گیانمە بۆ  خەبات  و  تێکۆشان

خۆم  و  خامەم دوو براین بۆ ڕزگاری کوردستان

خۆشە هەردوو کەلەت بین بۆسەربەستی نیشتمان

هەردوو  ئەچینە  زیندان  بۆ  ئازادی  تێکۆشان

خامەو  گیانم  بۆ  گەلە  هەردوو  چاوەڕێی  هەلن

بۆ ئازادی ، سەربەرزی  دووهەڵۆی  بەرزی گەلن

( ١٩٩٢/٢/٢ )

# ﴿ جارێکیان بینیم بەچاوان ﴾

جارێکیان بینیم بەچاوان نۆکەری داگیرکەران
بەئەمری داگیر کەران مالّی هەژاریان فـــڕان
جارێکیان بینیم بەچاوان دێیەك بۆم باران کرا
لە جیاتی کارەباکەیان دێکەیان ســـــوتێنرا
جارێکیان بینیم بەچاوان ملی جوتیارێکیان پەڕان
سەریان لەلا شە کردووەسەر بەبیّ لاشە ئەینالاّن
خوێنی فڕکدا لاشەکەی لە پڕ لێیان هاتە زمان
ووتی لەبەرئەوەی کوردم بۆیە ملی منتان پەڕان
جارێکیان بینیم بەچاوان نەوجەوانیّ چواردەسالّ
درا بەردەست ڕێژی گوللەبە زیندوی خرایە چالّ
بۆیە منالّێکی کـــوردی تەمەن دە دوانزە سالّ
هاتە پێشۆو نەڕاندی وەکو شێری کەوتوو لەچالّ
لێیان هاتە زمان و گوتی ئێمە کوردین نابەزین
لاشەی برامان کەوتوویّ تاشەڕ بیّ لێی ناپرسین
ئەمجا بینیم بەچاوانم کەدەستیان بەست گرتیان
دایانە بەر ڕیزی گوللە تاقمەی ئەفلەقییەکان
لێیان هاتەزمان گوتی هەزار لێدان و دەست بەستی
بابزانن خوێن مژان یەك هەنگاوە بۆ سەربەستی

**ئەمە کـــــاری دوژمنانتە بزانن ئەی هەموو کورد**

**ووریابە خۆ فرۆش مەبن ئەی کوردی درشت و وورد**

**چونکە ئەم خاکە کەساسە هەموو ئەبینن بەچاوان**

**چۆن کاولی ئەکا بەعس بەبێ سوچ و بێ تاوان**

**هەموو ئەبینن بە چاوان چۆنە حالّی کوردستان**

**برا بن غایەتان یەك بێ بۆ سەربەستی نیشتمان**

**( ١٩٨٥ )**

# ﴿شەش خشتەکی لەسەر شعری خۆم﴾

زەمـــــانە هەروا خۆی ئەنوێنێ
ڕێوی کــــــون بەکون شێر ئەفرێنێ
قەلەڕەش ئەڵێ و کەدەقـــــیرێنێ
کۆتـــــــر لەترسا پەڕ ئـــەوەرێ
دیارە کە دۆڕا و لەقومارهەستێ
بۆ جارێکی تر خۆی ئە نوێنێ

زەمانە ماری سوار ئەگـــلێنێ
نەخـــۆشی ساغی زۆر ئەگرێنێ
هەرچەند زەمانە تاکوسەرنی یە
زۆر بـــــە ئازاری ژین نەناڵێنێ
کێ لەم مەتەڵە سەری دەرئەچێ
دز بەلای لایە ئەت خەڵەتێنێ

زەمانە بەفر و شیری کردبە قیر
زانا لە نەزان زیاتـــر دڵ زویر
کێ لەم ژیانە گـرەوی کردلەبیر
ئەوەی کەزانی ســودی پیاز و سیر
سەیر ئەم سینەما کەوا ڕویداوە
ووشەی ڕێز وونە لای منالێ تا پیر

سەیرە زەمانە درۆزن ڕاس گۆ
ڕاسگۆ داماوە خۆنایەتە گۆ
تەنها سونەتی ژیان پڕلەسۆ

**هەتاکو بکرێ فەرقی من و تۆ**

**بۆچی مێشولە بەرازێ ئەخا**
**ئێمە نەتوانین نەڵێین من و تۆ**

**زەمانە و ژیان هێندە گـــرانە**
**بەلاّم ژیاندار زۆر پـــەرێشانە**
**کێ یە لەم دونیا کەسەر گەردانە**
**کەکیسەڵ کەروێشك بگرێ لەلانە**

**سەیر ئـــەم ڕووداوە ئەم سینەمایە**
**چەند دیمەنێـــکی پڕ ئـــازاردانە**

**زەمان هێز داری بێ هێز ئەکرۆژێ**
**تاوان بارخوێنی بێ تاوان ئەمژێ**
**بەلاّم دیارە هێز داریش ێژێ**
**هەردوو لەجێیەك مێشکی ئە پژێ**

**لـــە ئەسڵا هەموو کەسێ بێ هێزە**
**ئاخری داماوە و ئەبێ هەربڕزێ**

**زەمانە دەستی وا ئەنوقێنێ**
**هێز نی یە دانی لێ هەڵوەرێنێ**
**هەرکەس بەجۆرێ هەڵیە سوڕێنێ**
**کاتێ ئەزانی هـــێزی نامێنێ**

**ئیتر بێ سودە ئـــاخی دڵ کێشان**
**ئەودەستەدەستە کـــەهەر ئەمێنێ**

**( ٢٠٠٠/٤/٢ )**

# «هەزاران»

هەزاران  دەست  لە بەردەستی ژیانا خـۆتێگلا

هەزاران  زانا  بە دەستی  نەزانان  ملــــیان شکا

تـاکو ژیان مەستی دەستی بێ  ویژدانی کۆمەڵ بێ

تـاکو بێ ویژدان ئـاواتی فەوتی پە پولەی ژیان بێ

ئەبێ پە پولەی هەژاری بە سەرداری بێ پەرژین

سرودی  منم  چەوساوە   بەسەر دارا بکا  پەرژین

لەم هەموو ئـاوات و حەز و جەنگڵستانی هۆشەدا

گەلێ فرمێسك بۆ پە پولەی ڕوحی بێ  تـاوانرژا

نەك ڕوومەت  بەڵکو  زەمینی کردە لیتاوی ژێر پا

چەند ئومێدم  بینی دەستی  بەئـاگری خەما چزا

لەم هەموو  ئـازار و ئێشە لەم بێشەی مەبەستانە

تەماشــــاکەن  چ  پیلانێ  ملوانکەی  هەژارانە

هەزاران شوێنکەوتەی  ئـاوات بەنـاحەق ملی شکا

بـاسی چی  بکەین  لەکوێوە  ئـالآی خەمی لێ هەڵکا

**پەڕەی مێژوو کەتۆماری یادگاری ژیانی کرد**

**لەم ژیانە پڕ زیانە گەلێ گریان پەڕەی ماچ کرد**

**مێژوو ئەو کاسکێتەیە هەڵە و ڕاست تۆمارئەکا**

**دەخیلە یاران دەخیلە ڕۆژگار شەرمەزارت نەکا**

**مێژوو ڕاستە، هەڵە تەنهاهەڵەی ئێمەی بێ تاوانە**

**چ سەیرە کەبێ تاوانین دەی چیمانە لەم تاوانە؟**

**دەی بیرکەوە کەبێ تاوان تاوان باربێ پاشکەوێ**

**مەتەڵێکە بیری وورد و هەوڵێکی باشی ئەوێ**

# بۆ شەهیدان

١٩٩٢/١٠/١٥

ئەی شەهـــیدان ئەی ڕابەران
ئەی هەڵگرانی ئاڵای نیشتمان
ئێوەن بناغەی شۆڕش بۆ گەلان
گیان قوربان بون بۆ بەرزی ژیان
ئەی شمقارنی ڕۆژی تــەنگانە
ئەی هەڵۆکانی ئەم کوردستانە
ئێوەن بناغەی شۆڕشی کوردان
بەخوێنتان نەخشائاڵای نیشتمان
ئیسپاتتان کرد کەوا سەروەرن
بۆ ڕزگاری گەل گیان فیداکەرن
ڕێچکەی ڕێبواری ڕێگەی شۆڕشن
قەڵغانی قەزای خاکی بێ بەشن
ئەو خاکەی کەوا هەزاران ساڵە
پیاو کوژو خوێن مژ لەسەری زاڵە
خوێنتان نیشانەی ڕەنگی ئاڵایە
بەرگتان نیشانەی ستەمی دنیایە
ئێوەن ئازار و خەمی خاك ئەبەن
لەگەڵ لاشەتان لە ژێر گڵیەخەن

بەلاّم زۆردار و پیاوانی زۆردار
هەزاران هێندە خەم دێنێتە خوار

ناچار ڕێگەتان بەر نادا لاوان
بۆ لا بردنی ژانی ناو ژیـــان

ڕێگای ڕێبواری پیرۆزتان ئەگرن
یان دوژمن نەمان یاخۆ سەرکەوتن

سوێندم بە دڵی پڕ لەسۆزتان
سوێندم بەلاشەی پڕ برینتان

سوێند بەچاوانی پڕ ئەسرنتان
سوێند بە پە نجەی سەر تفەنگتان

سوێندبەکوردستان دایکی گشتمان
ئەبێ ڕیگەتان بـــەرنەدا لاوان

هەموو ڕێبواری ڕێگای بەرزتانین
هەموو هەڵگری ئالاّ کـــەتانین

ئێوەن بەڕاستی کەوا سەروەرن
بۆ کوردستان و کورد تاجی سەرن

ئێوەن ئەوانەی خاوەن پە یمانن
بەختی ئازادی گەل و هۆزمانن

یادتان ئەرکێکە بەبان شانەوە
بۆ خەبات کردن بێ پسانەوە

# ئینتیخاباتە

ئینتیـــخاباتە  ئینتیخاباتە
زۆر کەس لەدەستی عاجز و ماتە
ئینتیخـاباتی نوێنـــەری درۆ
نوێنەری  پیسی دوور لەمیللەتۆ
ڕۆژی هەینی  بوو بەیانییەك زوو
هاتوچۆ و گەڕان خۆ قەدەغەبوو
هەرچواردەوری شارگیرابەسەرباز
بۆچی کـــەسێ بوو کەببێ دەرباز
سەربـازی  یەکێ  دوژمنی بەشەر
کەسێ بۆی نەبوولەماڵ بێتەدەر
کە پرسیام کرد  چی یە  مەسەلە
ئەم خەڵکە  بۆ وا کەوتۆتە پەلە
ئەی هاوار ئەولا  بۆ پێچ  رایەوە
بۆ گەورە و بچوك  جیا   کرایەوە
سەیری جادەم کرد سەیارەیە زۆر
ڕووی کردەشارهەریەك لەیەك جۆر
دەبابە  لە  پێش  دەبابە لە پاش
سوغرەی گرت بوو  دوژمنی هەراش

سەرباز دابەزین بەبــێ ئسوڵەت
خەڵك پێچرایەوە بەئەمری دەوڵەت
پێچـــرایەوە بەرە و نـــاحییە
ئاخ هەڵبژاردن کە دوایت نـــایە
ئەڵێن نوێنەرتان بۆ دانـــراوە
بۆ مافی ئێوە ئەوان لـــەناوە
ئەو لە جیاتیتان ئەچێتـــە دیوان
داوای ماف ئەکات لەجیاتی گشتان
گەورە و بچووکتان ئە بوژێتەوە
لە سایەی نوێنەر ئە حەوێتەوە
هیچ کەسێ ماڵتان ناخوا بەناحەق
کەس بەخۆڕای لێت نادا بەشەق
هەموو ئاواتێ بۆتان دێتـــەدی
ژیان خۆش ئەبێ ئەژی بەشادی
بەلاَم نوێنەری ڕووڕەشی ڕووکەش
پیاوی ئەفلەقی ودوژمنی دڵ ڕەش
نوێنەری گێلی نەزان لەهیچ باس
لەباسی میللەت عاجزە و سەرکاس
ئاخر چۆن بڵێم نوێنـــەرم ئەوێ
نوێنەری گەلـــەو من خۆشم ئەوێ

ئەگەر نوێنەرمان نوێنەری گەلە
بۆبۆمافی گەل قەت نایکەن پەلە
گەر نوێنەر هەیە ئەڵێن تەواوە
بۆچی دوا پاکی دێهات سوتاوە
گەر نوێنەر هەیە بۆ کاکی فاشی
هەزاران لاوی وەکو دار تـــاشی
گەر نوێنەر هەیە بۆچ (منەزەمە)
لەسەرکچی خەڵك ئەیکەنە گەمە
نوێنەری ئێمە ئەوەیان باشە
لەناو هەژاران دەمیان هەراشە
خودا هەڵناگرێ درۆی وائەکەن
مەگەربەڕاستی خۆیان باری کەن
یانەك هەتاکو ویسکی وەسابێ
یابیست و پێنج لەبەر دەستابێ
خاکی نیشتمان ئەدا بە پـارە
لەگەڵ خوێنی لاو ئەیکا بە دارا
بەلاّم سەد ئەسەف لەدەستی زەمان
کوێری بێ عاسا بووە چاو ساغمان
ئەوەی خۆفرۆشە چاو ساغی شارە
ئەوەش زانـــا یە وێڵە و ئاوارە

ئەی کاکی نوێنەر پڕی کـە گیرفان

ڕۆژ ڕۆژی تۆیە مالّی کـورد وێران

بۆ بیرناکەیتۆ ئەی باوك بێ کەر

ئەی نۆکەرەکـــەی کـوردی دەربەدەر

بە قـاتی شـالّ و مشکی ئەلّوەنی

ئاغات ئەزانێ کە بایـی چەنی

چاکت ئەناسێ و بارەکـەت چەنە

حەیا بتگرێ کـــە ڕۆژی فەنە

ناوی کوردستان ناسنامـــەمانە

بەرد و خۆلّەکەی هێزی هەمـوانە

ڕۆژێ هەرئەبێ ببن پەشـــیمان

لەو تـــــاوانانەی کەوا کردتان

کامتانە باشە پەت لە ملتان کەن

لەگەلّ ئاغـاتان شاربەدەرتـانکەن

( ١٩٨٧ ) ئۆردگای نەسر

# ﴿نیشتمان﴾

ئەی نیشتمان ئەی هێزی ئەژنۆ و داری دەسم

ئەی ئارامی دڵ و گیانم ئەی هەناسەی تەووسم

ئەی پارچە خاکە جوانەکەی گوڵزاری باخی دڵی

ئەی دەریایی عەشقی ژیان کە بۆ ژیانم گوڵی

ئەی نیشتمان دۆڵ یاڵتتین تواناى گیانمە

کاولی دێهاتەکانت سەرچـــــــــــاوەی گریانمە

ئەی نیشتمان بۆ کەساسیت ڕۆژ و شـــــــەو

نیمە ئارام نیمە ژیان نیمـــــــــــە و خەو

ئەی نیشتمان ئەی ڕووناکی هەردوو چاوەکەم

ئەی سەرچاوەی ئازارو سەرچاوەی زووخاوەکەم

ئەی نیشتمان ئەی وێرانی دەستـــــــــــی فاشی

باوێران بی بەوێرانی زیاتر سەرچاوەی خۆشی

ئەی نیشتمان لاوەکانت کوانێ بۆ کوێ بران

کوانێ دایکانی بەڕێزم خاوەنی شـــــەهیدەکان

**ئەی نیشتمان لەسەرچی بوومیللەتیٚ شەهید کرا**

**ئەی وولاّتی کۆت و زیندان بۆ ئاگرت تیٚ بەردرا**

**ئەی نیشتمان ووشەی ئەنفال لەبەرچی پیادەکرا**

**ئە ئەم وولاّتی شەهیدە لەبەر چی وای پیٚ کرا**

**ئەی نیشتمان لە پیٚناوت هەموو ئامادەی مردنین**

**سەیری کە ئیٚستابەکۆمەڵ ڕوو لەڕیٚی سەرکەوتنین**

**بەکۆمەڵ مردنی ئیٚمە لە پیٚناوت نیشتمـــــان**

**سەر بەرزییە و شـــــانازییە بۆ گشتمـــــان**

**ئەی نیشتمان ئەی فرمیٚسکی کچان بۆخویٚنی لاوەکان**

**ئەی سەرچاوەی ئازار بۆ هەموو چـــــەوساوەکان**

**ئەی نیشتمان کوانیٚ کزەی شەماڵی دەمی بەیان**

**کوانیٚ قاسپەی ئەو کەوانەی شاخەکانی ئەدووان**

**ئەی نیشتمان کوا بەڕەزات کە لەگەڵ هاڵە کۆك**

**لەگەڵ بەهاری کپتدا سەمایان هیٚنـــایە چۆك**

**کوانیٚ سویٚسکەی گردەڵۆك و پۆڕی گویٚ چەمان**

**هەموو بەیانی و ئیٚوارە دڵی تۆیان ئـــــەلاوان**

**ئەی نیشتمان کوانیٚ نیٚرگس، شەهلاو نەسرینەکەت**

**کوانیٚ هیٚرۆ و گوڵە باخ و کەنیٚرە دیٚرینـــــەکەت**

**ئەی نیشستمان تیشکی خۆرم بۆچی گەرتۆم نەبیٚت**

**دین و ئیمانم لاوازە کە ئەمەش حاڵەکەی تۆ بیٚت**

**ئەی نیشتمان کە ئەبینم تۆ کەساسی بەوخودا**

**وائەزانم لە دەریادام گیٚژاوەکـــــان لولم ئەدا**

**ئەی نیشتمان لاوەکانت نەنوستون چاك ئەتناسن**

**وامەزانە ئەمڕۆ دیلن کەژیٚر چەپۆك و کەساسن**

**ئەی نیشتمان ئەوەی ماوە ڕۆڵەتە و قوربانتـــــە**

**پاشە ڕۆژت ڕوون ئەبیٚ بەسە ئەم گریـــــــانتە**

**دەستی زۆرداران ئەبڕن لــــە پیٚناوت نیشتمان**

**بۆ سەر دڵی ڕۆحی قەزات ئەبین بە گوللە گشتمان**

**( ١٩٨٨/٧/١٥ )**

# ﴿ مەتەڵ ﴾

مەتەڵ هەشت پیتە زۆر لام پیرۆزە

مایەی ژیانی نەتـــــەوە و هۆزە

چوار پیتی ئەوەڵ ناوی گـــەلێکە

هەر ڕۆژ ئاڵودەی ئێش دەردێکـــە

هەشت حەوت هەشت پێویستی ژیان

زۆرکەس لەڕێیا ملی خۆی شکـــان

چواروحەوت و پێنج هاوڕێی جوتیارە

لە گەرمای هاوین دەمی بە کـــارە

پێنج وشەش وحەوت لەگەڵ سێ ئەمجار

ناوێکی پیرۆزبۆ پــــەروەردگار

مەتەڵم ئەمەن ئاسانـە خوێنەر

بە بیرکردنەوە مەتـــەڵ دێتەبەر

( کوردستان )

# مەتەڵ

ناوی شاعیرێ هەشت پیتە تەواو

بۆ خزمەتی گەل هەردەم دڵ سوتاو

پێنج و چواروحەوت هەشتی چووە پاڵ

بە کەسێ گووترا خاوەنی دەرماڵ

یەك لەگەڵ سێدا هەشتی لەگەڵ بێ

بۆ خێر زۆر چاکە و چەماوە ئەبێ

پێنج و چوار و دوو بۆ دیندارنی یە

سەیرە ئەو کەسەی ئەڵێ وانی یە

هەشت ودوو چوار خۆ لەگەڵ سێدا

ناوی شارێکە لە لای بەصـــــــرەدا

دیارە مەتەڵم کـــــــــەمانا دارە

ناوی شاعیرێ زۆر بـــــــە هرەدارە

( پیرەمێرد )

# ﴿مەتەڵ﴾

مەتەڵ چوار پیتە لامان پیرۆزە

بۆ هەموو کەسێ سەرچاوەی سۆزە

چوار لەگەڵ سێ و دووبارە چوار

دایم ئاواتـــــــی هەزاری هەژار

یەك و چوار باش و خراپی هەیە

خۆزگەم بەوکەسەی کەباشی هەیە

یەك و دوو چوار ڕۆژنامەیەك بوو

بۆ سەردەمی خۆی گەلێ بەکار بوو

یەك و سێ و چوار ئێش و عیللەتە

ئەوەی کە هەیێ دڵ پڕ خەفەتە

هەرکـــــەس مەتەڵی زانیم ئازایە

لە بیر و هۆشا خاوەن تـــــوانایە

(ژیان)

(١٩٩٨/١١/٢٧)

# «بیّ بەڵێنی»

لە ناخمەوە بە ئاهێکی حـــــەزینەوە

سکاڵای دڵ بۆ تۆی ئازیز ئەهۆنمەوە

گویّ ڕادێرە بۆ خورزمی ووشە کانم

تەنیا حەز و سەرچاوەکەی ئێش و ژانم

ئەی یەکەم کەس دوای هەرەسی تاکەحەزم

شیعرت نووسی بۆ وەڵامی شیعر و حەزم

دڵ و دەروون لەرێی عەشقی تۆدا سوتا

دەست و پە نجەم بۆ وەڵامی شیعرت شکا

کەچی پاشی هەموو نامەو سلاّوێکت

تەنها شیعری جودایی یە وەڵامـــــێکت

نووسیوتە حەز بە ئازادی ژیان ئەکەم

بەئاگری عەشقی کەس بانەسوتیّ پەروانەکەم

خۆشەویستی دیلی بیّ لەچێژی ژیان ناگەی

حەزبەدیلی نەکەی قەت باسی جودایی ناکەی

**دەگوێ گرە ئەی دەست بڕو دڵ بڕەکەم**

**مودەتێکە چاوەڕوانی وەلاّمی پڕ گڕەکەم**

**سوپایی عەشقت تەنها هەر ووشەی جودایی**

**لەجیاتی دڵ نەوایم وەلاّمێـــکە بێ وەفایی**

**وا ئەزانی دەستە ئەژنۆم لە وەلاّمت و وەلاّم**

**دڵ پڕخرۆشم من لــە دەست دەردی تەنیام**

**چون حەزدەکەی بەجوداییم، مەجبورم بەحەزتکەم**

**مادامێ تۆ وەك من نەبووی پەیمانە باست نەکەم**

**هەموو نامە و یادگاریت پەیمانـــە بدڕێنم**

**وەك وەفایە وە فادارم ناوەکـــــەت نەزڕێنم**

**( ١٩٩٨/٥/١٨ )**

# هۆنـــــــــــــراوە

# کۆمەڵایەتیەکـــــــان

ئەم چەند ووتەیە باوکی خۆشەویستم پێی ڕاگەیاندم منیش بەهۆنراوە ناوە

# ﴿ وەسیێت نامە ﴾

ڕۆڵە گوێ گرە تۆ لە باوکی خۆت
من خوێندەوارنیم کە بینووسم بۆت
بەلاّم واجبمە ئەمەت پێــــــبێژم
ئەوەی لە دڵمە بۆتـــــی هەڵڕێژم
چونکە وەسیێتم ئەرکـــــی سەرشانە
با مۆستاش بی زۆر چاك بیـــــزانە
چونکە وەسیێتی باوك بۆ ئەولاد
زۆر جار ئەولادی پێ ئەبێ دڵشاد
لەگەڵ ناپیاوا تێکەڵ مەکە دەس
نەکەی پشت بەسی بە پیاوی ناکەس
زۆر بلێ مەبە با هەڵە نەکـــــــەی
لەکاری کەسا خۆت تێ هەڵ نەکەی
نە لەگەڵ گورگا پێکـــــەنین بکە
لەگەڵ مەڕیشا هەرگیز شین مەکە
بەدرۆ و دەلەسە خۆت بەخێو نەکەی
بۆ مەرامی خۆت خەڵکی توش نەکەی
بۆ پارە مەدە ئازاری خەڵکی
هەرگیز خراپە نیەتی کـەڵکی
بەڕاستی برۆ بتــــــکەن بەدارا
چاوو ڕاو مەکە لەگەڵ هەژارا

نۆکەری مەکە بۆ پیاوی زۆردار
کەبووی بەدەردەس ئەشکێی دواجار
ئەوەی کەویستی بت خەڵەتێنی
بۆ مـــەرامی خۆی تێت بگلێنیٚ
هاوڕێی مەکـــە لێی جیابەرەوە
ئاوڕ لە پیـــاوی وا مەدەرەوە
گەربراشت بوو نیـــازی خراپ بوو
تێکەڵی مەکەو جیـــابە زووبەزوو
بۆ پیـــاوی هەلبازخۆت مەکەبە پرد
کەهەلی هەڵکەوت هەرئەتکابە پرد
لەگەڵ درۆزن خۆت هیلاك مەکە
لەگەڵ دووڕوا خۆت ماندو و مەکە
لەگەڵ ترسنـــۆك هاوڕێی مەکە
کەوتە تەنگانە خۆی دەرباز ئەکا
لـــەگەڵ ڕەزیلا تێکەڵـی مەکە
چون ڕۆژیٚ نەت بوو گەمەت پیٚ ئەکا
لەگەڵ منالاٚ گاڵتە و گـەف مەکە
لەگەڵ قومار باز مامـــەڵە مەکە
بە درێژی تەمەن ڕیایی مـەکە
لەگەڵ دینی خوا ئینکاری مەکە
لە پیاوەتیا نەکەی سەرداخەی
بمری لە برسا سەرت دانەخەی

خۆت بەڕیش سپی کەس حسێب مەکە
خۆشت کەوە سور بەر لە شکر مەکە
لە تەنگانەدا هۆش و بیرت بێ
لە کاتی شەڕدا فیتنەیت نەبێ
گەر خراپە هات لە دەستی ڕاکە
لەگەڵ کەسی پیاو خۆت ئاشناکە
بۆ ناموسی خەڵك چاوت مەگێڕە
پیاوی بێ ناموس هەوجاڕی گێڕە
قەت بە بێگانە پشتت نەبەستی
پێشینان ئەڵێ ئەهێنی نوشستی
تەنها هەر خزم و برا براتـــــە
لە کـــــەساسیتا دڵیـــــان لەلاتە
برای سەر سفرە بلّقی سەرئاوە
لە تەنگانەتدا پـــــــەرش و بلاّوە
هەر نانت نەما ئەیکـــــا دیعایە
خوشك و خێزانی فلاّن کەس وایە
نەکەی سەرداخەی بەرامبەر ناحەق
هەرگیز کۆڵمەدە کوڕم لەسەر حەق
ڕۆڵەی شیرینم من زۆر ئەزانم
ئامانەتی تۆ و گشت ووتەکـــــانم
چونکە کوڕی خۆم من نامێنم بۆت
ئیتر ئۆباڵی تاوان بە ئـــــەستۆت
( ١٩٩٥/٧/١٥ )

# کوڕان و کچان

هەندێ لە کوڕان کارێ وا ئەکەن

بەجارێ حەیایی میللەتمان ئەبەن

پانتۆڵێ تەسك هەم قۆنەرەی سوور

بۆ نەوەکانمان ئەکەنە دەســـــوور

گۆرەوی سپی لە گەردن زنجیر

نازانم تاکــەی نا کەنەوە بیر

کراسی سێ ڕەنگ بێ ملیوانە

کردەوەی وەها لەلایان جوانە

موجەلەی ڕووت ئەخەنە گیرفان

ئەم کردەوانە بوونە تێکۆشــان

سەرقات قات ئەکەن وەکو قادرمە

ئاواتیان خواردن پاقلاوە و برمە

هەندێ ئەمەندە وێڵ و نەزانن

ئاواتی ڕەفتــار مومــــــــەسیلانن

یان هەندێ کچان بەتەنورەی کولّ

کۆلاّن و بازاڕ ئەگەڕێن بەدلّ

دەستوری کوردتان بۆچی واشێوان

ئەی بناغەکەی کوردی مالّ وێران

کەی لەناو کوردا کچ قۆڵی ڕووت بوو

کەی دەستوری کورد وەها نابووت بوو

کەی سمێلّ تاشین پیشەی کوردان بوو

کەی باو باپیران ئەمە کاریان بوو

کارێ وا ئەکرێ لەم کوردستانە

نەبیستراوە و نایکات بێگانە

زۆر شەرمە بۆتان کچان و کوڕا ن

کاری وا ئەکەن لە ناو کوردستان

خوشکان برایان هەموودەست بەستەین

هەموو ڕەنجەڕۆ و هەموو ژێر دەستەین

**بۆ ناکەن بیرێ لە بۆ حالّی خـــاك**

**بۆ لاتـان داوە لە کردەوەی چـــاك**

**نـالّێم لەبەر خوا یان پێغەمبــەر**

**کـاری وا مەکەن بە یاسای بەشەر**

**بەس لەبەر خاکی گیراوی کوردان**

**دەی وونی مەکەن رێگای باپیران**

**کەمێ پۆشتە بن لەبەر کوردستان**

**خۆ ئامادەکەن لە بۆ تێکۆشان**

**چونکە کەساسە و زۆر لێکراوە**

**لە خۆشی ژیان بەشـــــی براوە**

**ئاواتی گەل و ئاواتـــــی دوژمن**

**هەردوو لـــە مشتی کوران و کچن**

# کـــــەو

## کـــەوم باڵداری شاخم

سەیری چەن بەدەماخم

تاریکە و لیێلی بەیان

ئەڵێم سرود بۆ ژیان

تەیرێ نی یە بتوانێ

وەکو من ئاواز دانێ

ئەوە سوێسکەو قوڵتە

لەگەڵ باڵندەی ووردە

بۆ هەموو من بانگدەرم

بۆ خەویان ئاگا کەرم

بەس چیبکەم، لەم چەرخە

لەو هاوزمانە بێ نرخە

ڕاوچیم بۆ پەیدا ئەکا

شاخەو شاخ ڕاوم ئەکا

**یا بەڕاوە سەرکانی**

**یا بە تاپڕی سەرشانی**

**منی بۆ چار ناکـــــرێ**

**بمگرێ و دەنگم بمرێ**

**بەس تەنها بۆ نەمانم**

**بۆ سەربەستی و ژیانم**

**هەموو ڕێگەیەك ئەگرێ**

**دەنگمی بۆ وون ناکرێ**

**قاق بە قاق کەوی شاخم**

**وەك شاخ بەرزە دەماخم**

**١٩٨٧/١١/٢٩ )**

# ﴿پـــــــارە﴾

**ئەوەی  لە پارە  نزیك بێتەوە**

**چاکەو پیاوەتی بیر ئەچێتەوە**

**بەشوێن تەماحا  ئەخولێتەوە**

**تالە  چاڵی مەرگ  ئەتلێتەوە**

**هیچ بیری  خاکی ناکەوێتەوە**

**وەك پوشێ کەبابیخولێنێتەوە**

**بەدوای   پارەدا ئەسورێتەوە**

**هەتا  دینیشی  بیر ئەچێتەوە**

**پاشە ڕۆژی  خۆی ئەسڕێتەوە**

**بەبێ هەست و سۆز ئەتلێتەوە**

**(١٩٨٩)**

# خـــــــــۆزگە

خۆزگەدڵم لەجێی خوێن ئاوی تیابوایە
برینی شەهیدی خاکـــــــم پێ بشۆرایە
خۆزگەم گیـــــانەکەم قەڵغانێ بوایە
قەزای ئەم خاکەم پێ بگـــــرتایە
خۆزگەم لاشەکەم قەڵایـــەك بوایە
سەنگەری ڕۆڵەی تۆ ڵەسێن بوایـــە
خۆزگەم ئاواتم بـــــــەدی هاتایە
سۆراغی ئـــــــەنفالم من بزانیایـــە
خۆزگەم ئەو کـــەسەی دڕکی خەباتە
سەریان ئەپەڕان لە ئەم وولاٌتـــــــە
خۆزگەم ئەو کەسەی نۆکەری ئەکرد
لە شار و وولاٌت دەربەدەرتـــــە کرد
خۆزگەم ئەو کەسەی خرا پە کارە
هەڵت ئەواسی لە ژێر سێـــــدارە
خۆزگەم کوردستان ئەبـــــوژایەوە
دێهات وەك جاران ئەگـــــــەڕایەوە
خۆزگەم ئەو کەسەی خیانەتی کرد
بەدەردی ئەمنی سلێمانیان دەبرد

خۆزگەم ووڵاتم سەر بەخۆ دەبـــوو
دوور لەژێر چە پۆك ستەم کار دەبوو

خۆزگەم ئەوکەسەی کەئێمەی بەشکرد
بەم دەستانەی خۆم لەناوم ئەبرد

خۆزگەم شـــەهیدی ئەم نیشتمانەم
پەیکەریان دەکرا لەم کوردستـــانەم

خۆزگەم سەرۆك و پێشەواکـــا نمان
هەوڵێکیان دەدا بۆ خۆزگەکـــــەمان

ئەم هەموو خۆزگەم بۆ کوردستانە
بۆ ئازادی یە لە ئەم ژیـــــــــانە

خەڵکی ئاواتی زۆری ئاو و نان
بەلاَم خۆزگەی من سەربەستی ژیان

بەس تەنها ئێمە بەشمان خۆزگەیە
بێ ماڵ و بێ نان واین لەم جێگە یە

خۆزگەی خەڵکی دوورە لەم باسە
نۆکەر لە خۆزگەی وەها زۆر یاسە

# ﴿وەکالەت﴾

وەکالەت مەکە ئەزیزم ، دەردی وەکالەت گرانە

خۆت خەجاڵەتی خوا مەکە، لە بۆ ئەو پارووە نانە

ئەوەی بەدرۆ ژیانی ، ماڵ و منـــاڵ و خێزانی

وەك دیواری قوڕی تەڕ بوو، عـاقیبەتی هەر ڕووخانە

هەرچەند،هەستێ پلەوپایە و شوهرەت و ناو لەژیان

وەکو ئەسپێ تێ گلابێ ،هەر خەریکی سەر سووڕدانە

ئەوەی تێگات کەوەکالەت شتێکی جوان و پیرۆزە

زەڕە یەك خیانەتی کرد وەکو پشکۆ لە کادانە

چونکە نەفس لە بەهەشتدا باوامانی کردە دەر

ووریا نەبی نەفس نەفس و دوژمنەکەشت شەیتانە

خۆزگەم بەوەی کەوەکیلەوە دەزانێ فەرمانی خۆی

دەستی پاك و ڕووی سورە لەژێر دەواری ژیانا

ئای کەژیان چەندێ ژانە ئای کەژانیش لە ویژدانە

کەسی بێ ویژدان کەسێکە وەکو منداڵی سەرنانە

**شیعاری ڕیش و کەشیە بۆ وەکالەت  مەرجی نی یە**

**کەکرای بەهەر وەکیلێ ،نەبی ڕوو ڕەش لەم ژیانە**

**ئەوەی  دۆستە  یان  براتە  بزانە  کاتی وەکالەت**

**پیشینان ڕاستی  فەرمووە دەروێش لە  ڕۆژی تاڵانە**

**سەرشۆڕ کەسێکە کەدەستی نایە سەرباری خیانەت**

**بۆ کوێ  ئەچێ  بۆ هەرلاچێ  دیارە  ئاخری نەمانە**

**نەکەن  وەکالەتکەن  گیانە  وەکالەت  کارێ  گرانە**

**هەر  ڕۆژێ  وەکالەت  بووی  وابزانە   قوڕ   پێوانە**

**خۆزگەم بەوەی کەوائەمرێ لەبەردەم  پادشای ئەکبەر**

**سەری بەرزە و دڵی شادە ڕاست بوو لەکێش و  پێوانە**

# شیعر

شیعر هونەری گەل و نیشتمانە

ئازار لا بەری شاعیرە کانە

شیعر ئاوێنەی عەشقی دلّدارە

شیعر غەمبەری دلّی غەمبارە

شیعر گولاّلەی مێژووی گەلانە

شیعر دەربڕی خەمی هەموانە

بەکورتی شیعر هەستێکی پاکە

شیعر فرمێسکی شاعیری خاکە

ووتەی خواناس و غەم بارەکانە

ئارام کەرەوەی دلّ بێزارانە

چەکی شاعیرە و نێزەی هەژارە

ووتەی گەل پەروەر لەبەرسێدارە

قاسپەی کەوە لەسەر شاخایە

هەستی پیرۆزە و لەناو ناخایە

دەنگ و ئاوازی گۆرانی بێژە

ووتەی پیرۆزی هونەر و وێژە

ئەوەی بە شیعر ئەڵێ شێتی یە

دیارە خۆی شێتی ڕووت و پەتی یە

هەرشیعرمێژووی بەجۆرێ نەخشان

هەموو هەستێکی بەسۆزی هەژان

دیارە هەرگەلێ کە شیعری نەبێ

مێژووی بەلاری وچەوتی هەڵئەسێ

چونکە ناوداران لەناو دیوەخان

بە شیعر گەرم ئەبوو کۆڕیــــــان

نووسەر وئەدەب پەروەری جیهان

بەشیعرمێژووی میللەتیان نەخشان

مامۆستای سۆفی مەولەوی زانا

پیرە مێردەکەی بە هێز و توانا

قانعی گەلی چەوساوە و هەژار

بێ کەسی گەلی هەژار و خەمبار

مەحوی بەتوانا و حاجی وەفایی

خاوەنی شیعری ئەشقی تەنیایی

مامۆستا خانی دڵدار و دڵــزار

حاجی قادر و هەم نالی ناودار

خادیم ئەخۆل کـــامەرانی کورد

خانی قوبادی وهەردی و ووتەی وورد

مامۆستا هێمن شێخ ڕەزای هەجوو

ئەحمەدی خانی جەزیرەی هەستبوو

مەلای جەزیری لەگەڵ جگەر خوێن

سالم و کوردی خاوەن جێگەو شوێن

هەردوو سەلام هەم کاکە مەد هۆش

مفتی پێنجوێنی دەروون پڕ لە جۆش

عەلی بەردەشان هەم بێسارانی

کەمالی و سەفوەت لەگەڵ یارانی

سالّح هەژار و هەم ناری و بێوەی

لەسایەی شیعرا کردیان ئۆخەی

شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵا پەشێو

مامۆستا ئاگرین شاعـــــیری بزێو

کاکەی فەلاح و هەم لەتیف هەڵمەت

مامۆستا دیلان شاعیری میللەت

گیو موکریان و مامۆستا هەژار

خاوەنی شیعری پڕ مانا و نازدار

شێخی سەنعان موسڵمانی پیر

عەشقی بە شیعر دەرئەبڕی لەبیر

مامۆستا شۆ گۆرانـــــــی ناودار

تایەر ئەحمەد بەگ وەلی عەشقدار

ئەو شاعیرانەی کە ناو نەبراون

خاوەنی شیعری جوان و تەواو ن

ئەمانە هەموو شیعر ناساندی

بەگەلی خۆی وگەلە کانی دی

کەواتە شیعر سەرچاوەی هۆشە

چەکی شاعیری دەروون پڕ جۆشە

نێزەی شاعیرە بۆ سنگی زۆر دار

ئاوی حەیاتە بۆ مێژووی نازدار

بەڕاستی شیعر سەرچاوەی زانین

بەنیشتمانمان ئەدا تواناو تین

مەبەستی دلّی گشت شاعیرانە

شیعریش سەرچاوەی مێژووی ژیانە

( ١٩٩١/٧/٣ )

# ﴿هەژاریم﴾

داخەکەم ئەمڕۆ زۆر دەردەدارم
بەدەستی ڕۆژگار زۆر گرفتارم
شێواوم وەکو باخی دەست نەزان
دەرونم پڕ دەرد گیانم پڕ لە ژان
تاکو خاوەنی چڵکی دەسم بووم
پیاوێکی چاك و خاوەن قسە بووم
کێ بوو ئەوکاتە لەمن پیاو تربێ
لەناو کۆمەڵا چاکەی بگــــووترێ
درۆم کردایە ئەیان ووت ڕاسە
مامۆستا فەرمووی ڕاسە ئەم باسە
گەلێ برام بوو لە بۆ دەست لێسان
کێ لە جمێنم دڵی خۆی ئێشان
تورە بوومایە هەر بە پێکەنین
وەڵام ئەدرام بەقسەی شیرین
بەڵام ئەمڕۆکە برای ڕاستی خۆم
ئەڵێ تۆخوێڕی کەی هاوشانی تۆم
تۆ هیچ نازانی گێل و نەفامی
لاتی نابوتی کەی تۆ برامی

قسەی ڕاست ئەکەم ئەڵێن درۆزن
ڕاستت نەماوە لەخۆت هەتا ژن
ئێستا ئەزانم چۆن بریندارم
چۆن چۆن هەژار و چۆن گرفتارم
خۆم و منالّم ئەمەند بیٚ نازین
ئەحتیاجی نانیٚ یاسەلکیٚ پیازین
هەموو ئەو برا درۆینەو ڕاستەم
مەرحەبایشم ناکەن بەئاستەم
بۆیە هەرخوا خاوەنی دەسە
بۆمن باوکە و برایە و کەسە
هەرخوا ئەتوانیٚ خۆبدا پەنام
بۆیە هەر پەنا ئەبەسم بەخوام
تۆی خاوەن پەنا پەنایی نییەکەس
سوپاس هەربۆتۆئەی خاوەنیدەس

( ١٩٩٩/٢/١٦ )

# ﴿عەرەق و قومار﴾

برای کوردی خەم دیدەم ئەی خاوەنی نیشتمان
داواکاری برایم هەیە لـەخزمەت گشتتان
سەیرە هەندێکی زۆرمان خەریك عارەق و قومار
بیٰ ئاگان لەحاڵی کورد، بیٰ خەبەر لەحاڵی شار
برام ئەو پارە جوانەی وەکو ئەی کەی بە قومار
بە بەلاش ئەیدۆڕێنی لە ژینیش ئەتکـــا بێزار
نیوەی ئەو پارە بدە بەکەل و پەل بۆ ماڵت
چارەکێکی خەرج کە بۆ خۆت و حاڵ و باڵت
ئەگەر ئەو چارەکەکەی خەرج کەی لەرێی پیاوەتی
گەلیٰ چاکتر لەو کارەی وای لە ڕێگەی نەگبەتی
یاوەکو عەرەق خواردن کەی کاری کورد زمانە
کەوا گشتی ئەسیری ژێر چە پــــۆکی بێگانە
تەماشا ساقی کوردان وەکو سواڵکەری گەلان
هەمانە بەکوڵەوە هەژار و پەست و نوقســـــان
خاوەن قەسر و قوسورمان وەکو گاوانی خەڵکە
کوردە بەڕاستی ئەڵێم عەرە ق خواردن بیٰ کەڵکە
بۆچی خۆت لەو ڕێگەوە توشی موصیبەت ئەکەی
خواردنی عەرەق چی یە وەها هەولی بۆئەدەی

برام زانستی عەرەق لەهۆش چون و ڕشـــانۆ
لە بەردەم منداڵێکدا خۆگـــــریان و پـــاڕانۆ
ئاخر بۆچی بەم دەردە خۆتانتان تووش کردووە
خۆ هەربەدەستی خۆتە ئەم بادە ت نۆش کردووە
بەڕاستی هەندێ نەزان کە عەرەق ئەخواتە وە
مل بائەدا بۆڵە بۆ ڵ ئەڵێی شامی گرتـــــەوە
برام سوێندم بەم خاکە بەئاوی جوانی ئەڵوەن
بە لووتکەی ئەرارات و بە حـــــەمرین یەریڤەن
ئەوەی ئەم کارانە کات من پێی ئەڵێم نەزانە
ماڵی خۆی کاول ئەکات ڕووڕەشی نیشتمانە
ئیتر هەرچییەك ئەڵێن: بە شەیدای خاکەکەتان
بڵێن حەقتانە چونکە حەقیقەت ئەڵێ پێتان

( ١٩٨٥ )

بەبۆنەی کابرایەك لەشەوێك لە شەوەکانی سلێمانی کەسەرخۆش بوو منالّی کوچەکەیان گالّتەیان پێ ئەکردو ئەڕشایەوە

# هەژارێکم

هەژارێکم پاڵەوانی کارو پیشە
چاو نەترسم لە ڕۆژی پڕ ئەندێشە
شان و ئێسقان و خوێن و گۆشتم
نامە ژێر باری شەرەف لەگەڵ پشتم
پشتم لەژێر باری قورسا قڵیشا
شادمانم سەرم بەرزە لـــە ئێشا
دەستی ماند و قڵیشاوم هەموو کات
ئەکەم بەئامێری بۆئاوەدانی وولآت
ئەگەر هەموو زۆردار و خوێن مژان
پێسم کەوڵکەن خوێنم بمژن لەژیان
سەری بەرزی کرێکاریم نانەوێنم
بەزەبری شان ،نانم بەدەست دێنم
چونکە نانی منەت باری نۆکەری
کردەوەی ناکەس بەچە و سەرسەری
سەری تۆ زاوی پڕ ئازاری کرێکاری
ناگۆڕمەوە بەهەزارسەرپاکی نۆکەری
ئەگەر عەرەق لەرێی کارا نەرێژی
خوێنی لوتم لەبەر هەتاو نەڕژێ

چۆن لــە ڕووم بێ بڵێم کـــەوا من
قەڵایەکم پۆڵایـــەکم دژی دوژمن
گـــەر لەبرسانا بمرێ ماڵ و منال و ژنم
سەری بـــەرزم نەوی ناکـــەم بۆ دوژمنم
دوژمنێ هیوا و ئاواتی نەمانی خاکم بێت
بەخوێنی سوری لاوانم تینوی بشکێت
چۆن لەڕووم بێ سەری بەرزی ناو ژیان
دانەوێنم بچەمێنم باریکی پشتم بۆیان
خوایە بەسنانم بێ نانی نۆکەری و زۆردار
خوایەکوێری کەی چاوەکانم هەزارجار
قاچەکانم هەردووشکێ دەستەکانم کەنەمل
گەرسەری بەرزی ژیانم نەوی بۆتیکەی زل
نانێ خۆشە نانی دەست و ڕەنجی شان
کە ئازادی بیرو هۆشم پڕ ئاسودە بێ ژیان
بۆئەوەی ئازادی گەل بەیەك جارێ دەرکەوێ
دوورلەدەستەمۆی زۆردار دەبامیللەت سەرکەوێ
بەئازادی بووین لەدایك لەبەرچی هەرنۆکەرین
ئەسەفە پیاونۆکەربێ لە بۆ ئازاری لـــەژین

# ﴿خەیاڵم﴾

خەیاڵە کەم خەیاڵێکە
خەیاڵی هەموو ماڵێکە

خەیاڵی ئازادی خوازە
خەیاڵی دڵی بێ نازە

خەیاڵی زانایی ناوخاکە
خەیاڵی خاکی بێ باکە

خەیـــاڵێکە بۆ ژیـــان
بۆ سەرکەوتنی ئینسان

بۆسەربەرزی وسەربەستی
بۆنەمانی دەست بەستی

بۆ هەوڵێـــکی مەردانە
بۆ ژانی ئەم گـــەلانە

بۆ لە نـــاودانی زۆردار
بۆ دەرنانی ستـــەم کار
بۆ مافی هەژارانـــــم
بۆ خەمی کوردستـــانم

ئەوەی من ئەیکەم خەیاڵ
بۆ سەربەستی کوڕو کاڵ

خەیاڵم زۆر بـــــلاوە
وەکو هەڵمی پـــلاوە

**لە مەنجەڵی سەر دەچێ**
**بەرە و هەموو لا ئەچێ**

**بۆکوێستان وبۆ گەرمیان**
**بۆ ڕۆژ ئاوایی نیشتمان**

**بۆئاسۆی ڕووی خۆرهەڵات**
**بۆ گشت لایەکـــی وڵات**

**خەیاڵم لای وڵاتـــــە**
**لە بەرچی هێندە لاتە**

**لە بەر چی قات و قڕی**
**بەرگی میللەتی دڕی**

**هەموو کەساس و داماو**
**فرمێسکی خەم لەبەرچاو**

**بێ ئاوات و بێ ژیان**
**پیشەیان شین و گریان**

**بۆچی هەژار هەژاربێ**
**گیرۆدەی دەست زۆرداربێ**

**بۆچی چینی کرێـــــکار**
**دەروونی پڕ لە ئازار**

**بۆچی کاکی سەر مایە**
**هەژار بکاتە دەست مایە**

**بۆچی بت بێ برجوا**
**هەژار سوجدەی بۆ بوا**

بۆچی هەر سەرمایەدار
ئەی مژێ خوێنی هەژار

بۆچی یاسا یەك نەبوو
فریاکەوێ زوو بە زوو

بۆ یارمەتی هـــەژاران
ڕەحمەتێ بێ وەك باران

خەیاڵەکـــــەم لاو لاوە
لە گـــــەر دنما ئالاْوە

ئەبینم سەر مایەدار
بوون بە قەسابی هەژار

لاشەی هەژار ئەگوشن
بۆ گیرفان تێ ئەکۆشن

چ یاسا و دەستورێ هات
سەرمـــایە ئەدا نەجات

بۆ هەژاران ئـــــازارە
بۆ سەرمایـــە لەکارە

بەئارەزووی ئـــەوانە
دەستوری ئەم زەمانە

ئیتر خەیالّ هەرچی یە
بەس هەژاربەشی نی یە

**داخم لەدەست ستەمکار**

**خوێن مژی چینی هەژار**

**بــــــازرگانی  بە هەژار**

**خوێن مژە و سەرمایەدار**

**بۆ یە  هەموو  یەك گرن**

**سەرمایە  دار  بگرن**

**لەگۆڕی نێن ئەو مارە**

**هەموو زۆردارئەم جارە**

( ١٩٩٢/١٠/١٦ )

**بەبۆنەی کۆتایی هاتنی سالّی ( ١٩٩٨ ) کەتەنها چەند چرکەیەکی مابووئەم هۆنراوەیەم**

**نووسی لەکاتژمێر ( ١١ر٤٥ ) شەوی ( ١٩٩٨/١٢/٣١**

**سالّ و مانگ و رۆژ ئەروا لەتەمەن**
**لەم هاتووە چووە وەرگرتنی فەن**
**کاتیّ ئەزانین ئیٚمەش ئەکەن بار**
**بۆ ئەو جیٚگایەی تیا ناکریّ فەن**

**کردەوە و کردار ئەبیّ بە چرا**
**دەستی گرتوی بچیّ بۆ هەرلا**
**بۆیە واچاکە تالە ژیان بی**
**چاکە و پیاوەتی بکەئەی برا**

**چوون گشت تەمەنیّ ئەبرِیٚتەوە**
**وەییقی وجوە ئەمیٚنیٚتەوە**
**خۆزگەم بەوکەسەی کرداری جوانە**
**بەرِووی سورەوە سەر ئەنیٚتەوە**

**وەها تیّ مەگە نویّ بی کۆن نەبی**
**هەرچییەك بکەی تۆ هەیت و ئەبی**
**هائەمرۆ و سبەی تۆش خودا حافیز**
**دنیا خۆ نەما بۆ سەید و نەبی**

**هەرچەن گورز بادەی گورزت ئەکەویّ**
**گورزیّ هەرئەبیّ سەر گورزت کەویّ**
**تەنها ئەوانەی هەر گورزیان ماوە**
**بەندەی کەسیّکن بەندەیی ئەویّ**

## ﴾یادی مەی﴿

ئەی مەی بەنەفرت تۆناوبراوی؟
بەلاّم تۆی دەوای دڵی خەماوی!!

کاتێ پێکت ئەگرێ هەردەس
خەم را ئەکا بەدڵی تەوەس

کۆڕی پێکەنین سازئەکەی
لەهەرکوێ بی لەهەرجێ گەی

بەڵێ ناوم بردی پیسی
بەڵام دەوایی دڵی سیسی

عیشقی پێکەنینی لێوی
بزوێنەری و دڵ بزێوی

ئەوەی کە نۆشی پێکی تۆ
خەم لە دڵیا ئەرەوێتۆ

تەنیا تۆشی خەم زنجیرکەی
دنیایی پێکەنین سازئەکەی

دڵی بێزار ئارام ئەکەی
لە گێژاوی خەم دووریە خەی

بەلاّم ئەی مەی بگە فریام
گیرۆدەی خەمم و تەنیام

**گەلێ پەستم مات و پەشێو**

**وێلی خـــەیاڵم دڵ پەشێو**

**باپێکی مەی وەکو ئازیز**

**لە بەردەمما ببەستێ ڕیز**

**بەڕاستی تۆ خەم لابەری**

**دەوایی دڵ و دڵ شادکەری**

**شادی هێن وپێکەنین دەر**

**دوژمنی خەمی قوڕ بەسەر**

**بزەی بەینی دڵـــدارانی**

**خەم لابەری نێو ژیانی**

**تاکە دەوایی خەم لەژیان**

**تەنها مەیە و مەیە بۆ گیان**

**(٢٢/ئەیلولی /١٩٩٠ )بەسرە —سەفوان**

# پەندێ

ئەگێڕنەوە لـــــە زەمانی زوو

میرێکی چاك و بەخشندە هەبوو

چی بگوتایە ئەی کرد بەکردار

ووتن و کردن ئەکرا بەیەك جار

ڕۆژێ ئەم میرە بۆ ڕاوکردن چوو

چەند سوارێکی لەگەڵا سوار بوو

ماینی سوارێکیان جوانوی هەبوو

جوانوێکی جوان وگەلێ پەسەندبوو

کابرایە جوتیار جووتیەکرد بەگا

چونە لای جوتیارکردیان مەرحەبا

جوتیار زۆر جوان سلاوەکەی سەند

میر سلاوەکەی لەلا بوو پەسەند

پاشان بەخەندە ئەڵێ بەجوتیار

ئەم جوانووەبۆ تۆ ساڵێ تر بەهار

لەگەڵ میر ئەڕوا کابرا بەرەو ماڵ

بەهاڵە دەوان بەهەرچی ئەحواڵ

بە پەلەکردن بێ پێ گووتنەوە

قوڕ ئەگرێتەوە بێ بیرکردنەوە

ژنی حامیلە ئەبێت ئــەوکاتە

ئاخوڕ ئەبەسێ سەیر بەسەرهاتە

بەسەر ئاخوڕا سەر شۆڕ ئەکاتۆ

بەژنەش ئەڵێ وەرە لە دوامــۆ

زۆر چاك ئەزانم کەئەمەیەڕێت

بزانم جووتەی ماین ناگات پێت

ژنە لەدوای پیاو کابرا وەك ماین

جوتە ئەهاوێ ئاوەهایە ژیــــن

قاچی وەکو جووتە بەر ژن ئەکەوێ

ژنی حامیلەش یەکسەر ئەکەوێ

وەلحاسڵ ژنە بەر فڕێ ئەدا

ئەیکا بەگریان بەشین و هەرا

بەدەم گریانی ژنۆ خەڵکی دێ

دێن بەرەوگریان بەسەرهات چیبێ

ئەڵێن ها چیبە و چی ڕویداوە

ژنەش بەگریان دێتە جـــــواوە

ئەڵێ نازانم میر چی پێ داوە

خۆی کرد بە ماین منیش لەدواوە

کە جووتەی هاوی بەری سکم کەوت

لەجیاتی نۆما بەری خۆمان کەوت

منیش لەمکارە سەرم ئەئاوسێ

لەماین نەبوو ئاخوڕ ئە بەسێ

جا هیوادارم هیچ کەس وانەکا

خوێنی مناڵی قوربان نۆمـــاکا

١٩٩٨/١٠/٨

# سەرووەت

سەرووەت و سامان بوو بەچرای ژین
چاکەو پیاوەتی ڕۆشیت لەگەڵ دین
چەرخی بۆسکم بووە بە ئاوات
مەحاڵە تازە بمانبێـــت نەجات
برا مەرحەبایی برای خۆی ناکا
دەستی یارمەتی هەرگیز بۆ نابا
دایك ناپرسێ لە جگەر سۆزی
ئەو دایکەی کەوا ڕۆڵەکەی هێزی
خوشك لە برا لوتی تەواو خوار
باوك لەدەست کوڕ خۆئەکا هاوار
زۆر جار ووتومە سەرووەت و سامان
مەرج نیە کەوا سەریخا ژیان
هەتا وەك تەڵە کە گرتی قاچم
ئیستا کە زانیم کە بێ ڕەواجم
لای ئێمە سەرووەت باوك و برایە
دینە ئیمانە زۆر بێ هـــاوتایە
دیارە ئەو کەسەی ژیا لەم ژینە
هەیێ یا نەیێ ئاخری وەرینە
بۆیەکەسەرووەت مەرج نی یەبۆژیان
چاکەو پیاوەتی سەرئەخا ئینسان
٢٠٠٠/٦/١٧

# ئەو

ئەو مامۆستایەیی کە مامۆستام بوو

بۆ بنیادی ژیانی من ئەو وەستام بوو

بۆ هەرەسی ئازادی دڵ باوکم بوو

بۆ خەمی دڵ و دەروونم ژیانم بوو

چرایەبوو لەتاریکی ژیا نما ڕوناکیم بوو

پێنوسێ بوو هەمووکاتێ لەدەستم بوو

پێشینانی ناو کۆمەڵ و خزمانم بوو

بۆ چارەسەری کێشەکانم بە ئارام بوو

ئەوەی خەیاڵم نەیزانی ئەو ئەوە بوو

ئەو باوك بوو ئەو برا ومامۆستام بوو

( ٢٠٠٠/٦/٢٧ )

یاد کردنەوەی باوکم بیرکردنێکی زۆر بۆی

# ﴿ئاخ سەرگەردان خۆم﴾

ئاخ سەرگەردان خۆم،ئاخ سەرگەردان خۆم

ئاخ لـەدەست زەمان، دڵ بێ ئارام خۆم

دەرون پڕ دەردم زۆر پـــــەرێشـــانم

شەو و رۆژ دایم چاو بـــــەگریانم

بێ برا وباوك بێ خزم و خـــاڵم

لەناو گەلانا زۆر پەشێو حــــاڵم

گەندەڵی کۆمەڵ ، ئێمەین ئێستـــــاکە

گەورە و بچوکمان ، بەخەم هیـــلاکە

بەبێ مامۆستا و بێ برا گـــــەورە

هەرکەس بە دەردێ ئاڵودەی جەورە

بووین بە قەومی قەرەچـــی داماو

بێ گەورە و سەردار دەروون پڕ زووخاو

هەموو هەر ئەڵێ من برا گـــــەورەم

هیچ کەس پیاو نی یە پیاوی ئەم دەورەم

**بەلاّم لەڕاستی هەر ئێمە هیـــچ نین**

**خۆشمان نازانین کـــەوا خەریك چین**

**بۆیە من پەنام هێنا یا ڕەحمان**

**گەلی داماوین دەروون پڕ لە ژان**

**خەڵفە نەمامێ لە باخی خزمان**

**هەڵخە تا دەرچێ بۆ سەر داریمان**

**فریاڕەس هەر تۆی فریامان کەوە**

**ڕۆژی ڕووناکمان خۆ لەلا شەوە**

**تەنها هەر ئەتۆی خـــاوەنی توانایی**

**شادی خەری دڵ، کەســـانی تەنیای**

( ٢٠٠٠/٢/٦ )

# ﴿ئەبینم﴾

کە ئەبینم  باڵا دەسان  لە بەردەستتدا بێ دەسن

لەبێ دەسان ئەوان زۆرتر کەفەتەکار و بێ دەسن

کە ئەبیینم خاوەن کەسان لە بەردەستا بێکەسن

لەبێ کەسان ئەوان زۆرتر ڕووت و ڕەجاڵ وبێکەسن

کە ئەبیینم ناو و شورەت لە بارەگات بێ قیممەتن

بێ ناو و شۆرەت لەلای تۆ لەوانە زۆر بە قیمەتن

کە ئەبیینم  خاوەنی  هێز لەبەردەستا  بێ هێزن

لەبێ  هێزان  ئەوان  زۆرتر لەڕو لاواز و بێ  هێزن

کە ئەبیینم  گومڕاکان  لەبەردەستا  چۆن  دیلن

لەزەلیلان  ئەوان  زۆر تربێ  دەسەلاّت و  زەلیلن

کە  ئەبیینم  زاناکان  لەبەر  دەستا   نەزانن

لە   نەزانان  ئەوان  زۆر  تر  زەلیلن  و  نەزانن

کە  ئەبینم  ئەم  هەموو  ڕاستی یە  ئەزیزان

زیاتر  خەم  و خەفەت  ئەخۆم  بۆ  بونم  لەژیان

بۆیە پەنا ئەگرم بەتۆ ئەی خاوەنی دەس

پڕ زیللەتە ناو و شۆرەت بــــــرا و کەس

ناو و شۆرەت هێز و توانا بۆ تۆیە و بەس

بۆ نەجاتی نەفسی گومڕام خۆت فریا ڕەس

وەکوفەرشی ساز لێ دراو بێ قیمەتە هەموو دەس

بێ دەستی تۆ بۆنەجاتم هیچ شك نابەم بالآدەس

جەستەکەم ئەمڕۆ زەلیلە وەکوبەفری هاوین لەئاو

لە پەیکوڵی تاوانما پێ خاوسم ماتم داماو

ئومێد بڕاوم لەکارم وەك خاوەنی خەرمان سوتاو

ئومێدم تەنها ئەتۆی وەکو تەیرێکــــم لــەداو

بۆ نەجاتی ژینی پڕ دەرد تەنها هیوام لەلای تۆیە

خۆت ئەزانی کەهەناسەم پڕ لە ئازار پڕ سۆیە

پەنا ئەگرم بەتۆ هەرتۆش پەنات هەیە تەواو

گشت بێ پەنا خاوەن پەنا، بدە پەنای منی فەوتاو

( ١٩٩٩/١١/٢٨ )

# ﴿ دەستی قەدەر﴾

دەستی   قەدەر شکـــانی دەستم چی بکەم

دەستی قەدەر نـــاشکیٚ بەدەستم چی بکەم

کەمن مەستی دەستی نـــــەزانیم  چی بکەم

کەس تیٚ ناگــــا لەسەختی برینم چی بکەم

میوانم هاتووم ئەڕۆم و تیٚ ناگەم چی بکەم

زۆر هەولٚ ئەدەم پیٚ بگەم ، پیٚ ناگەم چی بکەم

# بیرو هۆش

بیرو هۆشم واشێوە  وەك دەفتەری دەستی نەزان

دەردە  دارم،بریندارم ،دەرونم  پڕ لە ئێش و ژان

ئەوەی کەغیرەتی جولاً دەستی گرتم بۆ مەبەستی

نازانم چۆن جولاً غیرەت ،بووم بەنێچیری مەبەستی

ئیتر  بیروهۆش  هەستم ، بوو  بەخەیاڵی ئەوئەنقا

هەموو ئازار و ئێشێکم ، هەتا دوژمن  باسی ئەکا

درۆیە   ئەڵێن : زەبوون  ئەتوانێ  هەموو مەیلێ کا

برایە باوکە  خوشکە  لە  ئاستی چاوان  دائەخا

ئەڵێ نەوەك ئەم زەبونە کەوتووە شێوە مە یمونە

مەرحەبام کات ،داوابکات ئای کەنەبونی زەبوونە

دڵم زۆرشادە خوا فەرمووی بعدعسری یسری هەیە

ئیتربۆچی پێ نەکەنم بە ئەم هەیە و نی یەو هەیە

نەبوونی بووکردیە کارێ لاشەم تۆڕی ئەنتەرنێت بێت

هەموو جوڵە و کردارەکان مغناتیسی ئەقڵ بیگرێت

چەوت وچێڵی زەمانە بوو لاشـــەمی گشت کردە سەر

ژیان ئاوابێ ئەزیزان پەنام بەخودا هەتاکو سەر

هەتا سەرنەکەی لەسەرین نازانی قەدری سەرسەرین

کەنەت بوو ئەولیابە وای لە جوملەی سەرسەرین

ئێستا ئەزانم ئەناسم سەرسەری چینی سەرسەری

کەنەت بوو برای هاوشێرت پێت ئەڵێ سەرسەری

لەوێنەدا نەم دی وێنەی نەبوونی پیس و ناشرین

کەری قـــەڵەو هەزارەها کەر لەبۆی مشتەرین (١)

پیاوی نەبوو لەهاویندا هەڵئەلەرزێ دەستە ڕچێ

چاوەکەم تێگە لەم پەندە بزانە بۆ کوێ ئەچێ

( ٢٠٠٠/١/١٥ )

١- ئەم نیوە دێڕە حاجی قادری کۆیی دەڵێ

# ﴾یاران﴿

یاران چی بکەم زۆر فـــەرامۆشم          دڵ بێ حـــەواسم
لە گێژی عەشقا وەکو بێ هۆشم          هیچ کەس ناناسم
دڵ بێ چـــارەیـە دەروون مات و پەس          زۆر پەرێشـــانم
گیرۆدەی دەستی خەیاڵاتم بەس          چاو بە گریـــانم
بێ جێگە و ڕێگە و تاقی کردنـەوە          من تەواو دامـــام
لە ناو ژیانا چاوم کـــــردەوە          لـــە ژین دابــڕام
خەم خۆشی لەمن وا جوێ کردەوە          دوور لەباوانـــم
سینە پڕ لەئێش بەدەم دەردەوە          بۆ ئێشە کـــانم
تەنها ئاوارەی حـــەز و ئاواتم          نەبوو نە جـــاتم
بەدەست زەمانە چاك بەگـــیرهاتم          دڵ پڕ ئافـــاتم
خەم قەلای کردوە لە کونجی دڵم          بۆ ژانەکـــانم
ئومێدم ماوە بە تەمای گـــوڵم          بۆ خەمەکانـــم
دیارە دەروازەی عەشقی ژیان          بۆ حەزەکانـــم
هەزاران وەکو منی تێگلان          مەبەستەکـــانم

بۆ کەسێ نەبوو بێ بە خاوەنم بۆ خەمەکـــــانم

لەم گێژی ژینە بێ بە میوانم خزم و کەســـــانم

ڕاستە ئەم ژینە غەڕڕایی تیایە هاوار ژیـــــانم

ئێش و ئازار و دەرد و بەلاّیە بۆ دلّ و گیـــــانم

دەستە پاچەو پەس دلّم شێواوە لەبۆ نەمـــــانم

کاسم کەساسم هێزم بڕاوە لەشـــایەت دانم

بەلاّم ئومێدی ژینی هەرماوە ئاواتەکـــــانم

هەروەکو منالّ بێ خەم لەم ناوە ئازارەکـــــانم

هەر چەندە دنیا تۆپی قومارە وەك مـــن بزانم

بێ بەندایەتی ژیان خەســـارە ئەی براکـــــانم

بۆیە من دەلّێم تا هێزم ماوە دەم بەهـــــاوارم

هەرسوپاس مەندم من لەئەم ناوە بۆ کردگـــــارم

هەرکەس تێ ناگا لە شیعرەکانم بۆی بەگریـــــانم

با خۆی گێل نەکا لەووتەکـانم مالّی وێـــــرانم

( ١٩٩٨/١٢/١ )

# ﴾ سەیرە ﴿

سەیرە ئەو ڕۆژە کەمن بە تەنهام تەنها وەستاوم
خەتمەزمان دێتەزمان دەست و پەنجە و قاچ و چاوم
بێ توانا دڵ نابیسێ گوێ لەو ڕۆژەی کەلێی ترساوم
ئەی خودایە بگە فریام ئێستا ئەزانم کە فەوتاوم
بکەڕەحمێ بەلەرزی دەست بەفرمێسکی هەردووچاوم
چونکە بابی خۆمم بینی کەچیت پێ کرد لە بەرچاوم
توخوا یاران مەکەن لۆمەم من لەو ڕۆژە کەترساوم
مودەتێکە چاك ئەزانـــــم وەکو منداڵ خەڵەتاوم
دەست بەئەژنۆ و دەردەدار گەلێ بێ چـــــارە و داماوم
تا بەتەمای تەحالفبم وەکو بەردی بنی ئـــــاوم
کراوم بەو مریشکەی کەبـــەزیندویی فرۆشـــراوم
پێ ئەکەنن، سەرم ئەبڕن، لەخوێنی خۆمدا گەوزاوم
وا نەزانن کەتێ نــــاگەم لە مەبەستی دوژمنانم
نازانم چۆنە ئەحواڵی گەل و خــاك و نیشتمـــانم
بەشایەت بن خەڵکە منیش کە ڕۆژێ جەڵدە لێیداوم
ئێوە بەمن پێ مەکەنن خودا ئەزانێ چۆن فەوتام
١٩٩٨/١١/٢٤

# «تاکە شیعرەکان»

سەیرە دڵم بەخاڵێکە کە کەفتەو مات و داماوە

لە پیاهەڵدانی کردارت سەر و دڵم تیا ماوە

لە تواناادا زۆر بێ وێنەی بۆ بێ خاوەن خاوەنی

نی یە لەتۆ خاوێنتربێ لە ناخاوێن ئەخاوێنی

دڵ کەوێڵە بەعەشقی تۆ نازانم ڕوو لەکوێ کەم

بۆ ژیانی پڕ تاوانیم دەردەدارم کەمێ مەرهەم

زۆرکەساسم زۆر زەلیلم، ڕووی ڕەشم بۆ بکە چار

تۆپەنات هەس ،نیەتی کەس، دەردەدارم دەردەدار

لە مابەینی کاف و نونا ئەوەی ویستت دێتەدی

ڕێگەی مەحاڵی تیانی یە کە بۆ تۆ نەیەتە دی

ئەوەی ئەڵێ خەیاڵاتە خەیاڵاتـــــە خەیاڵی

گریانم دێ لە بۆ حاڵی و لە بۆ خەیاڵاتی خاڵی

نەبینراوی و نەشم دیوی بەڵام لەبوونت دڵنیام

خۆت خاوەنی شەو و ڕۆژی بێ شەو و ڕۆژی من سەرسام

بێ خۆراکی بێ خواردنی کەچی هەرخۆت خاوەن خوانی
هەموو کەسێ بێ سامانە تەنها تۆ خاوەن سامانی
خاڵی بوونت نی یە ئەمما، بوونی تۆ هەر بێ کۆتایە
بۆ بێ کەسان، هەر تۆ کەسی، خاوەن دەسی تاهەتایە
لەصەبرا زۆر بەصەبری لە تۆڵەشدا بەبێ وێنەی
لە بەخشندەگی درۆیە لەوێنەتدا هــەبێ وێنەی
ئەوەی کردت لەشەش ڕۆژا مەگەر هەر خۆت بزانی
هەرخۆت ئاگاداری هەموو سرڕی ئاشکرا و پەنهانی
زمان لەوەسفتا لەنگە قەڵەم فرمێسکی نامێنێ
وەی لەوانە لەتۆ یاخین تەمەنیان ئەڕوا و نامێنێ
دڵ هەر بە ئومێدی تۆیە لە پەنای تۆ بە ئومێد
چۆن ئومێدم نەبێ بەتۆ کە بۆمن جێگەی ئومێد
ماوەیەك زۆر وون بووم و بەڵام خۆم دۆزیەوە
لە بیردۆزی دۆزی تۆدا خۆمم بەچاکی دۆزیەوە

# ﴾مەلاو ئەفەنی﴿

کۆنە ئەفەنی و مەلای سەرسپی
قسەو باسیان بوو هەمووبە کپی
مەلا ئەی فەرمووصەبر،مین رەحمان
عەجەلە کردن کردەوەی شەیتان
کۆنە ئەفەنیش سەرگەڕ و بـــــزان
کەوتنە پرسیار، پرســـــاری رەوان
سەریان ڕووتاوە گیان پڕ فرووفێڵ
کەوتنە پرسار لەمەلای ناو خێڵ
مەلاش لەولاوە مێزەر وەك کەپر
بۆ سەر و چاوی ببوو بە چەتر
ئەفەنیش هەموو بەزمانی هەراش
کەوتنە پرسار پرسیاری بەلاش
ئەیان گووت مەلا ئەڵێن: لەودنیا
مەلا لە ئومەی ئەکرێتەوە جیا
ئێوە لە بەهەشت ئەسورێنەوە
بەدەور حۆریا ئەخولێنــــــەوە
ئێمەش شوێنمان گەرمە و دێمە
لەجەنهەنمدا هەڵ ئەدەین خێمە

بەس مامۆستا توو ئەو خودایە
ئە ئەمە ڕاستە لە ئەو دونیـــایە
بەس پێمان بڵێ لەکاتی زستان
چی بەسەردێ مەلا و حۆری جوان
بێشك هەردووکتان ڕەق ئەبنەوە
ئاخری بۆ لای ئێمە دێنـــــەوە
شەرتە نەیەڵێن ڕوومان تێ بکەی
هەتا تەنەزول بۆ گەورە نەکەی
مەلا ئە مجارە ڕەنگی ببوو سوور
وا تاوی سەند بوو ببوو بە تەنور
کەهاتە زمان زۆر بەجوانـــــی
بۆ سەلماندنی دین و ئیمـــــانی
ووتی پێش ئەوەی کە قسەبکەم
باسی بەهەشت وئاگرتان بۆبکەم
ئێوە ئەزانن ئەو دونیا ڕاســـە
ئیترعەیب نی یە ئەم قسەو باسە
بەلاّم بەڕێزان بەهەشت یەك هەوا
نەگەرمە نەسارد بەعەمری خوا
خواکەکاتێ بەهەشتی دروست کرد

**تەگبیری سەرمایی زستانی بۆکرد**

**هیچ پێویست ناکاخۆتان ماندوکەن**

**بۆ کاری خودا عەیب پەیـــداکەن**

**بە گووتەی زانا خۆر ڕاوەستاوە**

**حەوت ئەستێرە دەوری لیّ داوە**

**زەویش یەکێکەوەك ئەستێرەکان**

**ئەسورێتەوە بەسوك و ئاســـــان**

**ئەڵێن هەرجوڵە پاڵدەرێکی هەس**

**ئەی کیّ پاڵئەدا بە ئەرزۆ بەدەس**

**بەلاّم کە ئێوە ئەوەن نەزانن**

**بۆچی بۆ یاسایی کەسی ناڕوانن**

**کە خالقتانە و خەلقی کـــــردوون**

**ئێوەی هێنا بوون بیّ ئەوەی بوون**

**کەچی زۆر سەیرە کەبە ناو زانان**

**زانایـــە بەناو یا نەکو دانـــان**

**ملکەچی یاسای کەسێکن ئێوە**

**کەوەك ئێوەیە و کەمتر لە ئێوە**

**ئێوەی توش کردوە بەدرۆی ئاسان**

**خستونیە گێژی دەریای بیّ ئامان**

**ئێوە کە ئەڵێن : خودا کەی ڕاسە**

بۆ باسی ئەکەن ئەم قسەو باسە
گوایە بەقسەی گەورەی هەموتان
کەون سروشتە بەسوك و ئاسان
ئەی بۆ ناڕوانن بۆ ئەرز و ئاسمان
چی تیا خولقاوە بۆخێری ئینسان
کە خودا درۆیە بۆچی خواکەتان
نەی کردوە چارە بۆسەری گەڕتان
بۆ خەلقی نەکرد بچوکترین بەرد
بۆچی لەخۆتان کەسی خەلق نەکرد
بۆ خەلقی ناکا تەنها تکێ خوێن
بۆ لقێ داری نەکرد لەیەك شوێن
غەیر بەناوی فیسق و فەســـاد
هەزاران کەسی کرد هەناسە سارد
ئەی براکانم چـــەندە نەزانن
کوێرایم دایە وا سەرگـــەردانن
وام زانی ئێوە بۆ ڕێگای چاکە
گیان بەخت ئەکەن لەڕێی ئەم خاکە
ئە مجارە ئەفەنی سەریان ڕاوەشان
ووتیان مامۆستا بەبێ سەر ئێشان
گەرخودا ڕاستە بۆکەس نەی دیووە

کێ خەلقی کردوە یان لەچی بووە
هەوەڵی نی یە ئاخری هەرنابێ
مامۆستا شتی ئاواهـــــەرنابێ
بەلاّم مامۆستا پێشی وەلاّم دان
ووتی ترۆ بن داخەڵـــــە فاوان
ئێوە بەبوونی خودا قایل نین
چی باس بکەم بۆ سەلماندنی دین
بەلاّم عاقیبەت ئەبن پەشیمان
ئەژنۆ دائە دەن لەبەردەم یەزدان
ڕۆژی حساب و کتاب کاتێ کەهات
ئەوسا ئەزانن چی یە بەسەرهات
هەرچەند ئەزانم کەپێ ئەکەنن
منیش ئەزانم کـــەبایی چەنن

( ١٩٨٣ )

# ﴿ یاڕەسولە اللە(ص)﴾

یاڕەسولە  اللە دەخیلم دەخالاتم  ڕووم ڕەش و پیسە
ڕجا کاری ڕووی ڕەشم  بە کە گیری کاری ئیبلیسە
لەلای کەسی  خاوەن پەنا  شەفاعەتیٚ دەردە دارم
دەخالەت یا ڕەسولەاللە  من  ڕوو ڕەش و گرفتارم
نەکەی چارەی دەردی  دڵم بەجاریٚ ڕەنج بەخەسارم
(لفی خُسرء) لە  مندایە بۆیە  هیٚندە بیٚ  قەرارم
یارەسول اللە دەخیلم  منم ڕەنجەڕۆ و کەساسم
بکە چارەی  ڕووی  بیٚ چارەم  لەترسایە وڕوکاسم
دەسا ڕەحمیٚ  لیٚ بوردنیٚ  لەبەر نوری  پیٚغەمبەر
باوەڕدارم کەخاتەمت شەفاعەتکەری گشت بەشەر
چۆن  لەبەرئەو مانگت  لەت  کرد  ئەی  ڕەحـیم
هەرلەبەر ئەو من ببەخشە خالق و حەبیو القیم
ڕووی  خەڵوزم  لە ڕووی نورت  کەهەڵـــــــنایە
کیٚ  بیٚ هیٚنـــدەی  تۆ  خانەدان  خاوەن  پەنایە

# بۆ باوکم

ئەجەل هات و لەناکاوا هەردوو چاوا نمی کوێر کرد
دەستی قەدەر بەجارێ هات تروسکەی هیوامی برد
رۆژی شەمە کار و بارە مامۆستای ژینم باری کرد
کاتژمێر پێنج و چارەك بیلبیلەی چاوم کۆچی کرد
چواردەی سێ بوو ساڵی نوێ بوو نەوەد و هەشت
فرمێسکی چاو بوو بە باران بۆ کۆچی تۆ هەڵم رشت
کۆچت خێر ئەی باوە گیان تەنها ئاواتی دڵەکەم
خۆم و ماڵ و منداڵم فیدای تۆزی سەر گۆڕتکەم
تۆ ئەو کەسە بووی کە زۆر بەمەردی ئــــــــەژیایی
مردنت جۆرێ بوو ئەزیزم بەمەردنتا ئەولیایی
نا ماقوڵم ئەگەر بڵێم فەلەك بۆچی وەهات کرد
بۆ تروسکەی ژینەکەمت وابەسوك و ئاسان برد
ئەوەند ئەڵێم کول و نەفس ژائقەتەل مەوت گیانە
خوا پەناتدا بابە گیان مردن بەشی هەمووماِنە

**بۆئەوەی گومڕا نەبم و خودای خۆم نەچێ لەیاد**

**بەفەرمودەی پیرۆزی خوا پەیمانە دڵم بکەم شاد**

**هەر لەیادم بێ و بڵێم: ئیننا الیە الراجعون**

**سوپاسی خودا بکەم کە باوکمی نەکرد زەبوون**

**هەمووکات سوپاس مەندبم ئەم ووتەم لەسەرزاربێ**

**هەمومان بەندەی خواین و لای خواش ڕێمان ئەبێ**

**دیارە هۆنراوەی شێواوم بۆ سارێژی غەم و داخە**

**کۆچی دوایی ئەحمەد ئاغا هۆکەی نەزیفی دەماخە**

**ئاخر ووتەم سەلاٌواتە لە سەییدی مورسەلین**

**سوجدەبەرم لە بەردەمی مالیکی یەومی دین**

**( ١٩٩٨/٤/١ )**

# بۆ شێخ عوسمان

سروشتی دڵ ئەکا یادت خاوەنی هەستی بەسۆز
دڵێ دوور لەبیری خوابێ وەکو بوبیانە پڕلەتۆز
دەهیمەتێ ، بۆ خاوێنیم دڵی شۆراوم لێت دەوێ
دەڵێ بەزکری خوا شۆرا ئەبێ بەسەرداری بەسۆز
ئەی پیری خاوەنی ئەزمون تەووەجەهێ بۆ دڵی من
خەریکە بوغرا ئەبێ دڵی منداڵی و پڕ لە سۆز
نەمدیوی ئەما بەتاریف چرای ڕوناکی بۆ هەموان
تەووەجهێ بۆ ئەو دڵەی کەبۆ تۆ پڕە لەسۆز
ئەکەم یادت هەتا ماوم ئەی شاهی بێ وێنەکەم
ئەشقی دڵ وغەریبی تۆشەو و ڕۆژییم ئەبەخشێ سۆز
بۆلێمان بووی بەمەولانا و بەنالی وحاجی یەکەی کۆیی
ئەوان هەرچـــــوون باتۆنەچی خاوەنی هەستی بەسۆز
بۆت ئەنوسم بە ئەلف و بێ و بە هۆنراوەی شێوام
هیچ کەسێ نەبووبتوانێ لەسۆزی خادڵی پڕ سۆز
ئەوەی ئەڵێن : با هەر بڵێن : بەس دڵت بار نەکا لامان
ساڵحین بەشتە ئەزیزم دوری تۆ گریانی بەسۆز
کە تۆ خودا ئەمەندە پلە و پایەی پێداوی ئەزیزم
لەبەرچی دڵی شێواوم بەسۆزت ناخەیتە سۆز
هەرچەند سۆز و خۆشەویستیم دەرنەبڕا بە هەڵبەست
ناماقوڵە ئەوەی بۆتۆ و بۆجەدی تۆ نی یەتی سۆز

## چوارینەیەك

نالّێم شیفای دەردم ئەدەی کاری خراپم چاك ئەکەی
ئەوەند ئەلّێم ئەودەستەی ڕێگای ڕاستمان نیشان ئەدەی
لە گێژاوی هەوای نەفس و دەردی غەڕای و ڕووی ڕەشی
گەلێ ڕێگای ڕاستـــــی ژیان نیشانی نەزانان ئەدەی

**

دلّم شەق کە هەروەکو نیل با بەجارێ پڕبێ لەنوور
ئەی نەوە کەی سیراجەدین شاهی مەشهوری شارەزوور

شەوی ( ٢٥/نیسانی سالّی ١٩٩٦ لەزەڕایەن نوسراوە بەلاّم بەداخەوە پێش ئەوەی بەدەستی بگات وەفاتی کرد

## بۆ کۆچی (( شێخ عوسمان ))

نالێم تۆ خوای سوجدەت بۆبەم ڕزگارمە کەی
یان لەدۆزەخ یان غەزەبت دەربـــــــازمەکەی

ئەوەند دەلێم ئەو قوتبە بووی لــــە سەر زەوی
بە عەساکەت زۆر نـــەزانان نـــــەفسی نەوی

دەبا دڵ و چاو و مێشکم بۆ کۆچی غەریبی تۆ
فرمێسکی خەم لە زەوی کا بەسەری شۆڕ و نەوی

تەمەنت کرد شاهی مەشهور ئەی نەوەی سیراجەدین
بەسەربەرزی لەژین ژیایی بۆکەس سەرت نەکردنەوی

دەستم دایە خامە تاکو ... دلسۆزیم ئینشا بکەم
بەلاّم لەوەسفی کردارت سەرودەست و پە نجەم نەوی

دەسا ڕۆحم بەقوربانە بۆ تۆ ئەی شاهی بێ وێنە
بەدرێژی قەرنێ لەژیان سەرت بۆکەس نەکرد نەوی

بۆکەسێ سەرت کرد نەوی کە سەرداری سەردارانە
سەرت نەوی کرد ئەزیزم شایستەیە سەرکەی نەوی

**خوایە شوکرین ئێمەی مورید بۆ کۆچی ئەم شاهمانە**

**پە یمانە زیاتر موریدان هەر سەریان بۆت بکەن نەوی**

**خوایە داوای موریدان لێخوشبوونت لەم عوسمانە**

**چوون لە وولاّتی غەریـــبان سەری نایە و نەوی**

**خودات لەگەلّ کۆچت بەخێر ئەی شـــاهەکەم**

**بە کۆچی لە ناکاوت پشتی موریدانـــــت نەوی**

**دلّنیا ین کرداری خۆت لـــەو دنیاش لـــــەرێتایە**

**شادمانین جێگەت خۆشە بۆئەو کەسەی سەرت نەوی**

**( ١٩٩٧/١/٣٠ )**

**٢١/ رەمەزان -١٤١٧ ی کۆچی**

**١٠/ ی بەفرانباری ٢٩٩٧ ی کوردی**

**گۆڤاری ( پەیڕەو ) گۆڤاری ئسلامی گشتی ژمارە ( ٣٠ ) لا ١٧ بلاّو کراوەتەوە**

## بۆ ﴿ زاخۆی کورم ﴾ ١٩- ٤-٢٠٠٠

کوڕی شیرینــــم زاخۆی جوانم
ئاواتی دڵی پـــڕ دەرد و ژانم
بۆ ژیان بگری ژیـــــان ئازارە
هەزارەها کـــەس لە ژین بێزارە
من وەکو باوکێ خەمی تۆئەخۆم
من بۆخەمی تۆدەروون پڕلەسۆم
ڕۆڵە ژیانت بامــــەردانە بێ
نەوەك نۆکەری بۆ بێگـــــانە بێ
بۆکەسی زۆردار سەرت شۆڕمەکە
بۆبێ دەسەلآت خۆت بەقوربانکە
بۆبەرزی میللەت خۆتکەبەقوربان
گیانت قەڵغانی قەزای نیشتمان
یاخواکوڕی خۆم هەرشادمان بی
لەناو میللەتدا خاوەن ژیان بی
بخوێنە ڕۆڵە خوێندن دەرمانە
ئازار لابــەری گشت ئێشی ژیانە
خوێندن چرایە بۆ ڕێی ڕزگاری
بۆ دەرکردنی نە خوێندەواری
تەمەن هەر ئەڕوا و ئە پێچرێتەوە
خزمەت چی میللەت ئەمێنێتەوە
ڕۆڵەی شیرینم ئاواتـــە خوازم.........زۆرچاك تێ بگەیت تۆلەنیازم

# ﴿زمان﴾

زمان  پاراوە  سبەینێ لاڵ و داماوە
نەك  هەرلاڵە  بەڵکو کرم تێی ئالاوە

دەست و پە نجەبەشێوەیەك  پتورکاوە
وەکـــو  پەڕۆکۆنی ژێر گڵ  دارزاوە

ئای لەوکاتە دڵ و زمان  بەستراوە
قاچ  و دەستە زمان دارە کە  پاراوە

کێ لەم مەتەڵەتێ  ئەگا قاچ  قسەکا
دەستەکانت ڕاستـــی تاوان بەیان  بکا

لەورۆژەدا پە نجەمۆری ئاوات  ئەشکێ
هێز نەماوە  هێز براوە  هەموو ئەبڕێ

دنیای ڕاستـــی  ئـــەبیستری ئەبینری
خەیاڵ ئاوات وەك ژێرەخەرلول ئەکری

ڕوو نەماوە لەڕووی ئەو ڕووەڕاوەستێ
نی یە  زمانێ  لە وکاتەدا  نە بەسترێ

دەست نیەلەئاستی ئەودەستەبووەستێ
هەموو ئەڵێ  تاوان بارم ڕا ئەوە ستێ

چاوەڕوانی ئەو دادگادەبن ( جن وئینس )
بێ غەیری  خۆی هەموو دڵی  پڕەلەترس

دەسا  زمان دەسا  گیان  هەمـــــووکات
بۆ نەجاتی ڕێگەی نەجات  موناجـــــات

( ١٩٩٨/١١/٢٤ )

# ﴿وێنەکەت﴾

وێنەکەت بۆیە لە بەرچاو دائەنێم تــاکو بمێنم

ڕەووشت و کرداری تۆ لە خۆمــدا بخوڵـــــقێنم

تاکو کۆن بێ نەمانی تۆ زیاتر قەدرت ئەزانم

نەمانی تۆ لە ناوماندا سەرەتایی ئازارەکـــانم

ئێستا ئەزانم قەدری تۆیان بوونی تۆ لــەژیانم

قەدرم زۆر گرتی ئەزیزم بۆچ قەزات نەکەوت لەگیانم

بۆ نەمانی تۆیە هەردەم هەردوو دیدە پڕ گـریانم

بۆ دڵسۆزیم شاهیدمە خــەم و ئەشکی چاوەکانم

بەکرداری جوانی تۆوە ســــەرم بەرزە و شا دمانم

تاکو ئەمرم ناوی تۆیە تاجی سەرهەویەیی گیرفانم

دڵم شادە بەختیـــــارم بەکر دەوەی جـــوانی تۆوە

سوپاسی خودا هەرئەکەم بچمـــەوە سەر ڕێگەی تۆوە

( ١٩٩٨/١١/٢٧ )

# ﴿ دڵت ﴾

دڵت بەم دنیا هەرگیز نەبیٚ خۆش
بۆ کەساسی خەڵك دڵت بیٚتە جۆش
نەکەی بۆمەرام بۆ خەڵك هەڵپەڕی
لەناو کۆمەڵا ئەکریٚی فەرامۆش

دڵـت بلەرزیٚ لەبەردەم حەقا
خۆمەکە میـراو خەڵکی بەسەقا
ئەوەی کــە بۆ تۆ ئەمــنیٚتەوە
هەر قسەی ڕاستە پیٚت ئەدابەقا

دڵت نەرم بیٚ لەگەڵ بەردسا
ئەگەر مەئموری یانەکو وەسا
چونکە کورسی تـاسەر نەبووە
لەدەست چونیانەدەی بەدەسا

دڵت ئـاسودە نەبــیٚ ئەوکاتە
چاوت لەخەڵکی هــەژارو ولاتە
گرەو ئەبەیتۆ لــەهەردوو دنیا
چاوت شۆڕنەبیٚ لەبەردەم لاتا

دڵت هەردەمە بۆپیـاوەتی بێ
بیرکردنەوەشت بۆ بەرزی گەل بێ
چونکە پیاوەتی نرخـی گـرانە
دەست هەمووکەسێ ئاستەم ئەکەوێ

دڵت ئاوێنەی خـــزم و برا بێ
بابۆ گشـــت کەسێ وەکو چرابێ
ئاخـــری عومرت مـادام مردنە
دەخیلە تەنها چاکـــە داوات بێ

دڵت گوڵێ بێ بۆ ندار بێ لەژین
هەرگیز بادوربێ لە ڕق و لەقین
ئەوانەی دڵیان پڕ بوخز و قینە
حساب کراون کەواسەر سەرین

دڵت ئاسودە ئەبێ هەموو کات
ئەگەر ئاواتت ڕزگاری وولات
وەسێتە برا بۆ دنیای دەنی
با ڕوو ڕەش نەبی لەبەردەم وولات

( ٢٠٠٤/٢/٢٨ )

# ﴿شەش خشتەکی﴾

دەور گۆڕاوە لە هەمـــوو لایە
هەرچەندهەوڵدەی ناگەیتەمایە
دەستی قەدەرە هەتا هەتایە
ملیۆنان ئاوات لە ژێر خاکایە
سەیر ئەم مەتەڵە کە لە ژینایە
دنیا بۆ کەس نەوئالەم ودنیایە

بەچی زمانیٚ ئاخاوتن خـــــۆشە
بۆ هەندیٚ چاکەو هەندێکی بۆشە
هـەزاران دەروون خۆ فـــەرامۆشە
هیچ کەس نازانیٚ چیەئەم شوشە
وادەست لێـــی نەدا شکاوە بۆشە
سەیرئەم مەتەڵەم بەس لەم دونیایە

بەسیٚ تاریکی هاتمـــــە ژیان
کەهاتمە ژیان یەکسەر بەگریان
پیٚم پیٚ کەنیون ئەوەی بینییان
تاقیم کردەوە چەند جاریٚ جوان
ڕاستیان فەرمووبووکەمن بەگریان
هاتمە ژیان و بووم لەم دونیایە

کەواتە ئەوەی زیرەکە ژیرە
مناڵە گەنجە یا وەکو پیرە
دنیا ئەشوبهێ بیکە کە بیرە
ئەوەی تیایەتی مات و زویرە
سەیری ئەم تابلۆ، چەندەدڵگیرە
زۆرشتی سەیرسەیرلەناو دونیایە
زۆرم ویست گێل و نادان بومایە
لەهیچ شتێکیش کارم نەبوایە
هێندە فێڵ باز و گێلم نەدیایە
تا بە ئاســـودەش تێر بژیمایە
لەهەمووی سەیرتر کەسینەمایە
نا گاتە مایە کەس لەم دونیایە
کۆتاکەباسی شەش خشتەکی خۆت
هەرچی یەك دەڵێی دێتەوەئەستۆت
زۆریشت دیوە گـــەردنی لەکۆت
ئەوەی کەسەیرە و نایەتەوە بۆت
تەمەنی گەنجی سەمەرە بوو بۆت
بەرە و پیری چویت ئاڵەم دونیایە
( ٢٠٠٥/١١/٣ )

# دڵ بەر

ئەی دڵ بەری دڵ دەرهێنەری دڵ کوژەکەم
تۆی سەرچاوەی خەمی دڵمی خوێن ڕێژەکەم
لە دەریایی خەمی ژیانا خەڵتەی خەمت خنکانمی
خۆم ئاهی دەروونم کەمە بەرە نێسکت تاساندمی
تۆ بۆچی بەدەردی دڵ من هێندە ئازارئەدەی
چرکەیەك دڵ ئاسودەبێ سەد چرکەبێزارم ئەکەی
گەربەڕۆستەمم تێ ئەگەی وەلاَوەکوکەیکاوسم
خۆت چارەی دەردم بکە کە ئەزانی بێ کەسم
هێندە دەرگای پاڕانەوەم لەسەر والاَ کردی گیانە
بێسودە پاڕانەوەم لە دەست ئەم ئێش و گریانە
لەبەردەم لەشکری زۆردارا بمرم ئەبەدچۆك دانادەم
بەلاَم بۆ چرکەیەك خەمت سەر و چۆکم وا دائەدەم
بۆ نەجاتی ئازاری خۆم ئامادەنیم قەڕانێ دەم
تاکەی تێناگەی بۆنیگات سەروماڵ و گیانم ئەدەم
باخەڵکی هەربکەن لۆمەم چون نازانن لەئەحواڵم
لە پێناوی خەندەیەکت من ئەبەخشم سەر و ماڵم
باکۆتابێ نزای دەستم لەبەردەم ئەشقی پاکی تۆ
بەسیە باسەر شۆڕنەبم ئیتر لەبەردەم دەرگای تۆ
هەڵە بجەی تازە( ٢٠٠٥/١١/٤ )

# کەوی ناوقەفەز

کەوی ناو قەفەزکاتێ ئەخوێنێ
دەنگی زولاڵی کە بەکار دێنێ

ئەڵێ ئازادان بگـــــەنە فریام
لەناو قەفەزام بێ کەس و تەنیام

بێن نەجاتمدەن ئەی هاوڕەگەزم
ئێستا کە دیلی کونجی قەفەزم

کۆیلەی بەردەسی ڕاوچی زۆردارم
بەهاشەو ووشەی زۆر گرفتارم

ئێوەن ئازادان وەبان بـــەردەوە
منیش وابەندم بەدەم دەردەوە

هانام هێناوە وەکو هانا دار
کەنەجاتمدەن لەدەستی زۆردار

تەنهاهەرئێوەن لەمن تێ ئەگەن
لەناو قەفەزا ڕزگـــــــارم بکەن

لە دەستی ڕاوچی بێ ویژدان ویر
کەوا دیلمەکا بۆ ئێوەی نێچیر

نابینن دەنگم کەچەند کەساسە
لە ناو قەفەزا دڵ بێ حەواسە

کاتێ کەوی شاخ کەدێتە وەلاّم

ئەڵێ :لەکوێ دای ئەی دیلی برام

تافریات کەوم، وەبت کەم ئازاد

لەگەرووی شاخاتۆش ببی دلّشاد

نەجاتت بدەم لەدەستی زۆردار

ئازادت ئەکەم تا بگـــری قەرار

کاتێ کەوی شاخ کە ئەدا لەباڵ

نزیك ئەبیتۆ بە هەرچ ئەحواڵ

کەوی ناوقەفەزئە مجا دێتە دەنگ

ئەدا لەقەفەز وەك بڕوا بۆ جەنگ

تن بە تورەیی تێیان ئەخـــورێ

قەستیە لە داخا قــوڕگی دادڕێ

ئەڵێ وریـــــا بن داو دەوری داوم

بائێوەش نەڕۆن وەك من فەوتاوم

ئیتر کەوی شاخ لە حەییەتی ئەم

داویش نابێنێ لە داخا هەردەم

ئەڵێن: گیانەم بۆ ڕزگـــاری تۆ

گیانمان قوربانە لە پیناوی تۆ

بۆ نەجاتی ئەم داو ئەیان گرێ

ڕاوچی بێ ویژدان سەریان ئەبڕێ

**جاکەوی قەفەز ئەمجار کز ئەویٚ**

**چون هاوڕەگەزی ملیان ئەپەڕیٚ**

**ئەمجارە ئەگری بەدەنگی بڵند**

**بانگ لیٚئەدا بانگی زۆر بەتوند**

**ئەڵیٚ هام فەردان منم دەردە دار**

**گیرۆدەی دەستی زاڵم ستەمکار**

**دیلی قەفەز و دیلی دەس ڕاوچیم**

**ڕاوچی نازانیٚ من عاشقی چیم**

**هەزار جار بیدا ئاو لەگەڵ دان**

**من بپاریٚزیٚ لە سەرمای زستان**

**نایدەم بەشەقەی باڵیٚ لەچیا**

**بفرم لەم لوتکە بۆلوتکەی ئەولا**

**لە ڕاوچی بوایە کەوی تەواوە**

**زۆر دڵی شادەو ڕاوی کراوە**

**تیٚر پیٚ ئەکەنیٚ بەخویٚندنی کەو**

**ئیتر نازانیٚ ڕۆژە یاخود شەو**

**نازانیٚ کەوی قەفەز بانگ ئەکا**

**ئەی ئازادانی سەرلووتکەی چیا**

**بگەنە فریام باڵبەستەی زۆرم**

**هاو ڕەگەزەتانم ڕەشم یا بۆرم**

بەم جۆرەڕاوچی ڕاوی کەوئەکا
کەوبۆ ئازادی ژیان بانگ ئەکا

ڕاوچیش بۆکەوی چیا ڕاو ئەکا
کەوی چیاکەش خۆقوربان ئەکا

هێندە دڵسۆزە ملی ئەپەڕێ
هەتاکو کەوی قەفەز دەر پەڕێ

ئاوایە ڕاوچی و ڕاوی دڵخۆشان
بەکر بۆمیللەت حاڵی پەرێشان

( ٢/ئایاری /١٩٩٣ )نصر /کۆمەڵگای سەرکەوتن

# ﴿ ئەبێ کێ بێ ﴾

لەم جیهـــــانەی بەرینی دڵ ئەبێ کێ بێ

خەمی دڵی لە نشێوی حەزەکانا حەشاردابێ

بەڕۆژ و شەو خەمی دووری یاران بـــخوات

بێ خورد و خەو فرمێسکی چاو حەشاربدات

تاکو دڵدار بەحەزی ئەو فریـــوو بخـــوات

بە شەپۆلی خۆشەویستی بەیداخ هـــەڵکات

لە ناوکانگای حەزی پیرۆزا هەمووکـــات

خۆشەویستی و فیداکاری نیشــــان بدات

ئەوجا سەیری گڕی ئەشقی دڵبـــــکات

بزانە چ هێزێ هەیە کەبتوتنێ لەیەکی کات

کێیە بەرگەی ئاهی دڵی بێ وێنە ئەگـــرێ

کە ئەشقی پیرۆزی خۆی بەرامبەری ڕائەگرێ

کێ هەیە بتوانێ تاسەی تاساوی گەورەکەی

بگرێ وبێ دەنگی کالەئاست خۆشەویستەکەی

شە پۆل نی یەخۆی لە شە پۆلی ئەشقی دلّدات

ئاشق نی یەکەبتوانیت لەو ڕێیەدا گیانی نەدات

گەردە لولی ئەشق هات درۆیە خۆشاردنەوە

گیان قوربانەو تەنها ئەشقیش ئەی کڕێتەوە

ئەوەی دڕکە لـــــەڕێی ئەشـــــقی دلّدارانا

سەری شۆڕە لەبەردەم ڕووی ئاشقـــــــانا

سەری شۆڕە و ملـــی شۆڕە لەبـــەردەمما

داماوێکە ڕوو ڕەشێکە بیّ دەسەلاّتـــــە ئەما

گڕی ئەشق هێندە گەرمە هێند بەتینـــــە

ئەسوتێنیّ ئەو داماوەی دلّ پـــــــــڕ قینە

بۆیە ئاشق هاوار ئەکا بەناو گشت دلّدارانا

ئەلّیّ وەرن فریاکەون مردنی ناحـــەزا نمانە

( ١٩٩٧/٣/٦ )

# ﴿لەئەشقا﴾

لە ئەشقا  من گێژو و کاس و داماوێکم بێ دەسم
لەبۆ ژیانە لەژیان هەموو کاتێ ئەمن پەســم
دەستم ئەگرێ خەفەت  خەڵکی لەدیوەخانی خەمام
تەماشاکەن کەچۆن گێژم  چەندە بێ هۆش وهەسم
زۆر حەز بەتێکەڵی ئەکەم  دیارە  هەر من جودام
هۆ خەم و خەفەت و ئازار بۆ بون بەبرا و کەسم
دەڕابە  شادی  هەتاکەی  دەرونم  پڕ بێ  لە ئێش
سەیری کە چەندە بە ئێشە بیرو وویژدان و هەسم
سەرداری لەشکری خەمم دڵم پڕ لە ئێش و دەردە
ئاهو ناسۆری  دڵمە  لاوازی  چاو  لەگەڵ دەسم
بۆ بەس دڵی من بێ  خانی  دیووەخـــــانی خەم
خوایە بەندەی  خۆتم ... لەسەرچی وا بێ کەسم
تا لە ژینم  پەیمانە  بەندەم  و بەندایەتیت کەم
سەرشۆڕنەکەم بۆ هیچ کەسێ نەبراوخزم و کەسم
سەیری کە( بەکر )کەدونیا جۆکەرەبۆ هەل پەرست
دەنگ  بڵندکە  بڵێ  بمرێ  دۆستانی هەل پەرسم
ئەوانەی وا هەل پەرستن مەستن لەدونیا تێ ناگەن
لەگەڵ هەر فێڵێکی  وانا  بریندراری  ئەکەن هەسم

١٩٩٨/١١/٢٧     هەینی هەڵەبجەی تازە

# پەروەردگارم

بەهەندێ ئەدەی سەر وەتێکی زۆر
بۆی ئەنەخشێنی هەزارەهــا جۆر
بۆ هەندێ تاجی شاهــی ودڵی شاد
تە نها چرکە یـەك تۆی نایەتە یاد
بۆهەندێ ژیان ئەمـەن خۆش ئەکەی
مەگەر خۆت زانی چۆنی ڕێك ئەخەی
بۆ هەندێ خواست فەراهـم ئەکەی
لێت زویرئەبێ باسی تۆی لاکەی
بەلاّم بۆ هەندێ ئاخ و دەردی زۆر
دەروون پڕ دەرد و ژیان پڕ ناسۆر
بەلاّم بۆ هەندێ دەروون پڕ لەخەم
هێشتاشەو و ڕۆژ هەرتۆی لەسەردەم
دەست بەنزایە شەو هەتا بەیان
کـەچی دا یمـــە دەرون پڕ لەژان
هەرکـــــەس بەدەردێ ئەتلـێتەوە
بۆ دەوای دەردێ ئەخولێ تەوە
من کە بەندەی تۆم هیچ حاشاناکەم
شەرتە بەندەبم ئەی پادشـــاکەم
هەر تۆ شایستەی کەبەندەیت کەم
ئاسودەم شادم لــــەبەندەییەکەم

٢٠٠٠/١١/١١

# بۆ برادەریٚ

شەرەف و ناموس کە کاتیٚ تکا

هیچ پیٚویست ناکا کەبیکەی تکا

ئەوەی زەرڕیە حەیایی تکابیٚ

ئەبیٚ دایمە خەریك تکـــــابیٚ

برا من و تۆ هەمان بوویەك دەس

بۆ من جودابم لـــەهەوا و هەوەس

برا بۆچی وا خۆت کـــردە داردەس

پیاو بەئازادی ئەبـــیٚ و بووە بەس

هەرچەندە ژیان بیٚ تـامەو بەتام

بەلاٚم من هەردەم لەخۆم بەئاگام

ئەوکات زەمانە ریٚوی کردە شیٚر

بارۆك ئەخویٚنیٚ وەکو کەلّە شیٚر

بۆیە بەریئم مما تەقـــــولون

بۆ ژیان ناژیم تـا بمکەن زەبوون

**ئەوەی کەحەیاو ناموسی مابێ**

**ئەبێ بۆ هاوڕێی زۆر بەوەفابێ**

**سەری زمانت بۆمن وەك هەنگوین**

**بنی زمانت پڕ کردوە لــــەقین**

**برام ئەم دونیا دەورانە دەوران**

**هەزاران وەکو من و تۆی شکان**

**خودا ئەفەرموێ فیتنە تــــاوانە**

**ئیتر بەسەتی ئەم خەڵك تێكدانە**

**٢٠٠٦/١/٣**

# شەوێ

شەوێ بەتاسەی هەناسەمەوە
بەئاهی دڵی پڕ تاســـەمەوە
لەخەو بێداربووم خەوم لێ زڕا
دڵم بە جۆرێ لە گـــەڵم گۆڕا
هەتاکو توانیم بیرم کردەوە
تاگرێی ژیان گشت بکەمەوە
بەلاّم بەداخ و ئێشی دڵمەوە
لەلوتکەی خەمازۆر سوڕامەوە
بەبێ گەیشتن بەئـاواتی دڵ
شەوگارکۆتابوو نەچومە مەنزڵ
دیسان بەتاسەوبەحەسرەتەوە
بۆ شەوی دواتر بەئەندێشەوە
سەرم نالەسەرسەرین ئەمجارە
وەك شەوی پێشتر دڵم بێزارە
زانیم بێ سودە گەین بەئاوات
پەنام بۆخاوەن پەنا بۆ نەجات
ئاوات وحەزەسەرچاوەی خەمن
كاربێ کردەوەهەرووتەی دەمن

٢٠٠٦/٥/٢٣

# ﴿هۆنراوەی بێ نوختە﴾

سەرم سڕماوە لەکـــــاری ئەوڕۆ

هەموو هەوڵ ئەدا ئـاسودە وەسۆ

ئەگا لەوعومرەی کوڕی کێ وەکێ

هەرکەس کەدەردی دڵی ڕاوەسێ

لە ماوەی ڕۆ ڕۆ ئەگا وا لەکوێ

ئەگەر حەواسی دڵی ڕا وەسێ

سەرم سوڕداوە لەهەموو کـارێ

هەرکارە سەری ئەگا وەکارێ

داسی درەوی دەورە لە سەرما

گەردی ئـاوەها وا لە سەرسەرما

گڕی ئەودڵمە هەرکا سەرئەکا

دووسۆمای سەرم لەسەرسڕئەکا

هەر لە هەردوولا سڕو کڕ عومرم

لەم لا و لەولاوە ڕاکەم کەئەمرم

## سادەی هاوارە سادەم لەکەسا

سەرم لەسەری هەمووکەسێ دا

ئەوەی هەر دلّی لە ئاهم داوە

دلّی لەمەرگی سادەی کەس داوە

هەر هاوار ئەکەم هاوارە هاوار

کەسی کەسدارە هەرئەو کردگار

هاری ئەم دەوەرە دەوار ئەدڕێ

دەواری عومرم ئەسرار ئەسڕێ

٢٠٠٥/١١/٢٠

# هۆنراوەی یەك نوختە

من لە کردەوەی زۆر نەزانا نا

فرە کارم کرد لە سای نەزا نا

هۆنراوەم نوسی بۆزۆرکەساسان

سادەی زووبگەن لەهۆنراوەکان

ڕووخاوی دەسی نەفام و نەزان

زۆری گلانە ئازار و نەمـــــــان

هەرزانی زانی لەسەر والآ بوو

لەبەر نەزانی زمانی لالّ بوو

ناگەم لەم عومرە لەناو زەمانە

ناڕازی لەسەر ئەو بەد کارانە

بیّ سودبوو هەولّم لەدەس زەمانە

دەروون لەدەردا فرە هەراسانە

وابیّ بیّ سودە ئاخری عومرم

لەدوای نەمانم ڕاوگەی کیّ بگرم

## فەناو فەنا خواز نازی نەماوە

نازی نازداران لە ناز بڕاوە

لەسەرهۆنراوە و کردەوەی جوانم

ئامادەم هەردەم ناواز بێ زوانم

بەکر هۆنراوەی دانەخالّ بابەس

هەرخوداخاوەنی کەسانی بێ کەس

# ﴿هۆنراوەی دوو نوختە﴾

سەرم یاوەری سەرداریٚ ئەکـــەم

لەسەر یا سەما هـەرسەما ئەکەم

دەستی وەستووم وەئە ستـــو ێوە

تاوام لیٚ ئەکات ئەمرم وە سیٚوە

سەیرو سەمەرەی دەرد و گریەکەم

ئالودەت کردم هەر وەمەیل گریەم

هەروام لیٚ ئەکات تا ئەتــــلیٚتەوە

لەئاهی سەردا سە ر ئەتـــــلیٚتەوە

سەیری ئەم کار و کردەوە سیسە

هاوارم وەك دیل سەرلەتۆیِی کیسە

دیواری تەرمی لاسار و کـــەوتوم

یاری وەتەرمم ئەکریٚت کەمردوم

سەیر و سەمەرە لە ئەم مــەتەڵە

یادی مەرگە کەم دور لــە کۆتەڵە

**کەسەرم دەرهات لە ئەم گەرداوە**

**تەواو تێ گەیم لە هەموو لاوە**

**کۆتاکە کارت تاکەی دامـــاوی**

**تاکەی وە ئاهی دەردۆ سوتاوی**

**سەرت وا لەسەر قەدێکـــی قرتاو**

**تاکەی ئەکەی یاد سەر لەسەر تەواو**

**هەتاو لە تەرمت سەری دێتە دەر**

**ئومێدت سایەی تاقە کەس لەسەر**

**٢٠٠٥/١١/٢٠**

# ﴿هۆنراوەی سیٚ نوختە﴾

شادی ئامادەم ئادەی چا وەکەم

پەرۆشی پەرچەم دلّ ژاکاوە کەم

شەو ورۆژ دلّم ژاوەی دیٚ لەدەرد

هەرچاوم لەدەس ئەم رۆژگارەکەرد

وەو کەسەی عومری وەشادی داوە

شۆڕشی پڕچە هەردەم هەرماوە

لادە چەماوەی پشکۆی ئاگری دلّ

ئەوسا وەدەرکە چرپەی پڕ لەگولّ

چاوم لەئاسی چاوی وەك مردوو

شە پۆلی ژاری پشکۆم وەسەر چوو

سەمای دلّەکەم هەردەم هەرگە رمە

سەرم شۆڕمەکە لەدەس ئەوشەرمە

چا پوکی چاوم هەر لە گەڕ گەڕاو

سەودای پرچەکەی شە پۆلی ڕژاو

**لەملم ئالأوە چارەی شەرمم کە**

**هاوارە گڕی دڵەکەم گـــەرم کە**

**ژووری پڕ لەدژ هەموو لە دژم**

**سەودای گرمەی دلّ ئەلّیٚ ئەکوژم**

**ئەوەی کوژرا لەسای پەرچەما**

**ئاسودە لەڕیٚ دڵەی دوو چەما**

## دەست لەجێ ی هێن

کــــەهێنم کــەوت لــەســەرهێنی بـــەهــێـنی هێنم بـــەرزئـــەکـا

لـــــەهێنی هـێـنـم ئـەتـرسێ کــەهــێنی هـێنــم بــەرزئــــەکـــا

لـــــەم هــەمــووهێنە بــەهــێــنم هــێــنی هــێــنی هــێــن ئــــەکـــا

لـــــەهـــێــنی هــێـــنم بــۆ هــێـنی هـــێنم هــێــنی هــێــن ئـەکـا

کــــــەئـــەم هــێــنــە لـــەســـەر هــــێــنــەســـەیـــری هێنی هێن ئەکا

لـــەهــــێنی هـــێنـم لـــەهـــێـنم بــەهـــێـنی   هـەرهێــن ئــەکـــا

هـــێـــنـــدە هــــێــنـــم لەســـەر هــێــنــی تــێــکــەڵـــی هێن هێن ئەکا

تـــەمـــاشـــای ووشــــەی هـــێــن بـــکــە کــــەچــۆن هــەر واهــێن ئەکا

******

کەدەستم کەوت لــەســەردەستی بــەدەستی دەستــم  بــەرز ئـــەکــا

لەدەستی  دەستم  ئەترســــــــێ کە دەستی دەستم  بەرز  ئەکا

لـــەم هـــەمـــوو دەســتــە بـــەدەســـتم کەدەستی دەستە دەست ئەکا

لــەدەســتی دە ستم بــۆدە ستی دە ستم دەستی دە ســت ئــەکــا

کـــــەئـــەم دە ســتــە لــەســەر دەستە سەیری دەستی دەست ئەکا

لەدەستی دەستم لــــــەدەستم هــەر دەستی هەردەستی دەست  ئەکا

هێنـدە  دەســتم  لـــــە سەردەستی  تێکەڵی  دەست  دەست ئــەکــا

تـــەمــاشـای ووشـــەی دەســـت بکـەن کـەچـــۆن هەرلەدەست ئەکا



**بەناوی خوای گەورە**

**ووتەیەکی کورت لەبارەی کەم وکوڕیەکانی چاپی یەکەم:-**

**پێشەکی داوای لێبوردن لەخوینەرانی بەرهەمەکانم دەکەم بۆ هەرکەم و کوڕیەك هەبێت لەشیعرەکانم یان بابەتی نوسنەکانم یان هەڵی چاپ چونکە هەڵە چاپیەکان زۆر لەماناى شیعرەکانی گۆڕی بوو دووبارە داوای لێبوردن دەکەم وەخوای گەورەش لەهەمومان ببورێت لێبوردەیش چاك ترین وجوانترین دیاری مرۆڤایەتیە. بۆ ئاگاداری خوێنەرانی خۆشەویست هەموو چوارینەکان و پێنج خشتەکیەکانم لە چاپی دومدا لابردووە .**

**کردومن بە دوو کتێبی سەر بەخۆ**

**خوێنەرنی بەڕێز .....سەروەرمان دەفەرموێت هەموومرۆڤێك هەڵەدەکات بەلاّم چاکترینیان ئەوانەن کەداوای لێبووردن دەکەن، دووبارە داوای لێبوردن دەکەم لەهەموو خوێنەرانی بەڕێز**

**مامۆستا بەکر کانی هەمزەیی**

**٢٠١٥/٥/٧**